
دواڕۆژ
٢٠٢٠/١١/٢٧ـ ٧ی سەرماوزی ١٣٩٨ی هەتاوی، ساڵی هەشتەم، ژمارەی ٩٩
دووهەفتەنامەیەکی سیاسیی گشتییە، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان دەریدەکات
dwaroj@komala.com




## بانگەوازەکانی جلال مەلەکشا

هاواری زوڵاڵ، بە هەیبەت و شۆڕشگێڕانە دژی زوڵم و زۆرداری و زیندان

بێهرووز مەلەکشا

١٤



## کوشتنی ژنان و بەردەوام بوونی

ئاریز موحەممەدی

١٠

# ڕاپەرینی خەزەڵوەری ٩٨ی هەتاوی
# شۆڕشێک بۆ ئازادی، نان، ژیان و بەرابەری



سالێک بەسەر ڕووداوەکانی مانگی خەزەڵوەری ساڵی ٩٨ی هەتاوی تێپەڕ بوو، شۆڕشێکی جەماوەری کە تێیدا شەپۆلی جەماوەری نارازی لە بێ عدالەتی، فەقیری، ستەم ، فەساد و هەڵاواردن و برسییەتی خرۆشاو سنگیان کرد بە قەلغانی گولەو و بۆ ماوەی نیزیک بە شەش ڕۆژ شەقامەکانیان چۆڵ نکرد و ئێرانی ژێر دەسەڵاتی یەکێک لە هارترین ڕژیمەکانی سەردەمیان هێنانە لەرزە و هەژاند. جەماوەری ڕاپەریو کە نە شتێکییان بۆ لەدەست دان بوو نە بژاردەیەکی تریان بۆ هەڵبژاردن، لە ماوەیێکی چەن ڕۆژە بۆ هەتاهەتاییە تامی تاڵی هەرس هێنان و دامەڕمانیان نیشانی دەسەڵاتی ئیسلامی و سەرکوتگەر دا.

لە ماوەی چل سال تەمەنی کۆماری ئیسلامی خەلک لە دەرفەتی جۆراجۆر وەک بزووتنەوەی خۆێندکاران لە تیری ٧٨ کە قەوارە و بزاڤێکی جەماوەری بە خۆ گرت، و نارەزایەتی دربڕین بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ٨٨ هاتوونەتە سەر شەقام، بەڵام لە سالەکانێ ٩٦ و ٩٨ ، ئەو ئاخێزانە، دوو ئاراستەی تەواو جیاوازی بەخۆیەوە گرت کە خەلک نەک بۆ وەرگرتنەوەی دەنگەکانیان و یان داخۆازێکی پێشەیی بەلکوو بۆ نان و ژیان هاتنە سەر شەقام، جسوورتر و بێباکانەتر، بە پانتاییەکی زیاتر و ماوەیەکی درێژتر دسەلاتیان وە زاڵە هێنا، وڵامی ڕژیم بەڵام درندانەتر لە جاران بوو، زیاتر لە ١٥٠٠ کەس گیانیان لەدەستدا، هەزاران کەسیش دەستبەسەر کران.

ئەوەی بە ڕواڵەت ئەبیندرێ کووژانەوەی کاتی شۆڕشەکەیە بۆ ماوەیەک، بەڵام ئەوەی سەرکوت نەکراوە ئیرادەی گەلێکی وەزالە هاتووە کە سیستەمێکی پڕاوپڕ لە فەساد و گەندەڵی و چەوسانەوە بەڵام زەلیل لە ناوچەکە، نە تەنیا هیچ وڵامێکی بۆ داواکارییەکانییان نییە و هیچ هیوایەک بۆ دەربازبوونی لەو قیرانانە بەدی ناکرێ، و چاوەڕێیە دەرفەتێکی کەی دەست کەوێ و ئەوجار هیچ زەبر و زۆرێک ئاگری جسارەت و ئامانجە گەورەکەی کە هەمان کۆتایی هێنانی ژانێکی چل سالە نەکووژێنێتەوە.

## قوتابخانەی فرانکفۆرت و دەروونشیکاری

گەر ترس و کاولکاری(تاناتوس) سەرچاوەی سەرەکی فاشیزم پێکدێنێ، عەشق و خۆشەویستی (ئێروس) دەرفەت بۆ دێموکراسی دەڕەخسێنێ.

مارتین جەی
وەرگێڕان: ە - محەمەدی

٨

## ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست: تەنگەژەی ئاسایش و پێشبڕکێی چەکوچۆڵ

د. محەممەد حسێن زادە

٦

## دیاردەی جاش و ئاشتەوایی لە داهاتوو دا

«بەکرێگیراو» یان «جاش» کە لە زمانی خەڵکی عاممەی کورد دا زیاتر بەکارهێنراوە، بە کەسێک دەگووترێ کە دەستی دەگەڵ حکومەتی ناوەندی لە یەکێک لە بەشەکانی کوردستانی بندەست تێکەڵ کردووە و لە بڕی پارە یان ئیمکانات بە شێوەی نیزامی بە دژی خەباتی رزگاریخوازانەی گەلی کورد، هەڵس و کەوت دەکا و دەگەڵ ڕۆڵەکانی گەلی خۆی، بە شەڕ دێ.

کاوە حەسەن پوور

١٢



## لە یادی دکتۆر ئەفراسیاو حەلیمی (هەورامی)، شۆڕشگێڕی چەپی نەتەوەیی و مێژووناس

دامون- مەریوان

٥

## پیرۆزن ئەو ڕۆژانەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیان تا لێواری مەرگ برد...!

عەزیز ئاجیکەند

١٥

## سەروتار

### پرسی کورد، لە نێوان کۆماریەکان و دێمۆکراتەکانی ئەمریکا

پەرویز ڕەحیم زادە

پرسی هەڵبژاردەکانی سەرۆککۆماریی لە ئەمریکا بێگومان زۆربەی دەوڵەتان و جیهانی سیاسەتی لە ئاستێکی بەرفراوان بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە و هەر لایەنەو لە ڕوانگەی بەرژەوەندی خۆیەوە بەشێک لە پلانەکانی خۆی لەگەڵ ئەم پرسە بۆ داهاتوو هەڵدەسەنگێنێت کە چۆن دەکرێ لەو ئاڵ و گۆڕەی پێکهاتووە زۆرترین بەرژەوەندیی بۆ خۆیانی تێدا مسۆگەر بکەن. بێگومان لەم جیهانە لێک هەڵپێکراوەدا پرسی کوردیش ناتوانێ لە دەرەوەی ئەم ئاڵقەیە بێ و هەر گۆڕانکاریەک بە تایبەتی لە ئاستی زلهێزەکان دەتوانێ کاریگەریی دابنێت لەسەر بە هێزبوون یان لاوازبوونی ڕەوتی بەرەوپێشچوونی خەباتەکەی، بەڵام ئەمە بە مانای ئەوە نیە کە چارەنووسی کۆتایی و لەوانە پرسی کوردی پێوە گرێ درابێت. بۆیە ئەوەی هیوای لەسەر ئەوە هەڵچنیبێت بێگومان شتێک نیە جیا لە سیاسەتی پاسیڤیستی و خۆدزینەوە لە کاری چڕوپڕو جیددی بە مەبەستی ڕێکخستن و بەرەوپێشبردنی بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان بۆ گەیشتن بە مافەکانی.

ئەگەر خۆمان لەو خوێندنەوە کلاسیکە دەرباز بکەین کە دەڵێ ئەمریکا بۆ بەرژەوەندی خۆی پرسی کورد بە گشتی وەک کارتێک بە کار دەهێنێ یان ئەوەی قازانج و بەرژەوەندی ئەمریکا لە مانەوەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامیە، بە هۆی ئەوەی نانەوەی ئاڵۆزی لە لایەن ئەم ڕژیمە دەتوانێ بازاڕی چەک و چۆڵ گەرم رابگرێت، کاتی ئەوەیە لە دەلاقەیەکی دیکەوە ئەم باسە لێک بدەینەوە. یەکەم ئەوەیکە ئەمریکا لە پرۆسەی مێژوویی خۆیدا لە هیچ گۆشەیەکی ئەم جیهانە هەر لە ئەمریکای لاتینەوە تا ئەفغانستان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەک یارمەتیدەرو پشتیوانی بزووتنەوە ئازادیخوازەکان نەبووە بەڵکوو بە پێچەوانە لە دژی ئەوان، یان ڕەوتی ئیسلامی سیاسی بەهێزکردووە یان پشتیوانی ڕاستی توندئاژۆ لە دژی ئەو نەتەوە بندەستانە بووە کە هەوڵی سەربەخۆییان داوە. تەنانەت لە دوایین ئەزموونداکە هێرشی داعش ئاڵقەیەکی بەرینی هاوپشتی جیهانیی پێکهێنابوو، ئەمریکا بە کشانەوەی هێزەکانی لە ڕۆژئاوا بەستێنی تەواو لەباری بۆ هێرشی دەوڵەتی فاشیستی ئەردۆغانی بۆسەر ڕۆژئاوای کوردستان خۆشکردوو دۆناڵد ترامپ لە ئەوپەڕی بێشەرمیدا وتی ئێمە لە سووریە دەکشێینەوە چونکە لە عەرزی ئەم وڵاتە وشکە هیچ قازانجێکمان پێ نەگەیشت.

ئێستا پرسیار ئەوەیە کە بەدەسەڵات گەیشتنی دیمۆکراتەکان یان کۆماریەکان کامیان لە بەرژەوەندی پرسی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتە و دەکرێ لانیکەم بەشێک لە ئامانجەکانی خۆمانی تێدا ببینینەوە؟ ئەوەی لە ئەزموونی ئەو دوو لایەنە لە پرسی چۆنیەتی هەڵسووکەوت لەگەڵ ڕژیمی ئێران بە تایبەتی بینرا ئەوە بوو کە یەکەم هەر دێمۆکراتەکان بوون کە لە سەردەمی

...بۆ ل ٢

## درێژەی سەروتار

بزووتنەوەی سەوزدا پشتیان لەو ناڕەزایەتیە جەماوەریە ملیۆنیە کردوو لە بەرانبەریشدا ملیۆنان دۆلار پارەی دەست بەسەرداگیراویان بۆ ئەو ڕژیمە ئازاد کرد تا بتوانێ هەم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئازادانە تەراتێنی تێدا بکاو لە ناوخۆیشدا هەر ناڕەزایەتیەک سەرکوت بکا، وە لەو لاشەوە دەوڵەتی ترامپ بە ئاشکرا ڕایاندەگەیاند کە بە شوێن گۆڕانی ڕژیمی ئێران نین و تەنیا گۆڕانی ڕەفتاری ڕژیمیان دەوێ و هاوکات کوردی وەک شەرکەرێک ناودەهێنا، وەک ئەوەی کۆی سرووشتی ئەم خەڵکە خۆی لە شەڕدا دەبینێتەوەو وەک بە وتەی هەندێک لە سێناتۆرەکانیان، کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست شەڕی بە وەکالەت بۆ ئەوان دەکات. کەواتە نەک هیوا هەڵبەستن بە ئەمریکا و تەنانەت پێکهێنانی هەندێ ناوەند بۆ قسەوباس لەگەڵ ئەمریکا کاریگەریی نیە بەڵکوو وزەو توانایی کاری پراکتیکی ئەو هێزانەش لەو پرسە بە فیرۆ دەبات و لەوە زیاتر سیاسەتی چاوەڕوانی مەجالی کاری سەربەخۆمان لێ دەسێنێتەوە. بە دوو هۆکاری زۆر گرینک دەتوانین بڵێین کە گرتنە پێشی سیاسەتی خۆهەڵواسین بە هێزی دەرەکی بۆ ئاڵوگۆڕ وەک ئەوەی تا ئێستا بینرا هیچ بەرهەمێکی جیا لە ناهومێدی بە دواوە نابێت. یەکەم ئەوەیکە پرسی کورد وەک مافی بێ ئەملاولای کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بۆ بڕیاردان لە چارەنووسی خۆیان بۆ گەیشتن بە مافی سەربەخۆیی بێ هیوا دەکات و ئەم پرسە بە پرسی کێشەی گشتی لە ئێران دەبەستێتەوە، کە ئەگەروابێ لانیکەم چاوەڕێ دەکرێ چارەنووسی ئەم میللەتە بۆ دەیان ساڵی دیکەش بە هەڵپەسێردراوی بمێنێتەوەو کورد نەک وەک فاکتۆرێکی سەربەخۆ بەڵکوو وەک بەشێک لە تەواکەرکردنی پرسێکی گشتی لە ئێران پێناسە دەکات، دووهەمیش لە ڕاستیدا لۆبی ئێرانیی لە ئەمریکا بە سەدان قاتی کورد بە هێزترە کە کورد مەجالی ئەوەی هەبێ کە سەرنجی سیاسەتی ئەمریکا بۆ لای خۆی ڕابکێشێت.

مێژووی کارکردی دیمۆکراتەکانی ئەمریکا نیشانیداوە کە ئەوان لە ئاستی سیاسەتی دەرەوە، بەرەی ئیسلامی سیاسی بەهێز دەکەن و کۆماریەکانیش ڕاستی توندئاژۆ دەجووڵێنن کە لە ئەنجامیدا کورد ناتوانێ قازانج و بەرژەوەندی خۆی لە هیچکام لەوانە ببینێتەوە، چونکە یەک لەوانە ڕژیمی ئێران لە خۆیدا نوێنەرایەتی ئیسلامی سیاسی دەکات و ئەمەش ناتەبا لەگەڵ سیاسەتی دەرەوەی دێمۆکراتەکانی ئەمریکا نیەو شوینیزمی ئێرانیش کە خۆیان لە پێستی دیمۆکراسیخواز شاردۆتەوە دەتوانن لە بە دەسەڵات گەیشتنی کۆماریەکان زۆرترین قازانج وەربگرن و جارێکی دیکە خەڵکی کوردستان بکەوێتەوە بەر پەلامارو هێرش.

کەواتە بۆ هەر هێزێکی ئازادیخوازو تێکۆشەر کە باوەڕی بە چارەنووسی خەڵکی کوردستان بێت و هیوای ژیانێکی سەربەستانەو شیاویان بۆ بە ئاوات بخوازێت، ئەوە بە پلەی یەکەم و بە لانی زۆرەوە ڕێکخستنی خۆی و تێهەڵچوونێکی سەرلەنوێی جیددیە لە خەباتێکی بێ پسانەوە کە بتوانێ لە ئاکامی بەرەوپێشچوونیدا چۆک بە بیروڕای گشتی لە ئاستی جیهان بهێنێ و پێیان بڵێ کە پرسی کورد نە پرسی شارۆمەندیەو نە پرسی مافی مرۆڤ یان کۆمەڵێک خەڵک کە تووشی لێقەوماویی و ئاوارەیی بوون و دەبێ یارمەتیان بکرێ، بەڵکوو وەک پرسێکی سیاسی بۆ جەماوەرێکێ ملیۆنی کە ئاواتیان گەیشتنە بە پێگەی شیاوی مرۆڤ لە کیانێکی سەربەخۆ دەبێ خۆی وێنا بکات. وە بێگومان ئەوە تەنیا گەشەی خەباتی خەڵکی کوردستان لە دەوری ڕێبازێکی سیاسی ڕوون و یەکگرتووە کە هەم دەتوانێ هاوسەنگی هێز لە ئێران و ناوچەکە بە قازانجی خۆی بگۆڕێ و دواتریش هەر گەشەی دێمۆکراتیکی ئەم خەباتەیە کە دەتوانێ سەرنج و پشتیوانی جیهانیی بۆ لای خۆی ڕابکێشێت.

# ڕاپەڕینی مانگی خەزەڵوەری خوێناویی:

## هاوکات لەگەل گران بوونی بەنزین خوێنیش بێ نرخ بوو.

**سەیران مستەفازادە**



یەک ساڵ بە سەر ڕاپەڕینی خوێناوی مانگی خەزەڵوەری ساڵی ۱۳۹۸ دا تێپەڕی . خەزەڵوەری خوێنین کە لەگەڵ وەرینی گەڵاکان ، خەڵکی بێ تاوان بوون بە قوربانی زوڵم و کوشتار لەلایەن ماشێنی ترۆری کۆماری ئیسلامی و مرۆڤەکانیش وەک گەڵای دارەکان وەرین و پەرپەڕ بوون. سەرلەبەیانی ڕۆژی هەینی کاتێک کە خەڵک لە خەو هەڵدەستن لە ناکاو لەگەڵ بەرزبوونەوەی سێ قاتی نرخی بەنزین ڕووبەروو دەبنەوە . شیرکەتی نەوتی ئێران بەبێ ئاگاداریی پێشوو لە نیوەشەوی ۲٤ ی خەزەڵوەری ساڵی ۱۳۹۸ ڕایگەیاند کە جیرەبندی بەنزین دەست پێکرا و نرخی هەر لیتر بەنزینی جیرەبندی ۱۵۰۰ تمەن و نرخی هەر لیتر بەنزینی ئازاد لە ۱۰۰۰ تمەنەوە بوو بە ۳۰۰۰ تمەن . ناڕەزایەتییەکان سەرەتا لە گەڕەکە فەقیر نشینەکانەوە و بە شێوەی ئاشتی خوازانە دەستی پێکرد و زۆر زوو بوو بە ڕاپەڕینێکی گەورە بە دژ ی ڕژیمی ئێران وزیاتر لە سەد شاری گەورە و چکولەی گرتەوە . بە دوای ڕاگەیاندنی ئەو هەواڵە، خۆپیشاندان لە شارەکانی تاران، ئەهواز، کرماشان، سنە، جوانڕۆ، مەریوان، ورمێ ، بۆکان،سیرجان و شیراز دەستی پێکرد ولە ماوەیەکی کەمدا شارەکانی تری وەک بەندەر عەباس، ئیسفەهان، کرمان، قەزوین، ماهشەهر، گەچساران، خوڕەم شار، بابول، ڕەشت، بیرجەند، جیروفت، شوشتەر، ئەندیمشک، کازروون، بێهبەهان، بووشەهریشی گرتەوە. خەڵکێک کە تەنیا بۆ وەرگرتنی مافەکانیان و دەربڕینی ناڕەزایەتی خۆیان سەبارەت بە گرانی و بارودۆخی خراپی ئابووری بە شێوازی ئاشتیخوازانە هاتبوون بۆ سەر شەقامەکان لەگەڵ سەرکوتکردن و توندوتیژی هێزەکانی ئەمنیەتی ڕژیمی ئێران ڕووبەروو بوونەوە. خۆپیشاندەران بە دژی ئەو توندوتیژیانە بوێرتربوون. هیزەکان و بەرپرسانی ڕژیم خۆپیشاندەرانیان ئاژاوەگێڕ و خراپکار ناو نابوو. لە ڕۆژی ۲۵ ی خەزەڵوەر بە فەرمانی ئەنجومەنی ئاسایش ئینترنێت لە سەرانسەری ئێران ڕاگیرا و بەرپرسانی ڕژیم کاتی وەسل بوونی ئینترنێتیان نادیار ڕاگەیاند و هۆکاری ڕاگیرانی ئینترنێتیان ئەمنیەتی دەربڕی. سەرەڕای ڕاگرتنی ئینترنێت خەڵک هەواڵەکانی خۆپیشاندانەکانیان بە وێنە و ویدیۆ بڵاودەکردەوە. ویدیۆ و وێنەکان نیشانیان دەدا کە ڕژیمی ئێران لە ئامرازی شەڕ بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ خۆپیشاندەران کەڵکیان وەردەگرت. هەر لە ماوەی ٤٨ کاتژمێردا دوای ڕاگرتنی ئینترنێت ۲۲۰ نەفەر کوژران . ئامارەکانی نافەرمی ژمارەی کوژراوەکانی مانگی خەزەڵوەریان زۆرتر لە ۱۵۰۰ کەس نیشان دا، ئەوە لەحاڵێک دایە کە ڕژیم حاشای لەو ئامارە کردووە و ئاماری دروست دەشارێتەوە. لە ناو کوژراوەکان زۆرتر لە ۲۳ منداڵ هەبوون کە تەمەنیان لە ژێر ۱۸ ساڵ دا بوو. سەبارەت بە ژمارەی دەستبەسەر کراوان ئاماری دروست لەدەست دا نیە . ئامارەکان نیشاندەری توندوتیژییەکی زۆر و زەبەند و سەرکوتکردنێکی توندی ڕژیمی ئێران بوو کە تەنیا لە بەر گیروگرفتی ئابووری هاتبوونە سەر شەقامەکان و لە بارودۆخێک کە هاتبووە ئاراوە ناڕازی بوون . لە کوردستانیش خەڵک لەو شەپۆلە وەدوا نەکەوتن. سەرەتا لە مەریوان خەڵک بە ڕاخستنی سفری بەتاڵ لە سەر شەقامەکان ناڕەزایەتی خۆیان دەربڕی هەروەها لە بانە خەڵک بە سواربوونی سێ چەرخە ی منداڵان بە شێوەی سەمبولیک ناڕەزایەتی خۆیان دەربڕی بەڵام ڕژیم بە شێوازی توند لەگەڵ خۆپیشاندەران ڕووبەڕوو بۆوە. بەرەنگاربوونەوەی ڕژیمی ئێران لە گەڵ ناڕەزایەتییەکان لە کوردستان زۆر فراوانتر لە ناوچەکانی دیکەی ئێران بوو و ئەوش نیشاندەدات کە ڕژیمی ئێران لە ڕاپەڕینی گەلی کورد ترسی هەیە . گەلی کورد ماوەی چل ساڵە بە دژی ڕژیمی ئێران خەبات دەکات . خەباتی خەڵکی کوردستان هۆکاری زۆری هەیە، وەک کوشتنی ڕۆژانەی کۆڵبەر، لە سێدارەدانی لاوانی کورد ، دەستبەسەر کردنی خەڵکی کورد بە تۆمەتی جۆراوجۆر و پێدانی حوکمی قورسی زیندان بۆ بەندکراوەکان ، بڵاوکردنەوەی بەربڵاوی مادە هۆشبەرەکان لەناو گەنجان و لاوان دا و... ئەو خاڵانە بوونەتە هۆکاری بەشداری زۆربەی خەڵکی کوردستان لە خۆپیشاندان . بە پێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی زیاتر لە ٤٤ کەس لە پارێزگای کرماشان ، کوردستان و ورمێ کوژراون . تەنیا لە شاری جوانڕۆ سەر بە پارێزگای کرماشان ١٤ هاووڵاتی کورد کوژران . ئەو ویدیۆیانە وا لەو شارە بڵاوکراونەتەوە نیشان دەدات کە هێزە چەکدارەکانی ڕژیم لە سەربانی دادگای شۆڕشی ئەو شارە تەقەیان لە خەڵک کردووە . گەلی کورد بە پێچەوانەی خۆپیشاندانی ساڵی ۹٦ کە بەشدارییان نەبوو ، لە خۆپیشاندانی ساڵی ۹۸ پێشڕەو بوون و بە هۆی پێگەی سیاسی تایبەتی کوردستان سەرکوتکردنی خەڵک لە شارەکانی کوردستان سەد قات زیاتر بووە. زیاتر لە سەدان کەس لە پارێزگاکانی کرماشان و کوردستان لە خۆپیشاندانی خەزڵوەر دەستبەسەر کراون کە تا ئێستا زۆربەیان لە بەندیخانەکان ماونەتەوە و حوکمی قورسی زیندانیان بەسەردا سە پاوە. بە پێی ئاماری تۆمارکراو لە ناوەندی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردپا، ژمارەی کوژراوەکان ٤٤ کەسە، هاوکات سزای زیاتر لە ٥٠ ساڵ زیندان و ۳۰ زەربە قامچی بەسەر ۱۷ کەس لە گیراوەکاندا بەڕێوەچووە. ڕژیمی ئێران بۆئەوەی کە تەرمی کوژراوەکان ڕادەستی بنەماڵەکەیان بکات داوای پووڵی لە بنەماڵەی کوژراوەکان کردووە و زۆربەی گیراوانی ناچار کردووە بە قبووڵ و دانپێدانانی کارێک کە نەیانکردووە ، یا ناوی شەهیدی ڕژیمی ئێران بۆ منداڵەکانیان کە بە شێوازیکی زۆر بێ ڕوحمانە بوون بە قوربانی تۆمار بکەن . لە ناو کوژراوەکانی کوردستان ٤ کەس تەمەنیان ژێر ۱۸ ساڵ بووە . ئامارەکانی نافەرمی ژمارەی دەستبەسەرکراوانی لە شارەکانی جۆراوجۆری کوردستان نێوان ۱۰۰۰ بۆ ۲۰۰۰ کەس هەڵسەنگاندووە کە ئەو ئامارە لە سەرتاسەری ئێران دەگاتە نیزیک بە ۷۰۰۰ کەس . لە ناو گیراوانی کوردستان تەنیا شوناسی ۲٤٥ کەس تا ئێستا ڕوون بۆتەوە. گیراوەکان لە گرتووخانەکانی سپای پاسداران ڕادەگیران و بۆ وەرگرتنی دانپێدانانی زۆرەملێ ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونی دەکران . دەستبەسەر کرانی شەوانە لە مەریوان تاماویەکی زۆر بەردەوام بوو و زۆربەی گیراوان لە شارەکانی کوردستان بە هاوکاری لە گەڵ حیزبەکانی کوردستان تۆمەتبار کراون و وایان نیشان دەدا کە ئەو خۆپیشاندەرانە لەگەڵ حیزبەکانی دژبەری ڕژیمی ئێران لە پێوندەی دان . شەش ڕۆژی پێچوو تا یەکیەتی ئەورووپا سەبارەت بە ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران و سەرکوتکردنی خەڵک کاردانەوەی هەبێت .ئەوساڵ کە کۆتاییەکانی ساڵی ۹۹ یە ڕژیمی ئێران لە قۆناغێک دایە کە خەڵک لە باری ئابووری و ئاسایی زۆر خراپترن لە ساڵی ۹۸ . ئێران لە هەموو بوارەکانی ناوخۆ و دەرەوی وڵات لاواز بووە و هێز و توانای وەڵامدانەوەی بە پێداویستییەکانی خەڵک نیە و بەستێنێک بۆ گۆڕانکاری هەمە لایەنە ساز بووە. سزاکانی ئامریکا، گەندەڵیی زۆر و لێنەهاتوویی دەسەڵاتدارانی ڕژیمی ئێران لە هەموو بوارەکان بۆتە هۆی ئەوەی کە لە ئان و سات دایە کە ئەو بەرمیلە باڕووتە بتەقێتەوە.

# ئاوڕێک بەسەر ڕووداوەکانی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٩٨ی هەتاویدا

زاگرۆس بانە

ساڵێک بەر لە ئێستا و هاوکات لەگەڵ بەرزبوونەوەی ٢٠٠٪ی نرخی بێنزین ، لە ٢٤ی خەزەڵوەری ساڵی ٩٨ی هەتاویدا ، ناڕەزایەتی و سەرهەڵدانی جەماوەری و سەراسەری لە زۆربەی شارەکانی ئێران دەستی پێ کرد. ناڕەزایەتییەکان سەرەتا دژی بڕیاری گران کردنی بێنزین بوو بەڵام دواتر بەرەو تەقینەوەی کۆمەڵایەتی و تا ئاستی شۆڕشێکی بنەڕەتی بۆ دەرباز بوون لە کۆماری جەهل و جەنایەتی ئاخوندی پەرەی سەند. بە شێوازێک کە لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتیەوە لە مێژووی کۆماری ئیسلامیدا بێ وێنە بوو. زیاتر لە ١٥٠ شاری ئێران بوونە مەیدانی ناڕەزایەتی و جووڵانەوە لە دژی دیکتاتۆریی ٤٢ ساڵەی دەسەڵاتدارانی تاران. سەدان هەزار کەس لە گەلانی ژێر دەستە و ئازادیخوازی ئێران بە دروشمی ژیرانە و ئاگری ڕق و تۆڵە سەندەوە ڕژانە سەر خیابانەکان و بەدەنەی سیاسی و نزامیی ڕژیمیان هێنایە لەرزین. شۆعارەکان بە گشتی دژی ڕژیم و بە مەبەستی ڕووخاندنی کۆماری ئاخوندی بوون. ئەمجارەیان گەلانی ئێران بێ جیاوازی و بە دروشمی نان، کار، ئازادی و دەیان شۆعاری چەپ و سوسیالیستی هاتبوونە مەیدان و ژن و پیاو و لاو و پیر ، هەموو یەکدەنگ بە نەعرەتەی مەستانە و هاواری پەنگ خواردووی پێنج دەیە ژێردەستەیی و چارەڕەشی، شەقامیان هەژاند و دەست و پێوەندەکانی ڕژیمیان تۆقاند. لە بەرامبەردا هەر لە سەرەتای ناڕەزایەتیەکانەوە ماشینی سەرکوت و ئێعدامی ڕژیمی سێدارەی مەزهەبی ، بە ئەزموونی ٤٢ ساڵ جەهل و جەنایەت ، کەوتە کار و بێ گرنگیدان بە هیچ چەشنە مافێکی ئینسانی و بەهایێکی کۆمەڵایەتی، لەوپەڕی دڕندەیی و خوێنڕێژیدا پڕۆسەی سەرکوت، کوشتن، ئێعدام، ئەشکەنجە و زیندانی دژ بە بزوتنەوەی جەماوەری گەیاندە لووتکە. بۆ ئەم مەبەستە لە هەموو شارەکانی ئێران ئامادە باشی ڕاگەیێندرا و هێزە ئەمنییەتییەکان بە ئاشکرا و بە جلی مەدەنی هاوکات لە گەڵ بەسیجییە شڕەخۆرەکانی سپای پاسداران جێگیر کران و لە ڕێگای هێزی تایبەتیی سەرکوت ، بە ڕێگباری موسەلسەل و تاک تیرهاوێژی قەناس بە دەست ، دژی خەڵک وێستانەوە . شەڕ و پێکدادانی نێوان خەڵک و هێزە سەرکوت کەرەکانی ڕژیم زیاتر لە دە ڕۆژ بەردەوام بوو و لە ئاکامدا بە پێی هەواڵی ناوەندەکانی ڕاگەیاندن بە تایبەتی ئاژانسی هەواڵی ڕۆیتێرز ، لە زمانی بەرپرسێکی باڵای حکومەتەوە ، ١٥٠٠ گەنج و لاوی هەژار و ئازادی خواز کوژران و زیاتر لە دە هەزار کەس زیندانی و شکەنجە کران. هەر وەها سزای قورس و ئێعدامیان بە سەر زۆربەی گیراواندا سەپاند؛ هاوکات بەشێکی بەرچاوی هێزەکانی ڕژیمیش کەوتنە بەر پەلاماری جەماوەر و بریندار و کوژراویان لێ کەوتەوە و زۆربەی بانک و ماشینە نزامییەکان لە لایەن خەڵکەوە سووتان و تالان کران . هێزە جل مەدەنییەکانی ڕژیم وەکوو نەریتی بێ ئەخلاقانەی هەمیشەییان بۆ چەواشەکاری و بەلاڕێ بردنی ڕای گشتی و بزوتنەوەی جەماوەری ، پەلاماری ماشین و دوکانی خەڵکی مەدەنیان دا، کۆگاکانیان تالان کرد و خەسارێکی زۆریان بەرخستن. هاوکات لە گەڵ دەسپێکی ناڕەزایەتییەکان شوڕای باڵای ئەمنیەتی ئێران دەستوری پچڕانی تۆڕی ئینتێرنێت و تەلەفوونی دا و لە بەشێکی بەرچاوی ناوەندەکانی شایانی باسە ناڕەزایەتییەکان لە شار و گەڕەکە کرێکاری و هەژار نشینەکانەوە دەستی پێکرد و دواتر وردە بۆرژوازی و چینەکانی دیکەی نا ئەو کەوانەیەش پەیوەستی بوون. ئەمەش بۆ جارێکی دیکە ئەو ڕاستییەی ئاشکرا کرد کە بزوتنەوەی سەردەمیانەی گەلانی ئێران، کرێکاران و برسییەکان لە کەناری شۆڕش لەنگەری پێ دەگرن. هەڵبەت ڕەنگە بۆ بەشێکی بەرچاوی گەلانی ئێران ئەم کردەوانەی ڕژیم کەمتر نامۆیی هەبێت. بە تایبەتی لە ئیلام و کوردستان و لۆڕستان و خۆرمووا تا دەگاتە خۆپیشاندەران دژی کۆماری ئیسلامی ، ڕێکۆردێکی نوێی تۆمار کرد و ڕچە و ڕێی خۆش کرد بۆ ئاڵوگۆڕی دوایی و ڕاگرتنی دوا هەناسەکانی دیکتاتۆریی مەزهەبی لە ئێران. ڕێژەی بەشداریی ژنان و یەکدەنگیی کرێکاران، زانکۆییەکان، مامۆستایان و زۆربەی چینەکانی کۆمەڵگا خاڵی گرینگ و پۆزیتیڤی ناڕەزایەتییەکانی مانگی ئابان بوو. بەڵام بە داخەوە لە لایێکی دیکەوە بێدەنگیی بەشێکی دیکەی کۆمەڵگا لە ئاست ئازار و خواستی خۆپیشاندەران شتێکی حاشا هەڵنەگر و هۆکاری بنەڕەتیی



ناڕەزایەتی هاتووچوو قەدەغە کرا. لە سێبەری تاریکیی دیجیتاڵ و سانسۆری خەبەریدا هەزاران جەنایەت ڕوویدا و حکوومەت لە هەندێ شوێنی وەکوو کرماشان و ماهشەهر تەنانەت تا ئاستی کۆمەڵکوژی و جەنایەت لە دژی بەشەرییەت پێشێلکاریی کرد. لە ئەنجامیشدا هیچ بەرپرسێکی وڵات بەرپرسیارێتیی پچڕانی ئینتێرنێت و سانسۆری خەبەریی ناڕەزایەتییەکانی لە ئەستۆ نەگرت و ئاماری ڕاستیان سەبارەت بە کوژراو و زیندانی و بریندارەکان ڕانەگەیاند. پاڕلمانی کارتۆنیی ڕژیم لە یەکەم ڕۆژی پێکدادانەکان داوای بایەخ دان بە خواستی خەڵک و گەڕانەوەی نرخی بێنزینی کرد بۆ نرخی پێشوو ، بەڵام دوابەدوای فەرمانی حکومەتیی خامنەیی جەنایەتکار بۆ سەرکوتی خۆپیشاندەران، ئەوانیش لە بڕیارەکەیان پاشگەز بوونەوە و گوێ لە مشتی ڕێبەری کۆماری جەهل و خوڕافە و ئاغاکانیان بوون. ئەگەرچی خۆپیشاندەران بە هەموو هێز و توانایان لە هەمبەر پیلانی جەللادانی حکوومەت وێستانەوە و لە دەیان شوێن ئاڵای کۆماری ئیسلامی و وێنە و پەیکەری ڕێبەرانی ڕژیمیان سووتاند، بەڵام لە ئاکامدا ئەمجارەش ڕژیم توانیی هەناسەیێک بدا و لە دۆزەخی قینی تۆڵەی گەلان ڕزگاری بێت ...

ورمێ و ماکوو و سەڵماس، گەلی ئێمەی کورد نزیکەی سەد ساڵە ئاشنای سیستمی دیکتاتۆری و پاوانخوازیی ڕژیمە یەک لە دوای یەکەکانە و بە سەدان بیانوی جۆراوجۆر ، ڕووبەڕووی هەڕەشە و سەرکوتی دامەزراوە سیخوڕی و سەربازییەکانیان بۆتەوە؛ کەم نین ئەو لاوە کوردانەی کە بوونەتە قوربانیی ئێعدام و زیندان و ڕەشکوژیی ڕژیمی ئاخوندی. کوردستان خۆی بە تەنیا ئەوەندەی هەموو جوغڕافیا و دانیشتووانی ئێران مێژووی دیار و تۆمار کراوی هەیە لە بەرەنگاری و قوربانیدان لە پێناو ماف و ئازادیدا. هەر چۆنێک بێت گرانیی نرخی بێنزین و دوابەدوای ئەو هەموو شتومەکی پێویستیی ژیان لە خەزەڵوەری ٩٨ی هەتاوی، بوونە هۆکاری بەردەوامیی زنجیرەی بزوتنەوە جەماوەری و چینایەتییەکانی ئێران. هەر وەکوو دەزانن بە فەرمانی ڕاستەوخۆی خامنەیی و بە مەبەستی ترساندن و تۆقاندنی خەڵک، ماشینی سەرکوت و ئێعدامی ڕژیم بە کەڵک وەرگرتن لە هەموو هێز و توانای سەربازی و ئەمنی بۆ دامرکاندنی ناڕەزایەتیەکان و شەڕی خیابانی کەوتە کار . ئەگەرچی سەرکوت و کوشتاری خەڵکی ناڕازی و هەژار لە بێدەنگی و سانسۆری خەبەریدا بەڕێوە چوو بەڵام ئەمجارەیان جەسارەت و گڕی

نەگەیشتنە ئامانجی ئەم بزوتنەوە ناڕەزایەتی و جەماوەریە بوو ؛ تا جێگایێک کە موحەممەد ڕەزا باهونەر ، کەسی ناسراوی باڵی بناژۆخوازی ڕژیم بە ئاشکرا دەڵێت : لە بەر ئەوەی بەشێکی خەڵک سەیرکەر بوون و پەیوەستی ناڕەزایەتییەکان نەبوون کۆ کرایەوە ، ئەگینا بەرەو شۆڕش یان شۆڕشی مەخمەڵی دەڕۆیشت و بە هیچ شێوەیێک کۆ نەدەبووەوە. هەروەها سالار ئابنووش فەرماندەی عەمەلیاتی بەسیج دەڵێت : ڕەوتی خۆپیشاندانی خەزەڵوەر شەڕی جیهانی دژی ڕژیم بوو و تەنیا خوا ئێمەی ڕزگار کرد ! ئەم لێدوانانە دەلالەت لەوە دەکەن کە پڕۆسەکە لە یەک هەنگاویی سەرکەوتن و گەیشتنە ئامانجدا وەستێندرا و هۆکارەکانیشی بە گشتی لە چوار خاڵدا دەبیندرێتەوە :

□- خەمساردیی بەشێکی کۆمەڵگا لە ئاست کێشەکانی

□- نەبوونی ڕێبەرایەتی و ئاڵتێرناتیوێکی گشتی

□- پاسیڤیسمی جیهانی بەرامبەر دیکتاتۆری و چەوساندنەوەی گەلانی ئێران بە هۆی ململانێی سەرمایەداریی بەرژەوەندی خواز

٤- لاوازی و بێ پرێنسیبیی ئۆپۆزیسیۆن

بە جورئەت ئەتوانین بڵێین خۆپیشاندانەکانی خەزەڵوەری ٩٨ خاڵی وەرچەرخانی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازانەی گەلانی ئێرانە و چالاکانی سیاسی و مەدەنی دەتوانن لە هەموو ڕوویێکەوە خوێندنەوەی تازەی بۆ بکەن و ئەزموونی لێ وەر گرن. هەر وەها ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیش بە تایبەتی شۆڕشگێڕانی چەپی کوردستان ئەبێت بە شیکاریی چینایەتی و کۆمەڵایەتی لەم بوارەدا پێداچوونەوەی جیددی بە بڕیار و مانیفیستی خۆیاندا بکەن و پاڵنەر و پاڵپشتی هێز و بەدەنەی کۆمەڵایەتیی کوردستان بن بۆ ڕووخاندنی ڕژیمی کۆنەپەرەستی ئاخوندی . چالاکانی سیاسی و مەدەنیی کوردستان لەم ڕووداوانە وەکوو هەمیشە پێشڕەون جێ پێیان دیار و بەرجەستەیە . لە خەزەڵوەریشدا بە تایبەتی شارەکانی کرماشان، مەریوان، سەقز، بۆکان، ورمێ و هتد حیماسەیان خولقاند و دەیان ڕۆڵەی بە جەرگ خۆیان کردە قوربانیی ئازادی و کەرامەتی ئینسانی. لە ئێستادا پێویستە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات پێش هەموو شتێک شۆڕشی دەروون حیزبی بۆ ڕەخنەگری و وەرگرتنی ڕەخنە لە خۆیان بەڕێوە ببەن تاکوو لە دواڕۆژدا نەبنە پاشکۆی گۆڕانکارییەکان و هەروەها بە پێی زەرووڕەت هەنگاو بنێن بۆ جوڵەیێکی ڕادیکاڵ و جیددیتر بە مەبەستی یەک خستنی ماڵی ناوخۆیی خۆیان و خاوەنداریێتی کردن لە گەل و نیشتمان. ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە و بەردەوام لە ژێر هەرەسی ڕەخنە و زوومی بیرمەندانداپە، سڕی و بێ هێزیی حیزبەکانی وەکوو کۆمەڵە، دێموکرات و پژاکە بە هەموو باڵەکانیانەوە. بە داخەوە حیزبە کوردستانییەکان لە حەرەکەتێکی ڕادیکاڵ و شۆڕشگێڕییەوە تا ئاستی مت بوون لە ناو ئۆردوگا و قەناعەت کردن بە دوو وتار و بەرنامەی تەلەفزیۆنی لە خاکی ئوروپا دابەزیون. دەیان ساڵە کوردانی ڕۆژهەڵات چاوەڕێی حیزبەکانن و بۆ ئەم مەبەستە سەدان و هەزاران ڕۆڵەی خۆیان ناردۆتە ناو ڕیزەکانی پێشمەرگە و گەریلاوە ، بەڵام بە داخەوە لە بەرامبەردا وەکوو پێویست وەڵامیان وەرنەگرتووە . ئەمەش وایکردووە بێ متمانەیی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زۆر ببێت و ئێستاکە وای لێ هاتووە چیتر گەلی کوردستان وەکوو پێشوو بەها بە حیزبایەتی نادەن و ئەمەش بۆتە هۆکارێکی دیکە بۆ ڕەخنەی زیاتری هێزەکانی ڕژیم لە هەموو ڕوویێکەوە و بە پایەگا کردنی کوردستان. چیتر مێژوو خەمساردی و ئۆردوگا نشینیی پێ قبووڵ ناکرێت، ئەبێت هەرچی زووتر لە نێوانی دوو ڕێیانەی پاسیڤیسم و ڕادیکاڵیسمدا حیزبەکان هەڵبژاردن بکەن. ماڵ و حاڵی کورد بە موحافزە کاری و وریتە وریتی دێموکڕاسیی ڕۆژئاوایی ، ئاو نابێت...

# بار و دۆخی گشتیی چینایەتی و نەتەوەیی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات

ئاژوان_سنه

لە کۆمەڵگای کوردستان بە پێ بەراوەردێکی مەیدانی هەل و مەرجی ژیانی کۆمەڵایەتی لە ئاستێکی نزم تەنانەت بە نیسبەت چەن ساڵی ڕابردوو دایە.توێژینەوە لە سەر ئەم دێرانە و تیتری ئەم نووسینە پێویستی بە کاری ئاکادمیک و لێکۆڵینەوەی چڕی مەیدانی و زانستی هەیە،بەڵام بە گوێرەی داتاکان و ژیانی ڕۆژانە زۆر شت هەن کە بە بێ لێکۆڵینەوەش گوتنیان دوور لە داتاکانی زانستی کۆمەڵناسی نییە.

## خەباتی چینایەتی

سەرەتای سەدەی بیست و یەکەم پرۆسیسێکە لە شکڵگیری مێژوویی ئاشکرای بەردەوام لە ململانیی چینایەتی ، کە بەردەوام لە دەوورانیک بۆ ئەوی تر کاریگەریی لەسەر ژیانی کۆمەڵگا و هاوکێشە سیاسیەکانی دیاری دەکات. ڕوخساری ژیانی ئەمرۆی کۆمەلگای ئێران و کوردستان هەرچیەک بیت بەتەواویی لەژێر گاریگەریی و ناکۆکییەکانی هێزی بەرهەمهینان و پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیدایە. هەرچەندە کە فۆرمی شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری ئەم سەدەیە هاوچەرخیتر و گەشەسەندووترە لە ڕابردووی خۆی، بەڵام خۆشبەختی و ژیانێکی ئاسودەی لەگەڵ خۆیدا نەهێنا بۆ مرۆڤایەتی وەک ئەوەی سەرمایەداری خەریکی بەوەهمکردنی بوو. سەرباری ئەوەی ژمارەی بیکاری و دەرکردنی کرێکاران لەسەر کاریان بەردەوامە و لەسەرتاسەری جیهاندا ڕێژەیان دەڕواتە سەرەوە، بەڵام قەیرانەکانی سەرمایەداری قولتر دەبێتەوە و چارەسەری قەیرانەکان گەیشتۆتە خاڵی کۆتای وبنبەست. دابەشکردنەوەی نا مۆناسبی کار، هەژاریی، بێکاری، برسیەتی، پیسبوونی ژینگە، جەنگ و وێرانکاریەکان، سەرهەڵدانەوەی فاشیزم، تیرۆریزمی ئاینی، وێرانکردنی ژیانی مندالان و بێنرخ بوونی مرۆڤی خانەنشین و پەکەوتە، ☐ بەهەمان شێوە زۆرتردەبن و لەناو سیستەمی حکوومەتی ئیسلامی لەچەندان فۆرمی جیاوازدا هاوچەرخ دەکرێنەوە.لەگەڵ هەموو ئەو ناتەباییەی ڕژیمی سەرمایەداری ئیسلامیدا، بەهەمان شێوە خەباتی زەحمەتکێشان بۆ شۆڕش و ئالوگۆر لەناو پێکدانە چینایەتیەکاندا هاوچەرخ بۆتەوە. کرێکاران و زەحمەتکێشان وەک هێزێکی زۆرینەی ناو کۆمەڵگا سەرباری سەرهەڵدان و شکستەکانی ڕابردوویی، بەهێزەوە دەرکەوتۆتەوە. لە ئیرانی ژێر دەسەڵاتی مەلاکان دا ،زۆرێک لەوبیروباوەرە ڕاستڕەوانە و ئەو تێوریانەی کە ئاڵای کۆتایی جێاوازی چینایەتی و خەباتی سۆسیاڵیستانەیان بەرزکردبوویەوە وە لە لێکدانەوەکانیاندا خاڵی کۆتاییان بۆ پرۆسەی مێژوویی دانا و بازاری ئازاد و لیبرالیسمیان بە دوا بژاردە دیاریکرد، بەڵام لە دوای تەنها قەیرانەکانی ئابووریی تیوریەکانیان کەوتنە کەنارەوە و مەترسی هەرەسی سەرمایەداری و ڕژیمەکایەن هەیە. لە ئەمڕۆی هەڵسان و هاتنە دەرەوەی ئەو هێزە کە بەرهەمهێنەری توانای هەموو جیهانە، پشکویەکی سەرەتاییە بۆ ئالوگۆڕێکی گەورە لە ئێران دا. هەر وەک چۆن لە ئەورووپا هێلەک زەردەکان، کلاو زەردەکان و سوورەکان، لە ئیران هەڵسانی کرێکاریی (دی مانگی ۹٦ و خەزەلوەری ۹۸) ، لەسوودان هاتنە شەقامەکان دژی دەسەلاتی میلیتاریزم و داواکارییەکانی خەلکی خوارەوە، میسر و چەندان ولاتی تری گوێ زەووی بەشێکن لەو پشکۆیەی شۆڕش..

## باری چینایەتی

ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرئەوەیە کە لە کۆمەڵگای کوردستان وەک نموونەی دیکەی کۆمەڵگاکانی وڵاتی ئێران دابەش بوون و قەیرانی چینایەتی نێوان بازنەی دەسەڵات و سامان لە گەڵ چینی مام ناوەند و هەژار زۆرتر بووە و ئەمانەی خوارەوە کاریگەری سەرەکییان لەم دۆخە بووە:

١-نەبوونی کار و پیشەی پێویست بو بەشێکی بەر چاوی کۆمەڵگا
٢-دابەشبوونی نا یەکسانی هەل و فرسەتەکانی کار
٣-ئەو ئێمتیاز و خەڵاتانەی کە بە چینێکی دیاریکراوی خۆدی لە لایەن دەسەڵاتی ڕژیمەوە دراوە
٤-جیاوازی سەروەت و سامان نێوان چینەکان و تاکەکانی کۆمەڵگا

هەڵاواردن و جیاوازی چینایەتی لە کوردستان کە بنیادنەری سەرەکی ئەو بە پێچەوانەی وڵاتانی تر کە لە لایەن چینی دەسەڵاتداری تاک و سەرمایەدارەوە پێناسە ئەکرێت؛لە لایەن دەست و پێوەندەکانی دەسەڵاتەوە سەرچاوە ئەگرن.لە چل ساڵەی حاکمیەتی ڕژیمی ئیسلامی بە هۆی سیاسەتە چەوتەکانی ڕژیمەوە فاسڵە و جیاوازی چینایەتی نێوان چینی دەسەڵاتدار،سامان و سەروەت مەندی بازاڕ،خاوەن مەدرەکەکانی سەرەوە وە دۆکتر ، مۆهەندێس ،وەکێڵ،سلبریتییەکانی هۆنەری سینەما،ووتباڵیستەکان لە ڕەدەی تیمی میللی و تیمە بە ناوبانگەکان لە گەڵ چینی کرێکار،کارمەندانی ئیداراتی دەوڵەتی و کەرتی تایبەت،جووتیاران،بێکاران و بە گشتی چینی ناوەند و خواری کۆمەڵگا ؛زۆرتر بووە و زیانێکی یەکجاری بە ژیان و کەرامەتی مرۆڤ گەیاندووە. زوربەی بزاڤە چینایەتی و سنفییەکانی ئەم چل ساڵە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لایەن چالاکانی مەدەنی و کرێکارییەوە سازمان دراون ؛داخوازییەکانیان لە سەر نارەزایەتی لە هەمبەر بار و دۆخی کار و مووچە و سەعاتی کار بووە و بە داخەوە ئەو ئاگاهی و زانینە لە سەر ویستی چینایەتی و تێکۆشان بۆ بەدیهێنانی ئامامانجەکانی تاک و کۆمەڵگای چەوساوە نەیتوانیوە بە سەر هەموو چین و توێژەکان پەرە بسێنێت و بزێتە هۆی گۆڕانکاری بەر چاو . لەم ساڵەی ڕابردووش دا بە بۆنەی نەخۆشی کرۆنا و قەیرانی تەحریمە نێو دەوڵەتییەکان لە سەر ئێرانەوە ژیانی مرۆڤ لەم وڵاتە تووشی گۆڕانکاری جیدی بووە و کاریگەری لە سەر تاک تاکی خەڵک لە کوردستانیش داناوە.ژیانی ئابووری تووشی دارمان بووە و بەشێکی زۆر نزیک بە ۹۰ لە سەدی خەڵک لە تەنگنا و هەژار دان و چینی مام ناوەند کە پێشتر بارو دۆخی بە نێسبەت هەژاران و چینی خوار تر باشتر بوو ڕۆژ بە ڕۆژ نێوانی کەم کردەوە و ئێستا ئەو چینە ڕوو لە ڕووخانە و ژیانی کەتووە مەترسییەوە و پێدەچی ببێتە هۆکارێکی گرینگ بۆ وورێژەدانی نارەزایەتییەکان و بزاڤەکانی داهاتوو.

## بخەباتی نەتەوەیی

خەباتی نەتەوەیی، خەباتی گەلێکە کە خاوەنی وڵاتی سەربەخۆ و سەروەریی سیاسی نییە، خاک و نیشتمانی دابەش یان داگیر کراوە، لە وڵاتەکەدا هوییەتی نەتەوەیی جیاوازە لە هی نەتەوەی حاکم، بەڵام نکۆڵی لەو جیاوازییە دەکرێ و هوییەتی سەربەخۆی لەلایەن سیستمی حۆکمڕانی نەتەوەی دەسەڵاتبەدەستەوە دانی پێدانانرێ و مافە نەتەوایەتییەکانی ناسەلمێندرێ، بە هاووڵاتی دەرەجە ٢ دەژمێردرێ و مافە سیاسی و ئابووری و کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانی لێ زەوت کراوە. لە هەموو بارێکەوە بەشێوەی سیستماتیک هەڵدەواردرێ، دەچەوسێتەوە و سەرکوت دەکرێ.

کاتێک ئەو گەلە چەوساوە و ستەملێکراوە بەمەبەستی دواییهێنان بەو بارودۆخە ناڕەوایە ڕادەبێ کە خۆی لە بندەستی و زوڵم و زۆر ڕزگار بکا و بڕیار دەدا چارەنووسی خۆی بەدەستەوە بگرێ و بە ئازادی و سەربەستی بژی، پێی دەگوترێ خەباتی نەتەوەیی.

ئەوە کە خەباتی نەتەوەیی بۆ سەربەخۆیی و دامەزراندنی وڵاتی سەربەخۆ بەڕێوە دەچێ یان بۆ دابینکردنی مافە سیاسی و نەتەوەییەکانی گەلی ستەملێکراو لە چوارچێوەی وڵاتێکدا، لەلایەکەوە گرێدراوە بە زۆر فاکتەری نێوخۆیی و دەرەکی، بە تایبەتی بە هێز و دەسەڵات و یەکگرتوویی و ئاستی سازماندراوی و گشتگیربوونی جووڵانەوەی ڕزگاریخواز و موشارەکەتی چالاکانەی خەڵک. لەلایەکی دیکەوە، فاکتەری مەسڵەحەت و بەرژەوەندی یەکلاکەرەوەیە: ڕەنگە زۆرایەتی نەتەوەیەک کە لە وڵاتێکی دێموکراتیکدا دەژی و سەرجەم مافەکانی بەگوێرەی یاسای بنەڕەتی وڵات دەستەبەر کراوە، لەباری سیاسی و ئابووری و ئەمنییەت و مێژوو‌ییەوە جیابوونەوە بە مەسڵەحەتی نەتەوەکەی نەزانێ، وەک کەبەک لە کانادا، تیرۆلی باشوور لە ئیتالیا، سکاتلەند لە بریتانیا... جیاوازی هەڵوێست لەو پرسەدا بەهیچ جۆر بەو مانایە نییە کە لایەنگرانی جیانەبوونەوە لە سەربەخۆییخوازەکان کەمتر نیشتمانپەروەرن یان بەپێچەوانەوە. ئەوە دەکەوێتە مەقوولەی جیاوازی بیروبۆچوون و تێڕوانین لە بەرژەوەندیی. مافێکی دێموکراتیک و ڕەوایە .

## باری نەتەوەیی

کوردستان و داخوازی نەتەوەیی دوو ڕستەی گرێدراون تا ئەو کاتەی کە مافە فەرهەنگی،کۆمەڵایەتی،سیاسی و ئابوورییەکانی لە پانتاییەکی دیمۆکراتیکی گشتی چارەسەر و مسۆگەر نەبن.زۆربەی پۆتانسیل و ئێنرژی تاکی ئاگای ئەم کۆمەڵگایە لە ڕێگەی خەبات و دابین کردنی ئامانجە نەتەوەییەکان سەرف ئەکرێت و بێ ئەوەی ڕەهەندەکانی ئەو هەموو تێکۆشانە بۆ دابینکردنی دادپەروەری بۆ هەموو کۆمەڵگای مرڤایەتی لێک بدەینەوە ئاماژە بە ئەوە ئەکەین کە ئەمڕۆش خواستی نەتەوەیی هەر کاتێ مەودای پێ بدرێت سەر تر لە خواستکانی تر خۆی دەنوێنێت و بناغە دانەر و چالاکانی ئەم چەمکە زۆر ئاسانتر ئەتوانن خەڵک بێنێنە سەر خەت و شەقام.جیاواز لە زیانەکانی هەستی نەتەوایەتی و ڕەگەز پەرەستی کە ئەتوانێ لە ئاکام دا ئەگەر لە هێڵی ڕاسەقینەی خۆی لا بدات و خسڵەتی فاشیستی و ڕاسیستی لە خۆ بگرێ،یەکێ لە هێماکانی زیندوو بوونی کۆمەڵگایە و ئەگەر هەل و کەڵکی باشی لێ وەرگیردرێت ئەتوانێ گۆڕانکاری مۆدێرن لە ژیانی کۆملگا درووست بکات.خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بۆنەی پیشینەیەکی مێژوویی لە خەباتی نەتەوەیی و دیموکراتیک لە ڕۆژهەڵاتی ناوین،گەلێکی وشیار و ئاگان؛بەڵام ئەوەی کە تا ئیستا نەیانتوانیوە بگەنە ئامانجەکانیان پێویستی بە لێکۆڵینەوەی وردتر و زانستیتر هەیە.ئەوەی کە ڕوونە ئێستاش دۆخی نەتەوەیی خەڵک لە کوردستان بە هۆی سەرکوت و زەختی ڕژیم باش نییە و هەر چەشنە جووڵەیەک کە هێمای نەتەوەیی-ڕامیاری هەبێت تووشی دژبەری و هەوڵی لە ناوبردنی لە لایەن دەسەڵاتەوە ئەدرێت.لە نێوان ئەم چل ساڵەی ڕابردوو خەباتی نەتەوەیی چ لە لایەن حێزبە سیاسی و ئۆپۆزسیۆنەکانەوە و چ لە لایەن بزاڤە ڕۆشنبیر و چالاکە مەدەنی و فەرهەنگکییانەوە؛وەک ئێنرژییەک لە گۆشە و کۆنجی هەموو لایە و چینەکانەوە خۆی ڕاگرێت و بە زیندوویی بمێنێتەوە.زۆر نموونەی خەباتی سیاسی و چالاکی هەیە کە ڕێشەی لە خەباتی نەتەوەیی هەڵگرتووە . دەسەڵاتی ڕژیم تا ئێستا نەیتوانیوە ئەو هەستە لە خەڵک بگرێتەوە و هەر هەلومەرجێک کە ڕەخسا بێ ئەو ئاگاهی نەتەوەییە بە جۆش و خرۆش هاتووە و وەک خواستێکی ئێنسانی کۆمەڵگا بۆ سەرەتاییترین مافەکانی مرۆڤ درێژەی کێشاوە.ئەم خواست و تێکۆشانە کە لایەنی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردسان هەیە ؛ئەتوانی لە گەڵ دیکەی ئامانجەکانی مرۆڤی ئەم ناوچە یەک بگرێت و بۆ داهاتوویەکی ڕوونتر کەڵکی لێ وەر بگیردرێت. ئەگەر پێناسەکانی هەل و مەرجی نەتەوەیی هەڵسەنگێنین و ئاماژە بە هێما بەرچاوەکانی بکەین ناتوانین چاو پۆشی لەمانەی خوارەوە بۆ نیشاندانی ئەو ڕاستییە بکەین:

١-زیندوو ڕا گرتنی بۆنە نەتەوەییەکان لە ناو کۆمەڵگا وەک نەورۆز
٢-تێکۆشانی فەرهەنگی بۆ زیندوو هێشتنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبیاتی کوردی
٣-چالاکی هۆنەری لە بوارەکانی گۆرانی و هەڵپەرکێ کوردی
٤-بەرز ڕا گرتنی نێو و خەباتی شۆڕشگێڕان و سەرۆکە کاریزماکانی کورد کە ژیانیان لە پێناو شۆڕشی نەتەوەیی بەخت کردووە
٥-هەوڵدان بۆ فێرکردن و نووسینی زمانی کوردی لە لایەن ئەنجۆمەن و ڕێکخراوە نا دەوڵەتییەکانەوە
٦-هەوڵ بۆ مانەوەی پۆشش و جل و بەرگی کوردی بە تایبەت لە لایەن لاوەکانەوە

ئەمانە وەک نموونەی هێماکانی نەتەوەیی لە کوردستان دەناسرێن و لە ماوەی ئەم چل ساڵە روو لە گەشە کردن دا بوون و هەر ساڵ بە چەشنێکی تازەترەوە لە ڕای گشتی کۆمەڵگا خۆ دەنوێنن.ڕژیم تا هەنووکە نەیتوانیوە ئەو هەستە لە خەڵک بگرێت و هەوڵەکانی بۆ ئاسیمیلاسیۆنی فەرهەنگی و نەتەوەیی پووچەڵ کراون هەر چەند لە هەندێ شوێن توانیویە سیاسەتەکانی پێش بەرێت. لێرە دەبێ بوترێت کە ژیانی ئابووری،سیاسی،نەتەوەیی و چینایەتی تاک لە ناو کۆمەڵگا هەر سات لە تەوەژمی جوراجۆر دایە و پێدەچێ لەم سەردەمە تووشی ئاڵ و گۆڕی تایبەت بێت کە دواتر لە سەر خسڵەت و تایبەتمەندییەکانی وڵات کاریگەری بێت.

# لە یادی دکتۆر ئەفراسیاو حەلیمی (هەورامی)،

## شۆڕشگێڕی چەپی نەتەوەیی و مێژووناس

**دامون_مەریوان**

لە ژیانی هەر گەل و نەتەوەیەک دا هەندێ کەسایەتی هەن تا هەست بە نەبوونیان نەکەن ،نایاننناسن و وەک پێویست ڕیزیان ناگرن و نامۆن.بەڵام کاتێ بە هەر هۆیەک ژینیان کۆتایی هات و سەفەری بێ گەڕانەوەیان دەس پێ کرد ،ئینجا دەکەونە کۆڵینەوە لە ژیان و بە سەرهاتیان و داخ و پەژارەی لە دەس دانانیان.بۆ ئێمەی کورد زیادە لەم وتە چوونکە دەوڵەت و دەزگایەکی داکۆکی کار و پشتتیوانمان نییە ،بەشیکی زۆر لە نووسەر و زانایانمان لە دوور و پەراوێز دەمێننەوە و کەڵک لە زانایی و بیریان نابەین،دۆکتر ئەفراسیاو لەو کەسایەتیە ناودارانەیە کە بە داخەوە کەمتر ناسراوە .د.ئەفراسیاو هەورامی کەسایەتییەکی گەورەی روناکبیری و ئەرشیفییێکی مێژووی کوردستان بوو، ئەو ماوەیەی لە یەکێتیی سۆڤیەت بوو، دەرفەتێکی زێرینی بۆ رەخسا بۆ ئەوەی بەڵگەنامە و ئەرشیفی ئەو وڵاتە هەڵ بداتەوە و ئەو بابەتە گرنگانەی کە پەیوەندی بەمێژووی کوردەوە هەبوو وەک نووسین یاخود وەرگێڕان ئامادەیان بکات و وەک کتێب چاپ و بڵاویان بکاتەوە.خاوەنی پتر لە٢١ کتێبە کە هەندێکیان چاپکراون و ئەوانی دیکەیان وەک دەستنووس ماونەتەوە. ئەفراسیاوحەلیمی کوڕی حەمە شەریف کوڕی خواجە حسێنە و بەئەفراسیاو هەورامی ناسراوە . رۆژی ساڵی ١٩٥٧زایینی (١٣٣٤کۆچی) لەشاروچکەی نۆدشەی سەر بەناوچەی هەورامانی لهۆنی خۆرهەڵاتی کوردستان لەدایک بووە و خوێندنی سەرەتایی لە نۆتشە و پاوە تەواو کردووە و پاشان لە دانشسەرای تەربیەت مۆعەلێمی بەندەر عەباس وەردەگیردرێت و دەبێتە مامۆستای قۆتابخانە. لەخانێ و نۆدشە وەک مامۆستایەکی دڵسۆزی هەژاران و خەڵکانی زەحمەتکێش خزمەتی کردووە و بەگیانی شۆڕشگێڕی خوێندکارانی کوردی پەروەردەی بیری سوسیالیستی و نەتەوەیی کردووە. د.ئەفراسیاو هەورامی کەسێکی چەپ و کوردپەوەرو خاوەن هەڵوێست بووە و بەهۆی ئەوەوە لە سەردەمی حەمە رەزا شای پەهلەوی ، تووشی زیندان و ئازاردان بۆتەوە. لەشۆڕشی گەلانی ئیراندا لە ساڵەکانی ٥٦ و ٥٧ بە تایبەت لە ناوچەی هەورامان ،رۆڵی دیار و بەرچاوی بۆ ڕێکخستنی خەڵک و ڕێپێوانە ئیعترازییەکان ئەبێ.پاش شۆڕشی ساڵی ٥٧ی هەتاویی لە ئێران وهاتنە سەرکاری رژیمی ئیسلامی، کە سازمانێکی تازەی کوردستانیی و چەپ وەک کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە گۆڕەپانی خەباتی رۆژهەڵاتی کوردستاندا کە بەشێکی بەرچاو لە ڕوناکبیر و کەسایەتییکورد لە ڕیزیدا دەستیان بە کار و تێکۆشانێکی سیاسی کرد. بێ گومان لە نێو هەر کۆمەڵگایەکدا بە پێی بوونی چین و توێژی جوراوجور، حیزب و ڕێکخراوەی ڕەنگاوڕەنگ بە بیر و کرداری جیاوازەوە درووست دەبێ بۆیە بە پێی بۆچوونەکانی و پیشینەی پەیوەندایەتی کاک ئەفراسیاو لە گەڵ چەن کەسایەتیەکی چەپ لە سنە و کرماشان و تاران پەیوەست بە سازمانی چریکە فیداییەکانی خەڵکی ئێران شاخەی کوردستان بوو و لە نۆتشە کە مەڵبەندی لاوانی ڕۆشنبیر و چالاک بوو لە گەڵ چەن هاوڕێیەکی تری کە زۆربەیان مامۆستان قۆتابخانە بوون دەفتەری ئەو ڕێکخراوەیان دامەزراند و دەستیان دایە چالاکی سیاسی،فەرهەنگی و چەکداری. دواتر و دوای هێرشی ڕژیم بۆ ناوچە و داگیرکردنی نۆتشە ،ئەو لە گەڵ باوکی کە پێشمەرگە و ئەندامی حیزبی دمۆکرات ئەبێ، دێنە باشووری کوردستان و لەباشور و لەرێی حزبی شیوعی عیراقەوە دەچێتە یەکێتیی سۆڤیەت و لەشاری دووشەمپەی کۆماری تاجیکستان دەگیرسێتەوە و لەوێ دەست بەخوێندنی یاسا ئەکات و دواتر ئەچێتە روسیا و لەزانکۆی ئیڤانۆف درێژە بەخوێندن ئەدات و زانکۆ تەواو ئەکات و بڕوانامەی دکتۆرا بەدەست ئەهێنێ. پاش ئەوەی خوێندن تەواو ئەکات و زمانی روسی بەتەواوی فێر ئەبێ، دەرفەتێکی زێرینی لەمۆسکۆ بۆ ئەرەخسێ بۆ ئەوەی ئەرشیف و بەڵگەنامە کۆنەکانی سۆڤیەت هەڵ بداتەوە و چەندین بابەتی گرنگ سەبارەت بەمێژووی کورد و کوردستانی دەست بکەوێ و وەک سەرچاوە بۆ نوسینی چەندین کتێبی دانسقە و بەنرخ سوودیان لێ وەربگرێت، هەندێ کتێب و بابەتی تریش لە زمانی روسییەوە بۆ سەر زمانی کوردی وەربگێڕێت. بەگشتی د.ئەفراسیاو هەورامی خاوەنی ٢١ کتێبە لەو بوارەدا و هەندێکیان چاپکراون و ئەوانی دیکەیان وەک دەستنووس لەدوای بەجێماون.

**لەدیارترین کتێبە چاپکراوەکانی ئەمانەن.**

١-شۆرشی شێخ سەعیدی پیران وسۆڤیەت، دەزگای سەردەم٢٠٠٤

٢-تراژیدیای کوردەکانی سۆڤیەت، مەکتەبی بیروهۆشیاری٢٠٠٤

٣-مستەفا بارزانی لەهەندێ دیکیۆمێنت و بەڵگەنامەی سۆڤیەتیدا. دەزگای ئاراس٢٠٠٣

٤ -کورد لەشەڕەکانی ڕووسیا لەگەڵ ئێران و تورکیادا (لەسەدەی نۆزدەهەمدا)..وەرگێرانی لە ڕووسیەوە. .مەکتەبی بیروهوشیاری٢٠٠٤

٥-لەکوردستانی ئێراقەوە تا ئەوبەری رووباری ئاراس وەرگیرانی لە فارسیەوە بۆ رووسی.٢٠٠٣

٦-لەمەهابادی خوێناویەوە هەتا لێوارەکانی ئاراس..وەرگیران لە فارسیەوە.بۆ ڕووس

٧ -بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردوەرگیران لە کوردیەوە بۆ ڕووسی ٢٠٠٥

٨-بزووتنەوەی کورد لەسەردەمی هاوچەرخداوەرگیران لە ڕووسیەوە بۆ فارسی

٩ -پەیوەندیەکانی ئازەربایجان و کوردستان لەسەردەمی کۆماری مەهاباد دا

١٠-کورد لە ئەرشیفی ڕووسیاو سۆڤیەتدا١٩١٤-١٩٢٤دەزگای موکریان ٢٠٠٦

١١-کوردستانی پشت قەفقاس..سلیمانی بنکەی ژین ٢٠٠٤


١٢پەیوەندیەکانی کوردستان و ئازەربایجان و هەرەسهێنانی هەردوولا لە ساڵی١٩٤٦ دا.. سلێمانی بنکەی ژین ٢٠٠٨

١٣ -سیناریۆی ڕووداوەکانی رۆژهەلاتی کوردستان پێش دامەزراندنی کۆماری مەهاباد

١٤-کورد و کوردستان لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیا. وەرگێران بۆ رووسی

١٥-بیبیلۆگرافیا لەسەر کوردناسی . .دووبەرگە چاپ نەکراوە لەرووسیەوە کراوە بە کوردی

١٦-بزووتنەوەی سمکۆ و سۆڤیەت.. چاپ نەکراوە




١٧ -شێخ عبدوسلام بارزانی. چاپ نەکراوە

١٨-کوردەکانی خۆراسان و ڕاپەڕینەکانیان. چاپ نەکراوە

١٩-مێژووی کوردو کوردستان.. وەرگێران بۆ کوردی.چاپ نەکراوە

٢٠-بەڵگەنامەکانی سەفارەتی ئەمەریکا لە تاران سەبارەت بە رووداوەکانی ئێران لە سەردەمی شەڕی جیهانی دووهەم. وەرگێران لە ڕووسیەوە بۆ کوردی

٢١-کومەڵەی ژێکاف

خاوەنی چەندین وتارو لێکۆڵنەوەی ترە سەبارەت بەشوێنی کورد لەبەڵگەنامەکانی سۆڤیەتدا کە لە رۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردستاندا بڵاوی کردوونەتەوە. ئەم هەموو خەم و خولیای ئەوەبوو کە سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان فریای ئەو سامانە گەورەیەی ئەرشیفی کورد لە بەڵگەنامەکانی روسیا و سۆڤیەتدا بکەوێ و کەسی ئەکادیمی بۆ بنێرێ بۆ ئەوەی ئەو مێژووە گرنگە بنوسنەوە و رووناکی ببینێ و بۆ ئەو مەبەستە سەردانی زۆربەی سەرکردەکانی کوردستانی کرد. بەڵام بەداخەوە ئاواتەکەی نەهاتە دی و مەرگی ناوەخت ئەو خەونەی زیندە بەچاڵ کرد. بەداخەوە ئەم کەسایەتییە ئەکادیمی و هەڵکەوتووەی کوردستان لەرۆژی ١٥ی دسامبری ٢٠١٠ لەشاری مۆسکۆ کۆچی دوایی کرد و رۆژی ٢٣ی دسامبر لەرێورەسمێکی شایستەدا تەرمەکەی بەرەو تاران بەرێکرا و دواتر برایەوە شاری مەریوان و لە گۆڕستانی دار سەیران لەرێورەسمێکی میللی گەورەدا بەخاک سپێردرا کە تیایدا دەیان کەسایەتی و سەدان خەڵکی مەریوانو نۆتشە بەشدار بوون. گرینگترین تایبەتمەنی دۆکتر ئەفراسیاو ڕوانینی پرۆژەیی بە مێژووی کوردستان بوو. پرۆژەیەک کە دەیتوانی زۆرێک لە خاڵە شاراوەکانی مێژژو هەڵباتەوە و ڕۆشنیان بکاتەوە،بینینی ئەو سەبارەت بە نیشتمانی کوردستان وەک وڵاتێک کە گەلی کوردستان تیایدا بوونی مێژوویی بووە زۆر شتی دەتوانی ئاشکرا بکات. کێشەی مووسڵ،کەرکووک،کوردستانی سوور بە دەیان پرۆژەی مێژوویی دۆکتر حەلیمی دێنە ئەژمار کە بۆیان سەختی و ڕەنجی کێشا و کردیانی بە دێکیۆمێنت و هینایە نێو سیاسەتی نێو نەتەوەیی و فەلسەفەی مێژووی گەلی کوردستان.



# ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست: تەنگەژەی ئاسایش و پێشبڕکێی چەکوچۆڵ

د. محەمەد حسەین زادە

دیاردەی پێشبڕکێی چەکوچۆڵ (arms race) لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، واتە هەوڵی وڵاتانی ئەو ناوچەیە بۆ دروستکردن و بەرهەمهێنان، کڕین یان هەر شێوازێکی تری بەدەستهێنان و خەزنکردن و کەڵەکەکردنی چەک و کەلوپەلی جۆراوجۆری سەربازی حاسڵ و بەرهەمی جۆرێکی تایبەت لە خوێندنەوە و تێگەیشتن و تێڕوانین لە/ بۆ جیهان و داڕشتنی سیاسەت لەسەر بنەمای ئەو تێگەیشتن و تێڕوانینەیە. گریمانەی باسەکەی من ئەوەیە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گۆڕەپانی ڕەنگدانەوەی سیاسەتی ڕاستیوازانە یان سیاسەتی ڕیاڵیستییە. ئەگەر چی ڕوانگەی ڕیالیزم بە گشتیی لە سیستەمی سیاسیی جیهانیدا زاڵە بەڵام لە چەند ناوچەیەکی جیهان بە تایبەت لە ئەورووپا و ئەمریکای باکوور بە گەڕانەوە بۆ فاکتەرەکانی شوناسی هاوبەش یان بەرژەوەندی هاوبەش هەوڵی متمانەسازی و هاوکاری لە نیو ئەکتەرەکان و وڵاتان دراوە و دەکرێ سیاسەتی ئەو وڵاتانە لە چوارچێوەی ڕوانگە و تیۆرییەکانی تری سیاسەتی نیونەتەوەیی خوێندنەوەی بۆ بکرێ. بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕیالیزم لە چڕترین و خەسترین نیگار و فورمی خۆیدا بەرچاو دەکەوێت. بە کورتی لە دیدی ئەو کەسانەوە لە گۆشەنیگای ڕیالیزمەوە سەیری جیهان دەکەن و لەو سووچەوە ڕووداوەکان شرۆڤە دەکەن مرۆڤ بوونەوەرێکی خۆخواز، خۆویست و بەرژەوەندیخوازە. هەر لەسەر ئەو بنەمایە خۆخوازی، سەربەخۆییخوازی و سەروەریخوازی تایبەتمەندی سەرەکی دەوڵەتیشە. دەوڵەتەکان تاقە [یان لانیکەم گرنگترین] ئەکتەری سیاسەتی نێونەتەوەیین. دەوڵەتەکان کردەوەی ژیرانە یا عەقڵانی لە خۆ دەنوێنن، بەو مانایە کە دەوڵەتەکان هەڵسەنگاندن بۆ سوود و زیانی بژاردەکانی بەردەستیان دەکەن و بە قازانجترینیان وەک سیاسەت پراکتیزە دەکەن، هەڵبەت بە قازانجترین بە مانای باشترین لە بە پێوەری ئەخلاقی نییە. گرنگترین ئامانجی دەوڵەتەکان دەستەبەرکردنی مانەوە (Survival) و دابینکردنی ئاسایشی خۆیانە. هێز گرنگترین ئامرازە بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایش و مانەوە، بۆیە دەوڵەتەکان ئەوپەڕی کۆشش و تەقالای خۆیان دەخەنە گەر بۆ ئەوەی زیاترین ڕێژەی هێز بە دەست بهێنن. هێز فاکتەری سەرەکییە بۆ تێگەیشتن لە سیاسەت و ڕەفتاری دەوڵەتەکان. سەرەکیترین لایەنی هێز، لایەنی سەربازیی و ماددیە. بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان چرای ڕێنوێنی ڕەفتاری دەوڵەت و سیاسەتی دەرەکین. ئانارشی (Anarchy) هەم نەزمی (Order) داسەپاو و هەم تایبەتمەندی سەرەکی سیستەمی سیاسیی جیهانی [و هەرێمی]یە. شەڕ و ململانێ تایبەتمەندی هەمیشەیی سیاسەتی نیونەتەوەیین. یاسا و ڕێکخراوە نیودەوڵەتی و هەرێمییەکان بە دەگمەن دەتوانن لەسەر کردە و ڕەفتاری دەوڵەتەکان کاریگەری دابنەن. دەوڵەتەکان جەخت لەسەر دەستکەوتی ڕێژەیی [نەک ڕەها] دەکەنەوە و بۆیە هاوکاری دیاردەیەکی کەمیاب و نامۆ و دژوارە. لە ئاوا جیهانێکدا متمانە کردن بە یەکتری ئێجگار سەختە. دەوڵەتەکان بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایشی خۆیان متمانە بە هیچ لایەنێک ناکەن بەڵکو هەوڵ دەدەن خۆیان ئاسایشی خۆیان بە گەڕانەوە بۆ تواناکانی خۆیان دابین بکەن. ئەگەر بەو شیوەیە نەیانتوانی ئەسا بە شیوەیەکی سنووردار و مەرجدار دەچنە ڕیزی هاوپەیمانێتییەکەوە. واتە سیستەم سیستەمی خۆیارمەتییە و خۆیارمەتی (Self-helping) تایبەتمەندی بەرچاوی سیستەمی سیاسییە. لە دۆخێکدا کە ستراتیژی خۆیارمەتی زاڵە دەوڵەتەکان لە ڕەوتی هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایشی خۆیان ناتوانن متمانە بە یەکتری بکەن ئەوەش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی تەنگەژەی ئاسایش[یان دیلێما یان ئاریشە یان مەتەڵۆکی ئاسایش / Security dilemma]. ئەم تەگەژەیە بە نۆبەی خۆی دەبێتە هۆی پێشبڕکێ بۆ بە دەستهێنانی چەکوچۆڵی جۆراوجۆر و بەرفراوانتر.

ئەو دیاردەیە [تەنگەژەی ئاسایش و پێشبڕکێی چەکوچۆڵ] ساڵانێکی زۆرە لە شانۆی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زاڵە و پێناچێت لە داهاتوویەکی چاوەڕوانکراویشدا وەلا بنرێت و ببێتە دیاردەیەکی مێژوویی. هۆکاری درێژخایەنبوونی ئەوەیە کە پێشبڕکێی وڵاتان بۆ ئەمبارکردنی چەکوچۆڵ بووەتە تایبەتمەندییەکی پێکهاتەیی/ ستراکتۆری (Structural) و ڕەنگدانەوە و بەرهەمی زاڵبوونی سیاسەتی ڕیاڵیستییە. لە جیهانی ڕیالیستیدا کە دەوڵەتەکان جگە لە خۆیان هیچ یاوەرێکیان نییە، بە پێی لۆژیک بە باشی دەزانن کە مانەوەیان بەستراوەتەوە بە بەختەوەری و سەرکەوتنیان لە بەدەستهێنانی ڕێژەیەکی زیاتر لە هیز. بۆیە لەو گۆڕەپانەدا هەوڵ دەدەن بەردەوام کەلوپەلی سەربازی کەڵەکە بکەن. لەم حاڵەتەدا تەنگەژەی ئاسایش سەر هەڵدات کە هەمدیسان دەبێتە هۆی چڕتر بوونەوەی پێشبڕکی لە بواری چەکوچۆڵدا.

تەنگەژەی ئاسایش کە لە سیستەمی ئانارشیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا باو و لەگەڕدایە، مانای ئەوەیە کە تەنانەت کاتێ دەوڵەتێک بە مەبەستی دابینکردنی ئاسایشی خۆی سیاسەتێک دادەڕێژێت کە پەرە بە هێزی سەربازی خۆی بدات، ئەو هەوڵەی دەبێتە هۆی ئەوەی وڵات یان وڵاتانی تر هەست بە نائەمنی خۆیان یان نەبوونی ئاسایش بکەن. واتە هەوڵی وڵاتێک بۆ بەهێزکردنی خۆی دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی هەستی نائەمنی لە وڵات یان وڵاتانێکی تردا. بە دەربڕینێکی ڕوونتر، ئەو چەکانەی کە دەبنە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی ئاسایشی ئەکتەرێکی تایبەت، دەبنە هۆی دڵەڕاوکەی دەوڵەت یان دەوڵەتانی تر. لەو حاڵەتەدا زنجیرەیەک لە هەستکردن بە ئاسایش و هەستکردن بە نەبوونی ئاسایش دێتە ئاراوە و هیچ ڕێگاچارەیەک بۆ دەربازبوون لەو دۆخە سامناکە بوونی نییە. هیچ لایەنێک گوێ بەوە نادات کە ئایا دەوڵەتی یەکەم بۆ بەرگریکردن چەکی بەرهەم هێناوە یان بۆ پەلاماردان. ئەوەش هۆکاری خۆی هەیە: لە ڕووی ستراتیژیکەوە جیاوازیدانان لە نیوان چەکی هێرشبەرانە و چەکی بەرگریکارانە ئێجگار ئەستەمە.

لێرەدا خاڵی گرنگ ئەوەیە کە هۆکاری سەرهەڵدانی تەنگەژەی ئاسایش بەدگومانی و ترسی وڵاتانە لە یەکتری. بە تایبەت لە ناوچەیەکی وەک ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە مێژوویەک لە شەڕ و ململانێ و پێکدادانی خوێناوی نێوان نەتەوەکانی تێپەڕاندووە و لە ئێستاشدا ناتەبایی بەرژەوەندییەکان و ناکۆکی و گرژی لە نیوان وڵاتان بە هۆکاری جیاواز لە ئارادایە، ئەو ترس و دڵەڕاوکێیە لە یەکتری ئێجگار زەق و بەرچاو و لەوپەڕی خۆیدایە. بۆیە هەر جۆرە خۆ پڕچەککردنێک تەنانەت بە مەبەستی بەرگریکارانە، لە لایەن ئەکتەرەکانی ترەوە وەک هەوڵێکی هێرشبەرانە و دوژمنانە چاوی لێ دەکرێ. لە ڕاستیدا لەوانەیە مەبەستی وڵاتێک لە پەرەپێدان بە توانای سەربازی خۆی پەلهاوێشتن و پەلاماردان نەبێت [ئەگەرچی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە پەلاماردانیشدا سەرتۆپ و دانسقەن]، بەڵکو تەنیا مەبەستی ئەوە بێت کە ئاسایشی خۆی بە شیوەیەکی باشتر و گونجاوتر دابین بکات، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە ڕەفتاری ئەو وڵاتانە هەمیشە لە لایەن وڵاتانی ترەوە وەک ڕەفتارێک بۆ تێکدانی نەزم و سەقامگیری و گۆڕینی هاوسەنگی هێزی ئێستا خوێندنەوەی بۆ دەکرێ. کەوابوو وڵاتانی تر بە بێ گوێدان بەوەی کە ئایا وڵاتی یەکەم ویستی بەرگریکارانەی هەیە یان هێرشبەرانە، بەرپرچی ئەو وڵاتە دەدەنەوە. دەرئەنجامی ئەم کردە-بەرپرچدانەوە سەرهەڵدانی تەنگەژەی ئاسایش و چڕتربوونەوەی هەوڵەکان بۆ بەدەستهێنانی چەک و کەلوپەلی سەربازی زیاترە.

لەم ناوچەیەدا کە دەسەڵاتداران و وڵاتان بە پێوەرەکانی ڕیاڵیزم سیاسەت دەکەن و خۆیان لە ژینگەیەکدا دەبیننەوە کە تایبەتمەندییە سەرەکییەکەی ئانارشییە، واتە دەسەڵاتێک لە سەرەوەی دەوڵەتەکان نییە بۆ ئەوەی لە کاتی تەنگانەدا یان لە کاتێکدا کە دەکەونە بەر پەلاماری لایەنێکی تر پشتیوانیان لێ بکات و مانەوە و ئاسایشیان بپارێزێت، بەدگومانی و بێ متمانەیی بە شیوەیەکی بەربڵاو زاڵە. دەوڵەتەکان ناتوانن متمانە بە یەکتری بکەن و زۆر جار بە ڕوانگەیەکی نەرێنی دەڕواننە سیاسەتەکانی وڵاتانی تر. لەم حاڵەتەدا هەر یەک لە ئەکتەرەکان هەوڵەکانی خۆی بە بەرگریکارانە پێناسە دەکات و هەوڵەکانی ئەوانی تر وەک هەڕەشە چاو لێ دەکا.

ئەم سوورە درێژەی هەیە و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هیچ کات لە ویست و ئامانجەکانی یەکتری دڵنیا نین. گریمانەی بنەڕەتی هەر یەک لە وڵاتان ئەوەیە کە وڵاتانی تر پەلامارەدەرن و هەر جۆرە پەرەپێدانێک بە هێزی سەربازییان دەتوانێ ببێتە هۆی دروستبوونی هەڕەشە بۆ سەر ئەوان. بۆیە پێیان وایە ئەگەر متمانەی زیاتر لە ڕادەی پیویست بکەن لەوانەیە لە کۆتاییدا زەرەرمەند بن و خەساریان لی بکەوێت. بە پێی ئەم خوێندنەوەیە متمانەکردن کە لە ناوچەکانی تری جیهان بووەتە هۆی هاریکاری و نزیکبوونەوە [بۆ نموونە لە یەکێتی ئەورووپا] لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەتوانێ پەیهات و لێکەوتەی کارەساتباری بەدواوە بێت. ئەو نیگەرانی و ڕەشبینییە تەنانەت لە نیو ئەو وڵاتانەیشدا کە هەندێ جار بە شیوەی کاتیی یان بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەڕەشەیەکی خێرا و هاوبەش لێک نزیک دەبنەوە یان هاوپەیمانێتی پێک دێنن دەبینرێت. چۆنکە دەکرێ ئەو وڵاتانەی کە ئەمڕۆ دۆستن، سبەینێ بیروبۆچوونیان بگۆڕدرێ یان بە گۆڕانی دەسەڵاتدارەکانیان لە ناکاو ببنە دوژمن. بۆ نموونە هیچ زەمانەتێک نییە کە بە گۆڕانی دەسەڵاتدارەکان لەو وڵاتە عەرەبانەی کە لەم چەند مانگەی دواییدا بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەڕەشەی ئێران خوازیاری نزیکبوونەوە لە ئیسرائیلن، ئەو ڕەوتە پێچەوانە نەبێتەوە یان لانیکەم ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی عەرەب-ئیسرائیل کۆتایی پێ نەیەت. یان بە پێچەوانەوە هیچ دەستەبەر و زەمانەتێک نییە بۆ ئەوەی مەزهەبی هاوبەش لە درێژخایەندا فاکتەرێکی سەرەکی گرێدانی ئێران و عێراق بێت، بە تایبەت ئەگەر عێراق لە سەقامگیرکردنی بارودۆخی نیوخۆییدا سەرکەوتوو بێت. لەو حاڵەتەدا تەنانەت ئەگەری ئەوە هەیە مۆدێلی شیعی ئێرانی و عێراقی ببێتە فاکتەرێکی بنەڕەتی بۆ سەرهەڵدانی گرژی و ڕکابەری نیوان ئەو دوو وڵاتە.

بە هەر حاڵ مەبەستم لەو نموونانە ئەوەیە نیشان بدەم دەوڵەتەکان هەندێ جار نەک هەر سەبارەت بە بڕیار و ویستی وڵاتانی ڕکابەر دڵنیا نین بەڵکو تەنانەت سەبارەت بە خواست و بڕیارەکانی دەوڵەتانی هاوپەیمانیش دڵنیاییەکی ئەوتۆیان نییە و ئەوە بە باشتر دەزانن کە بە مەبەستی بەهیزکردن و دابینکردنی ئاسایشی خۆیان بگەڕێنەوە بۆ تواناکانی خۆیان و هەوڵی دابینکردنی ئاسایشی خۆیان بدەن. تەنانەت کاتێ هەست بەوە دەکرێ وڵاتان نیەت پاکن، هەمدیسان ترسی ئەوە هەیە ویستەکانیان بگۆڕدرێن. ئەو ترسە بەردەوامەیە کە ساڵانێکی زۆرە بووەتە هۆی سەرهەڵدانی تراژیدیای سامناکی تەنگەژەی ئاسایش و کاریگەری لەسەر پەیوەندییەکان داناوە. ئەم ڕیاڵیزمە بە ڕادەیەک خەستە کە تەنانەت هەوڵی ئەکتەرێکی نیمچە سەربەخۆ وەک هەرێمی باشووری کوردستان بۆ بەدەستهێنانی هەندێ چەکوچۆڵ لە وڵاتانی ئەورووپا بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەڕەشەیەکی ڕاستەقینە وەک داعش، نەک هەر دەبێتە هۆی دڵەڕاوکێی بەغدا بەڵکو دەبیتە هۆی تۆقانی وڵاتانی گەورەی دراوسێ. هەر ئەوە وای کرد لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ داعش زۆرێک لە چەکەکانی هاوپەیمانان یان وڵاتانی یارمەتیدەر، نەک بە شیوازی ڕاستەوخۆ بەڵکو لە ڕێگای بەغداوە بنێردرێن بۆ پێشمەرگە لە باشووری کوردستان. هەر ئەوەش بوو وای کرد ڕێگە بە هەناردەکردنی هەندی چەکی نوێ بۆ پێشمەرگە نەدرێت. لە لایەکی ترەوە خوێندنەوەی تورکیا ئەوە بوو کە پڕچەککردنی گەریلا لە ڕۆژاوای کوردستان لە پلەی یەکەمدا پیلانی وڵاتانی زلهیزە بۆ دامەزراندنی کیانێکی کوردیی و هەڕەشە بۆ سەر ئانکارا، نەک پاراستنی کورد و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ تیرۆریزم. بەم شیوەیە بە پاساوی سەرهەڵدانی هەڕەشەی نوێ ڕەوایەتی بە پەلامار و دەستدرێژییەکانی خۆی دەدا.

بەم چەشنە، ڕەفتارکردن بە پێی سیاسەتی ڕیالیستی لە گۆڕەپانێکی ئانارشیکدا بووەتە هۆی ئەوەی وڵاتان [و نەتەوەکان] بەردەوام هەست بە مەترسی و پەلاماری لایەنەکانی تر بکەن، لەو حاڵەتەدا هەوڵی هەر لایەنێک بۆ پەرەپێدان بە توانای سەربازی خۆی دەبێتە هۆی ئەوەی لایەنەکانی تر هەست بەوە بکەن کە ئاسایشیان لە مەترسیدایە بۆیە ئەوانیش هەوڵی هاوشێوە دەدەن و ئەوەش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی تەنگەژەی ئاسایش. لە حاڵەتی زاڵبوونی ئەو تەنگەژەیەدا هەموو لایەنەکان هەوڵی پڕچەککردنی خۆیان دەدەن و پێشبڕکێی چڕوپڕی چەکوچۆڵ وەک پێویستییەکی حاشاهەڵنەگر چاوی لێ دەکرێت. بۆیە دەبینین وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دابینکردنی ئاسایش تەنیا لە زیاترکردنی ڕێژەی هێزی سەربازی و کڕین یان بەرهەمهێنانی چەک و کەلوپەلی سەربازییدا دەبیننەوە و ئەوە بووەتە دیاردەیەکی زەق و بەردوام لە ناوچەکەدا. چاوەڕوانی ئەوەیش ناکرێت لە کورت ماوەدا گۆڕانێ بەسەر ئەو جۆرە تێگەیشتن و خوێندنەوەیەدا بێت کە پێی وایە «تاقە ڕێگای دابینکردنی ئاسایش پەرەپێدان بە هێزی سەربازییە». ئەم پرۆسەیە و ئەم پێشبڕکێیە بە ئاسانی کۆتایی نایەت و ئەم تایبەتمەندییە تا ڕادەیەکی زۆر بەردەوامە و ئێجگار دژوارە لە شانۆی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بسڕدرێتەوە.

کەوابوو تا داهاتوویەکی نادیار ئێمە لەو ژینگەیەدا دەژین و بەردەوام بینەری ئەوە دەبین کە ئەکتەرەکان لە پەیوەندی لەگەڵ یەکتری و لە ژێر کاریگەری ڕاستەوخۆی سیستەمی هەرێمی، ڕەفتاری هاوچەشن لە خۆیان دەنوێنن. واتە ئامانجی سەرەکی هەموویان دابینکردنی ئاسایشی خۆیان لە ڕێگای کەڵەکەکردنی چەک و پڕچەککردنی خۆیان دەبێت. لە ڕاستیدا ئەوە پێکهاتەی ڕیالیست-تەوەری سیستەمی هەرێمییە کە وڵاتان ناچار دەکات ڕەفتاری هاوچەشن بنوێنن و هەموویان هەوڵی دابینکردنی ئاسایشی خۆیان بدەن. سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە ئەگەرچی هەر یەک لە دەوڵەتان یان نەتەوەکان هەوڵی دابینکردنی ئاسایشی خۆیان دەدەن بەڵام هیچ کات هەست بە ئاسایش ناکەن. لەوە سەرنجڕاکێشتر ئەوەیە کە لەو نیوەدا ئەکتەرێکی وەک نەتەوەی کورد کە تەنانەت خاوەن دەوڵەتێکی سەربەخۆیش نییە و توانای پاراستنی مانەوە و ئاسایشی خۆی بە شیوەیەکی گونجاو نییە و بەردەوام لەژێر مەترسی پەلاماری لایەنەکانی تردایە، هەوڵی گۆڕینی ئەو سیستەمە و سڕینەوەی ململانێ و دوژمنایەتیی و بنیاتنانی سیستەمێک لەسەر بناغەی ئاشتی و برایەتی یان پێکەوەژیانی ئاشتیخوازانە دەدات و بەو شیوە هەوڵی دابینکردنی ئاسایشی خۆی دەدا. ئەیمخابن ئەو بژاردەیە بۆ دابینکردنی ئاسایش لە شانۆی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتدا تەنیا وەهمیکە و هیچی تر. داخیداخانم هیچ لایەنێک بە ڕادەی کورد ئەو وەهمەی لە سیاسەتدا پراکتیزە نەکردووە.

بە حەقیقەتەت تا کاتێ ڕوانگەی ڕیالیزم لەم ناوچەیەدا پراکتیزە دەکرێت و تا کاتێ ئانارشی زاڵە، فورمۆلێک بۆ چارەسەرکردنی تەنگەژەیەی ئاسایش و ڕێگایەک بۆ مانەوە و دەستەبەرکردنی ئاسایش جگە لە خۆبەهێزکردن [و هاوشێوەی ئەکتەرەکانی تر ڕەفتار کردن] بوونی نییە. چاوەڕوان دەکرێ بۆ ساڵانێکی زۆر ناتەبایی بەرژەوەندییەکانی ئەکتەرەکان بە شێوەی سرووشتی بەردەوام بێت و هیچ چارەیەک بۆ پەیوەندییە ناکۆکەکانی نیوانیان بوونی نەبێت، تا ئەو کاتەی وەک هەندێ لە ناوچەکانی جیهان تێگەیشتن و خوێندنەوە بۆ جیهان و ژینگەی سیاسەت لە لایەن ئەکتەرە بەهیزەکان [نەک لاوازەکان] گۆڕانی بەسەردا بێت. مخابن هیچ نیشانە و دەرکەوتەیەک لەو گۆڕانە و ڕۆیشتن بەرەو تێگەیشتنێکی جیاوازتر لە ئێستادا بەرچاو ناکەوێت.

# ئانارشیستەکان چی ئەڵێن؟

**زاهێر .ب**

ئەنارشیزم تیۆرییەکی ڕامیارییە بە ئامانجی پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی ئانارشی «بێخاوەن و بێسەروەر» .بە واتایەکی‌تر، ئەنارشیزم تیئۆریایەکی ڕامیارییە، کە ئامانجی پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکە کە تێیدا کەسەکان بە شێوەیەکی ئازادانە و یەکسان هاوکاری یەکتر دەکەن. دێرینیی وشەی (anarchie) هێندەی دێرینیی دونیایە، ئەو وشەیە وشەیەکی یۆنانییە، لە زمانی یۆنانیدا چاوگەکەی بریتییە لە (an -av) و (apxn -arkhê) تا ڕادەیەک مانای بزری دەسەڵات و حکومەت دەبەخشێت، بەڵام بە درێژایی چەندەها ساڵ وا باوبووە، کە بە بێ دەسەڵات و حکومەت، هیچ نییە ژیانی خەڵکی مۆسۆگەر بکات، لەبەرئەوە ئەو واژەیە مانایەکی قێزەونی پێبەخشراو و کرا بە وشەی (anarchie) واتە (ئاژاوە – گێرەشێوێنیی – فەوزەویی – نەبوونی ڕێکخستن... تد).

(پێر ژۆزێف پرۆدۆن) بەوە بەناوبانگ بوو، کە نوکتەباز بووە، بۆ نمونە ئەو نوکتەی، کە وتوویەتی (خاوەندێتی دزیە) هەر ئەویش ئەو وشەیەی بەکارهێناوە واتە وشەی (ئەنارشی)، بۆ زیاتر هورووژانی ناڕەزایی خەڵک،بە کار بردووە.

بەپێی ئەمە ئەنارشیزم دژ بە هەموو جۆرە #سیستەمێکی‌قوچکەیی کۆنترۆڵە، چ لەلایەن دەوڵەتەوە بێت، چ لە لایەن سەرمایەدارەکانەوە. وەک شتێکی زیانبەخش بۆ کەسەکان و تاکایەتییان، هەروەها ناپێویستیشە. سووزان براون (بە ئینگلیزی: L. Susan Brown) کە کەسێکی ئانارشیستە، دەڵێ:

لە کاتێکدا دەرکی خەڵکی لە ئەنارشیزم توندوتیژییە (بزاڤی دژەدەوڵەت (ئەنارشیزم ڕێبازێکە، نە یارییەکی سادە لەگەڵ دەوڵەت. ئانارشیستەکان دژی ئەو شێوازە بیرکردنەوەن، کە دەسەڵات و سەروەری بۆ کۆمەڵگە بە پێویستییەکی ناچاری دەزانن و لە بەرامبەر ئەمەدا پشتیوانی لە گەلکاری و هەرەوەزی، شێوە ناپایەبەندی قوچکەیی کۆمەڵگە و ڕێکخراوەی ڕامیاریی و ئابووریی دەکەن.

هەرچەندە هەمیشە لە نێوان گشت تیئۆریا ڕامیارییەکاندا، «ئەنارشیزم» و «ئانارشی» خراپتر لە هەمووان وێنا کراون. بەگشتی، ئەم وشانە وەک «ئاژاوە» یا«بێسەرەوبەرەیی» بەکار دەبرێن و سەرەنجام ئەم شێوازی بیرکردنەوەیە بەو وێناندنانەوە دەکەنە بەڵگەی ئاژاوەخوازی ئانارشیستەکان، و حەزی ئەوان بە «گەڕانەوە بۆ یاساکانی جەنگەڵ».

ڕەوتی ئەم خراپ وێناندنە، بێپێشینەی مێژوویی نییە. بۆ نموونە لە وڵاتانێکدا کە کۆمەڵگا لەژێر دەسەڵاتی تاکەکەس دایە، وشەی وەک «کۆمار» و «دیموکراسی» ڕێک بە واتای «ئانارشی»، بۆ دەربڕینی بێنەزمی و تێکدان بەکار دەبرێن. هەر بۆیە ئەوانەی کە لە بوونی بارودۆخی هەنووکەیی سوودمەندن، هەوڵ دەدەن تاوەکو ئەو بیرکردنەوەیە دەرببڕن، کە لە سایەیدا نەیاری لەتەک سیستمی هەنووکەیی بێکەڵک بێت و کۆمەڵی تازە دەکێشرێتە پای بێسەرەوبەرەیی. یان ئاوا کە ئێریکۆ مالاتێستا (بە ئینگلیزی: Errico Malatesta) دەری دەبڕێت:

ڕاوێژیسم

لەوەتەی وا بیر دەکرێتەوە، کە دەسەڵات پێویستە و بەبێ دەسەڵاتداری بۆی هەیە شێوان و پەرێشانی بەرپا ببێت، ئیتر زۆر سروشتی و لۆژیکییە کە ئانارشی (کە بە واتای نەبوونی دەسەڵاتدارییە)، بە واتای نەمانی نەزم و هێمنی، لێک بدرێتەوە.

ئانارشسیتەکان دەیانەوێت ئەم «دەرکە نارۆشنە گشتگیرە» بۆ ئانارشی بگۆڕن، تاوەکو خەڵکی زیان و نەهامەتییەکانی دەسەڵات و هەر جۆرە پەیوەندییەکی پایەبەندیی قوچکەییانەیان بۆ دەر بکەوێت: گۆڕینی بۆچوونەکان و خەڵکی هێنانە سەر ئەو بڕوایەی کە بوونی دەسەڵاتدار نەک تەنیا پێویست نییە، بەڵکو زۆر زیانبەخشیشە. ئەو کات وشەی ئانارشی کە بە واتای نەمانی دەسەڵاتدارییە بۆ هەمووان یەک تێگەیشتنی دەبێت: «نەزم و ڕێکخستنی سروشتی، یەکبوونی پێداویستییە مرۆڤییەکان و بەرژەوەندییە گشتییەکان و ئازادی بێسنوور لە چوارچێوەی هاوپشتی بێسنووردا.

ئەمە بەشێکە لە پرۆسەی گۆڕینی ئەو بیرکردنەوە زاڵە لەمەڕ ئەنارشیزم و واتای ئانارشی. بەڵام ئەمە گشت نییە. هەروەها لە پاڵ خەبات دژی شێواندنی بەرهەمهاتوو لەلایەن ئەو «دەرکی نارۆشنی گشتی»یەوە بەرامبەر «ئانارشی»، دەبێت لە دژی شێواندنی درێژماوەی دەستکردی دوژمنانی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی لەمەڕ ئەنارشیزم و ئانارشیستەکان هەوڵ بدرێت. بەو جۆرەی کە بارتۆلۆمیۆ ڤانزەتی (بە ئینگلیزی: Bartolomeo Vanzetti) لەبارەی ئانارشیستەکانەوە دەڵێت:

ڕادیکاڵترینی ڕادیکاڵەکان (پشیلە کێوییەکان) ترسێنەر و حەپەسێنەری ڕیاکاران و دەمارگیران، بەهرەکێشان، دەستبڕان، خۆدەرخەران و ستەمکارانن□ هتد، ئێمە زیاتر لە هەموو کەسێک کەوتووینەتە بەر ستەمکاری، خراپ نیشان دراوین و خەڵکمان خراپ لێ تێگەیێندراوە.

دەیزانی لەمەڕ چی دەدوێت. ئەو و هاوەڵە خۆشەویستەکەی نیکۆلا ساکۆ (بە ئینگلیزی: Nicola Sacco) لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە لەسەر تاوانێک کە ئەوان دەستیان تێدا نەبوو، زیندانی کران و لە هەمان ساڵدا لەبەر ئەوەی کە ئانارشی و خەڵکی ئەوێندەرێ نەبوون، ساڵی ١٩٢٧ بە ئەلەکتریک لە سێدارە درا.

ئەنارشیزم خەبات ئەکات بۆ لەناوبردنی چەوسانەوەی مرۆ لەلایەن مرۆوە، بە واتایەکی دی ئەنارشیزم لقێکی سۆسیالیستە، کە گرنگیەکی تایبەتی ئەدات بە خەباتی ئازادیخوازانە، بۆئەوەی هەرچی زووترە دەوڵەت تەفروتونا بکرێت . یەکێک لە تیرۆرکراوەکانی (شیکاگۆ) بە ناوی (ئەدلۆف فیشەر) وتوویەتی»کەسی ئازادیخواز سۆسیالیستە، بەڵام مەرج نییە کەسێکی سۆسیالیست ئازادیخواز بێت» کەچی هەندێک ئازادیخواز هەن، کە خۆیان بە ڕەسەنتر و بە بەوەفاتر ئەزانن هەندێک ناو لەخۆیان ئەنێن، یا ڕێگە ئەدەن هەندێک ناویان لێبنرێت، کە لە ڕاستیدا ئەو جۆرە ناوانە هەر شایستەی تیرۆریستەکانن، ئازادیخوازەکانی ئەم سەردەمە لەو بوارەدا هەوڵێکی باشیان داوە و خۆیان یەکلاکردۆتەوە خۆیان بە (کۆمونیزمی ئازادیخواز) پێناسە دەکەن.

(ئەنارشیستەکان) بە هیچ کلۆجێک دژی ڕێکخستنی کۆمەڵگە نەبوون، لە ڕێگەی لیژنە هەڵبژێراوەکانەوە، دژی ڕێسای داپڵۆسین و دەستدرێژیکردنە سەر ئایشی خەڵکی بوون.

# تیرۆر و دڕندەیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوین

**محەمەد حەکیمی**

شەڕفرۆشتن ماوەێکە بوەتە بەشیکی جیانەکراوە لە سیاسەتی هێزە توندئاژوەکان و هەروەها ئەو وڵاتانەی پشتگیری و پشتیوانی ئەو هێزانە دەکەن.

تیرۆر و تۆقاندن لە ڕۆژهەڵاتی ناوین بۆەتە بەشێکی جیانەکراوە لەم ناوچە و هەر ئەوەش وایکردوە کە ئەم ناوچە ببێتە هۆیی تەراتینی وڵاتە زلهێزەکانی جیهان و بە هۆیی بوونی نەوت و گازی سروشتی لە ناوچەکە لەم ناوچە کێبرکێیەکی زۆر لە نێوان ئەو وڵاتانە هاتوەتە ئاراوە و سیاسەتی ڕژیمی ئیسلامی ئێرانیش لەم دوائیانەدا وایکردوە کە ئەو وڵاتانە زیاتر بێنە ناوچەکە و ناوچەکە توشی شەڕ و ئالوزی بکەن

دوای ئەوەیی «ئەلقاعیدە» هێرشی کردە سەر ١١ی سێپتەمبر کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی بە تایبەتی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا هاتنە سەر خەت بە دژی تیرۆر و ستراتیژیەکی نوێ کە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە دەستی پێکرد و هەر ئەوەش وایکرد کە ڕۆژهەڵاتی ناوین بوە هۆی ئەوەی کە توشی دەیان قەیران و کێشە ی جدیی بێتەوە و بە میلیۆنان کەس ئاوارە بون و بە سەدان هەزار کەسیش قوربانی ئەو سیاسەتە بون کە لە نێوان هێزێکی کۆنەپەرەست و جیهان دەستی پێکرد و قوربانی سەرەکی ئەم کێشە ئالوزە تەنها و تەنها خەڵکی بێ دەرەتان و هەژاری ناوچەکە بوو. وڵاتەکان ئاگر دران و شارەکان کاوڵ کران و توندوتیژی هەموو تان و پۆیی خەڵکی ئەم ناوچەی گرتەوە و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دەیان ساڵ بردە دواوە.

لە ڕاستیدا دوای شەڕیی دووهەمی جیهانیدا، وڵاتانی ئەمریکا و بریتانیا بوونە پێشەنگی ئازادی و دێمۆکراسی، بەڵام لە ڕاستیدا و لە واقعدا هەموو ئەو شتانە تەنها بۆ بەرژەوەندی خۆیان بوون و چوارچێوەی تەواوی بایەخەکانی مرۆڤایەتی و جیهانی خرانە ژێر پرسیار. دەوڵێت جیهان دوای دروستکردنی ئەو نەزم و دیسپلینەی دایان بە جیهان بە تایبەتی ڕۆژهەڵاتی ناوین، هەر چەند کۆمەڵێک لە نەتەوەکانیان بێبەش کردن لە دەوڵەت وەک کورد کە گەورەترین نەتەوەیە لە ناوچەکە و هەر ئێستاش خۆیان خەریکن ئەوەی دوایی شەڕی جیهانی دووهەم کاولکردنی ئەوانیان خستوەتە ئەستۆیی خۆیان و ئێستا دەیانەوێت ئەوەی دروستیان کردوە کاولی بکەن و بیرۆخێنن و ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە جیهان چیدی ڕوویی ئارامی بە خۆیەوە نابینێت و هەر ئێستا خەرێکە دوو بلوکی چین و ڕوسیەش دێنەوە ناو گەمەکانی جیهان.

دوای هێرشەکانی ١١ی سێپتەمبر وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ویستی زۆر بە خێرایی شەڕ بە دژی تیرۆریسم تەواو بکات و لە ناویان ببات، بەڵام نە تەنها نەیتوانی ئەوە بکات، ئێستا تیرۆر لە سێبەردا لە هەموو جیهان باوی پەیدا کردوە و هیچ نیشانەیەک نییە لە تەواوبوونیدا و ئەوەی گرنگە دەبێ ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین بۆ چی ئەمریکا و ئورووپا نەیانتوانی ڕۆژهەڵاتی ناوین بگۆڕن و ئال و گۆڕیی تیا بەدیی بینن و لەم ناوچە چەقیون کە ئەوەش بۆ خۆیی کۆمەڵێک فاکتی هەیە کە لە خوارەوە چەند نموونەیەک دەهێنمەوە.

یەکەم ئەوەی کە گرنگی هەیە شۆڕشی گەلانی ئێران بوو کە دار و دەستەی خومینی توانیان دەست بگرن بە سەر هەموو تان و پۆکانی شۆڕش لە ساڵی ١٣٥٧ی زایینی و دووهەم وڵاتی ئەفغانستان بوو کە ببوە لانکەی تیرۆریستان کە لەلایەن دەوڵەتی ئەفغانستان واتە تالیبان و ڕژیمی تازەی ئێران پشتیوانی تەواویان لێدەکرا و هەموو شتەکانیان بۆ دابین دەکردن و هەر ئەوەش وایکرد کە بیری کۆن و توندوتیژی لەم ناوچە پەرە بستێنێت و ناوچەکە توشی دەیان شەڕیی مالوێرانکەر بکات.

# قوتابخانەی فرانکفۆرت و دەروونشیکاری( بەشی یەکەم)

مارتین جەی
وەرگێڕان: ە - محەمەدی

**ئەگەر ترس و کاولکاری(تاناتوس) سەرچاوەی سەرەکی فاشیزم پێکدێنێ، عەشق و خۆشەویستی (ئێروس) دەرفەت بۆ دێموکراسی دەڕەخسێنێ.**
**«کەسێتی دەسەڵات خواز، ئادورنۆ/ هۆرکهایمێر»**

لە دەیەی ٧٠ی سەدەی بیستەمدا دژوار بوو لە بوێری ئەو تیۆریسازانە تێبگەی کە دەیانویست ڕوانگەکانی مارکس و فرۆید پێوەند بدەن. لەم دواییانەدا بە پەرەسەندنی هۆگری خەڵک بە ڤیلهێلم ڕایش و کاریگەری بەرفراوانی کتێبەکەی مارکوزە، ئێروس و شارستانیەت، ئەم بۆچوونە کە هەر دوو بیرمەند لە دوو دیدگای جیاوازەوە باسی چەند پرسێکی وەک یەک دەکەن، لە نێوان زۆربەی چەپەکان دا گرنگی پێدراوە. نەسڵێک پێشتر لە هەر دوو لای ئاتلانتیکەوە گاڵتە بە وەها بیرێک دەکرا. ئەگەرچی ترۆتێسکی هۆگری دەروونشیکاری بوو، بەڵام پاش ١٩٢٣ دەنگی ئەو لە بلوکی کۆمۆنیزمی ئۆرتۆدوکس دا خنکێنرا، یانی هەر ئەو کاتە کە ڕێبازی فرۆید و پێڕەوانی قەدەغە کرا و ڕەفتاری پاولۆڤی [وەک دەروونناسی شیاوی مارکسیزم-لێنینیزم] بە ڕەسمی ناسرا. لە نێو بزاڤی دەروونشیکاریشدا بیرمەندانێک وەک زیگفرید بێرن، ئۆتۆ فێنیشێل و پاڤێڵ فێدێرن لایەنگری پێوەندانی دوو سیستمی مارکسی و فرۆیدی بوون بەڵام لەم کارەدا سەرکەوتنێکی وایان بەدەست نەهێنا؛ ڤیلهێلم ڕایش، لایەنگری پڕهەرای ئەم کارە لە کۆتایی دەیەی ٢٠ و سەرەتای دەیەی ٣٠ دا لەگەڵ گاڵتەی هەموان بەرەوڕوو بوو و لە نێوەڕاستی دەیەی ٣٠ دا سوکایەتی پێکرا و هەم لە پارتی کۆمۆنیستی و، هەم لە بزاڤی دەروونشیکاری دەرکرا. پارێزکاران و توندڕەوەکان بە یەک شێوە ڕێک کەوتبوون کە ڕەشبینی سەرەکی فرۆیدی لەمەڕ دەرفەتی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، لەگەڵ گەشبینی شۆڕشگێڕانەی پێڕەوانی مارکس لە ناکۆکی دایە. دواتر ساڵی ١٩٥٩ فیلیپ ڕیڤ دەیتوانی بنووسێ: «بە ڕای مارکس ڕابردوو ئاوسی داهاتووە و پرۆلیتاریا مامانی مێژووە؛ بە ڕای فرۆید، داهاتوو ئاوسی ڕابردووە و تەنیا پزیشکێکی بەختەوەر دەتوانێ لەم بارە ڕزگارمان بکات... شۆڕش تەنیا دەتوانێ مۆدێلی سەرەتایی سەربزێوی لە دژی باوک دووپات بکاتەوە و بە ناچار هەموو جارێک تێکبشکێ.» کەوابوو کۆششی سەنتەری تۆژینەوەی کۆمەڵایەتی بۆ پێوەندانی دەروونشیکاری لەگەڵ تیۆری ڕەخنەگرانەی نیومارکسیستی هەنگاوێکی بوێرانە و نائاسایی بوو. هەروەها نیشانەی خواستی ئەم سەنتەرە بوو بۆ دەربازبوون لە قاڵبی تەسکی مارکسیزمی کلاسیک. لە ڕاستیدا یەکێ لە گرنگترین جیاوازییەکانی نێوان نەسڵی گرون بێرگ[١] —گروسمان[٢]- و جێگرانیان کە هۆرکهایمێر ڕێبەری ئەوانی بەدەستەوە گرت، ناکۆکییان لەمەڕ دەروونناسی بوو. هەر وەک دواتر دەبینین گرنگینەدانی فرانتس نۆڤیمان بە دەروونناسی یەکێ لەو هۆکارانە بوو کە ئەندامانی سەنتەر باوەشیان بۆی کردەوە. کاتێ کە سەرئەنجام نۆڤیمان بوو بە هۆگری فرۆید، بە دوا ساڵەکانی تەمەنی گەیشتبوو و ئیتر درەنگ بوو و نەیدەتوانی ئەم دوو نەریتە پێوەند بدات. بەپێچەوانەی نۆڤیمان، هۆگری هۆرکهایمێر بە فرۆید دەگەڕێتەوە بۆ دەیەی ١٩٢٠. لیۆ لۆڤنتاڵ سەرنجی ئەوی بۆ لای فرۆید ڕاکێشابوو، چونکە فرۆم-ڕایشمان لە نێوەڕاستی دەیەی ١٩٢٠ دا ئەوی دەروونشیکاری کردبوو. جگە لە مەش پێوەندی نێوان دەروونناسی و سۆسیالیزم بابەتێک بوو کە لەو ساڵاندا لە فرانکفۆرت بە زۆری باسی لێدەکرا. لە کۆڕی ئاکادمیکی چەپدا پاش ١٩٢٩ سۆسیالیستی بلژیکی، هێنریک دۆمەن، لە چەند ڕەهەندەوە ڕۆڵی گرنگی هەبوو. ساڵی ١٩٢٧ لە کتێبێک دا لەمەڕ دەروونناسی مارکسیزم تێکۆشابوو تا پراگماتیزم کە زیاتر بەپێی سوبژکتیڤیزم بوو، لەجیاتی دێترمینیزمی ئابووری دابنێ. دۆمەن ڕەخنەی توندی لە دەروونناسی قازانجخوازی پەیوەست بە مارکس گرت و، لەجیاتی ئەو گرنگی بە ڕیشەکانی کرداری نائەقڵانی ڕادیکاڵ دەدا. لەو کاتەدا دەنگۆی ئەوە بڵاو بۆوە کە وەک مامۆستای دەروونناسی کۆمەڵایەتی دۆمەن یان هێناوە بۆ زانکۆی فرانکفۆرت تا لە ئاست مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکسی قوتابخانەی فرانکفۆرت هاوسەنگییەک پێکبێنێ. دۆمەن بە هەر هۆیەک هاتبێ، بەڵام هاتنی ئەو، هۆرکهایمێر و هاوکارانی بەرەو هەڵوێستی نائەقڵانی نەبرد، هەڵوێستێک کە ڕاشکاوانە لەگەڵ تیۆری ڕەخنەگرانە ناکۆک بوو؛ کاتێ دواتر دۆمەن وەدوای فاشیزم کەوت، ئەوان بەتەواوی لێی دڕدۆنگ بوون، ئەندامانی فرانکفۆرت لە یەک شتدا لەگەڵ دۆمەن هاودەنگ بوون: خواستی سەرچوون لە قازانجخوازی کە مارکسیزمی ساویلکانەی خەوشدار کردبوو.

پێش ١٩٢٧ ئادۆرنۆ بە پێشنیاری هۆرکهایمێر وتارێکی درێژی نووسی و لەودا دەروونناسی لەگەڵ فنۆمنۆلۆژی بانئەزموونی کۆرنێلیۆس[٣] پێوەند دا. ئەو لەم وتارەدا ئاماژەی بە خاڵی هاوبەشی ئەم دوانە کردبوو کە گرنگی بە پێکهاتەی لێکبەستراوی نەست دەدەن کە بەشێوەی هێمای پێوەند دراوە. ساڵێک دواتر هۆرکهایمێر ئەوندە بووبوو بە هۆگری دەروونشیکاری کە بڕیاری دا خۆی دەروونشیکاری بکرێت و بۆ ئەم کارەش کارڵ لان دوایری شاگردی فرۆیدی وەک دەروونناسی خۆی هەڵبژارد. پاش ساڵێک ئەو پرسەی کە بەقووڵی مێشکی هۆرکهایمێری بەخۆیەوە خەریک کردبوو، یانی وتاردان بە بێ دەقی ئامادەکراو، چارەسەر کرا. لان دوایر هاندرا تا وەک بەشێک لە گرووپی تۆژینەوەی دەروونشیکاری باشووری ئاڵمان، سەنتەری دەروونشیکاری فرانکفۆرت دامەزرێنێ.

سەنتەری دەروونشیکاری فرانکفۆرت کە ١٦ فیڤێریەی ١٩٢٩ کرایەوە وەک یەکەم ڕێخراوی فرۆیدی دەرکەوت کە بەشێوەی ناڕاستەوخۆ تێکەڵ بە زانکۆیەکی ئاڵمان بووبوو. ئەم ڕێکخراوە هەروەها لەگەڵ هۆرکهایمێر و هاوکارانی کە لە دامەزرانی سەنتەری دەروونشیکاری دا کاریگەر بوون، پێوەندی هەبوو. خودی فرۆید دوو نامەی بۆ هۆرکهایمێر نووسی تا سپاس و پێزانینی خۆی دەرببڕێ.

هێنریش مێنگ و ئێریک فرۆم و هاوسەرەکەی فریدا فرۆم، وەک ئەندامانی هەمیشەیی، لەگەڵ لان دوایر یەکیان گرت. لە یەکەم مانگەکانی دامەزرانی سەنتەری دەروونشیکاری دا، ئەندامانی بەرجەستەی بزاڤی دەروونشیکاری، هانس زاخس و زیگفرید بێرن و ئانا فرۆید و پاڤڵ فێدێرن، چەند کۆڕ و سمیناریان گێڕا. گێۆرگ گرۆدێک یش زۆر جار لەگەڵیان بوو. لە نێوان چوار ئەندامی هەمیشەیی دا، ئێریک فرۆم کە زیاتر لە ١٠ ساڵ دۆستی لۆڤێنتاڵ بوو و بەهۆی ئەو بە سەنتەر ناسرابوو، بەخێرای وەک گرنگترین کەسی سەنتەر دەرکەوت. تەنیا ئەو بوو کە پاش ڕۆشتنی سەنتەر بۆ ئەمریکا دیسان لەگەڵی کەوت. لە ئەمریکا وەک بەرزترین ئەندامی ڕڤیزیۆنیستی نیوفرۆیدی، بە پلە و پێگەیەکی شیاو گەیشت. لان دوایر چوو بۆ ئامستردام و هەرچەندە هاوکارانی داویان لێکرد ئورووپا بەجێبێڵێ و بێت بۆ ئەمریکا، وڵامی نەدایەوە. لە درێژەی جەنگ دا لە بێڵسێن ماڵاوایی لە ژیان کرد. هەروەها هێنریش مێنگ فرانکفۆرتی بەجێهێشت و چوو بۆ بازڵ، لەوێ وەک پسپۆڕی تەندروستی دەروونی ناوبانگی دەرکرد. کەوابوو تەنیا بەرهەمەکانی فرۆم بوو کە بۆ یەکەم جار تێکۆشا تا مارکس و فرۆید ئاشت بکاتەوە.

فرۆم کە ساڵی ١٩٠٠ لە فرانکفۆرت لە دایک بوو، لە فەزایەکی خەستی مەزهەبی دا گەورە بوو. لە سەردەمی تازەلاویدا بە قووڵی شەیدای ڕەوتی مسیانیستی بیری یەهوودی بوو. دواتر نووسی: «زیاتر لە هەر شتێک نوسراوەکانی پێغەمبەرانێک وەک ئەشعیا و عاموس و هوشێع بیری منیان گۆڕی. لەجیاتی ئەوەی چاوەڕوانی کارەسات بکەم، زیاتر لە ژێر ‹ئاخر زەمان› دا بووم...» فرۆم لە سەرەتای دەیەی ١٩٢٠ دا لەگەڵ لۆڤێنتاڵ تێکەڵ بە گرووپی خاخام نۆبڵ بوو.

ئەگەرچی فرۆم پاش ئەوەی ساڵی ١٩٢٦ بۆ یەکەم جار لە مونیخ دەروونشیکاری کرا دروشمە دینییەکانی پشتگوی خست، بەڵام هێشتا بڕوای بە جۆرێک پێشبینی دینی هەبوو، تەنانەت لە دوا بەرهەمەکانیشی دا.

ئەو شتەی کە فرۆم لە پێشەنگی یەهوودی خۆی فێر بووبوو لەگەڵ ئەو شتانەی کە ئادۆرنۆ و هۆرکهایمێر لە پێشینیانیان فێر بوون، ئێجگار جیاواز بوو. فرۆم لەجیاتی گرنگیدان بە گەوهەر و ناوەڕۆکی هەقیقەت و ئاڵۆزی پێناسەکردنی سروشتی مرۆڤ، گرنگی بە جۆرێک مرۆڤناسی فەلسەفی دەدا. فرۆم وەک مارتین بوبر و ئەندامانی دیکەی گرۆوپی Lir house گەوهەری مرۆڤی بە شتێک دەزانی کە بەهۆی پێوەندی لەگەڵ جیهان و دانوستان لەگەڵ خەڵک دەخولقێ. ئەم شتە بە ئاشکرا لە دوا بەرهەمەکانی ئەودا، کاتێ کە سەنتەری بەجێهێشت، دەبینرێ. بەڵام فرۆم هەمیشە لەسەر فاکتی گەوهەری مرۆڤی پێی دادەگرت. ئەم گەوهەرە چەمکێکی نەگۆڕی وەک natura ی ڕۆمی نەبوو، بەڵکوو زیاتر وەک گەوهەری بزۆزی مرۆڤ بە مانای physis[٤] ی یۆنانییە. فرۆم بەمجۆرە گرنگی زۆری بە دال و هێمای مرۆڤناسانەی دەسنوسە فەلسەفی و ئابوورییەکانی مارکس دەدا. ئەو لەم بابەتەوە زیاتر لە مارکوزە نزیک بوو، نەک ئادۆرنۆ و هۆرکهایمێر. فرۆم لە نێو ئەو کەسانەدا کە لە مەکتەبی فرانکفۆرت کاریان دەکرد زیاتر لە هەموان چەمکی لەخۆنامۆیی (alienation) مارکسی بەکار دێنا، بە تایبەت لەو بەرهەمانەدا کە پاش جیابوونەوە لە سەنتەر نووسی. ئەو هەوڵی دا تا خەسڵەتی زاتی مرۆڤ وەک بنەمای جیهانبینی خۆی لەمەڕ مرۆڤی گەشەکردوو دابنێت، بەمهۆیە لە بەرهەمەکانی سپینوزا و دەیویی دا بۆ چەند تیشکی لەم خەسڵەتە دەگەڕا؛ لە دەیەی ١٩٤٠ دا هەوڵی دا کە سەرتر لە دەروونناسی، بەرەو سیستمێکی ئەخلاقی بڕوات کە ئەویش لەسەر گەوهەری مرۆڤ پێکهاتبوو. لە سەرەوەی ئەخلاقناسی (مۆرالیزم)ی ئەودا — کە بە باشترین شێوە لە کتێبی «مرۆڤ بۆ خۆی ١٩٤٧» دا بەیان کراوە- ناتورالیزم بەدی دەکرێ کە هەندێ کەس ڕەخنەیان لێگرتووە.

فرۆم لە دەیەی ١٩٤٠ دا نە تەنیا سەنتەری فرانکفۆرت بەڵکوو فرۆیدیزمیشی بەجێهێشت. ئەڵبەت ئەمە بەو مانایە نییە کە هەموو ڕەهەندێکی هەڵوێستی سەرەتایی خۆی ڕەت کردەوە. ئەو دواتر نووسی:

من هەرگیز حاشام لە فرۆیدیزم نەکردوە تەنیا لەئاست بۆچوونێک دژایەتیم کردووە کە ئەندێشەی فرۆید لە تیۆری لبیدۆیی دا کورت دەکاتەوە... من دەسکەوتی سەرەکی فرۆید بە چەمکی نەست دەزانم و دەروونژاکاوی و خەونەکان و ... بە دەرکەوتی نەست دەزانم. ئەم چەمکانە لە هەموو بەرهەمەکانی مندا گرنگی سەرەکییان هەیە و وتنی ئەم شتە کە چونکە حاشام لە تیۆری لبیدۆ کردووە کەوابوو حاشام لە فرۆیدیزم کردووە، وتەیەکی ڕەهایە کە تەنیا لە دیدگای فرۆیدیزمی ئۆرتۆدۆکسەوە بەیان دەکرێ. بە هەر حاڵ من هەرگیز حاشام لە دەروونشیکاری نەکردووە و هەرگیز نەمویستوە خۆم قوتابخانەیەک دامەزرێنم. من لە ئەنجومەنی دەروونشیکاری نێونەتەوەیی دەرکرام بەڵام هێشتا [١٩٧١] ئەندامی ئەنجومەنی دەروونشیکاری واشنگتۆنم کە ئەنجومەنێکی فرۆیدییە. من هەمیشە ڕەخنەم لە فرۆیدیزمی ئۆرتۆدۆکس و مێتۆدی بروکراتیکی ڕێکخراوە نێونەتەوەییە فرۆیدییەکان گرتووە، بەڵام تێکڕای کاری تیۆریکی من بەپێی گرنگترین دەسکەوتەکانی فرۆید پێکهاتووە.

بە ڕای خاوەن ڕایان، ڕەتکردنەوەی تیۆری لبیدۆ و هەندێ توخمی گرنگ و سەرەکی ئەندێشەی فرۆید، وەک گرێی ئۆدیپ، بەو مانایە بووە کە فرۆم ئەوەندە لە بنەماکانی فرۆیدیزمی ئۆرتۆدۆکس دوور کەوتۆتەوە کە دەکرێ بە ڕڤیزیۆنیستێکی تەواوی بزانین. بۆوەی کە فرۆم دەسکەوتەکانی کلینیکی فرۆید لە دەسکەوتی بان دەروونناسی (دوو غەریزەی مەرگ و ژیان و تیۆری لبیدۆ) جیادەکاتەوە، ئەو کەسانە کە لە نێوان ئەم دوو بوارەدا پێوەندی قووڵ دەبینی، لێی زیز بوون.

ئەگەرچی فرۆم هەرگیز لە کۆشش بۆ پێوەندانی مارکسیزم و دەروونشیکاری ڕانەوەستا، بەڵام دوا بەرهەمەکانی ئەوەندە بەپێی فرۆیدیزم ڕانەوەستابوو، بەڵکوو تا دەهات بەپێی جیهانبینی دەروونناسانە پێکهاتبوو کە خودی مارکس پێشبینی کردبوو. کاتێ فرۆم لە ساڵی ١٩٦٢ دا ویستی بیۆگرافی فکری خۆی بنووسێ، لە ئاڵوگۆڕی فکری خۆیدا دەوری مارکسی زۆر بە گرنگتر زانی. «مارکس کەسایەتییەکی گرنگی مێژوویی- جیهانییە کە ناکرێ فرۆید لەگەڵ ئەو بەراورد بکەین.» چەمکی پێغەمبەرانەی ئاشتی جیهانی کە فرۆم لە سەردەمی منداڵی دا هەمیشە بیری لێدەکردەوە، ئەوی بەرەو ئاقارێک برد تا زیاتر بڕوا بە گەشبینی مارکسی بکات نە ڕوانگەی ڕەشبینی فرۆیدی، بەڵام سەرەڕای ئەمەش هێشتا بە زۆر چەمکی فرۆیدی وەفادار بوو.

...بۆ ل ٩

## درێژەی لاپەرەی ٨

به هەرحاڵ، سی ساڵ پێشتر، کاتێ کە فرۆم هاتە نێو سەنتەری فرانکفۆرت روانگەیەکی تەواو جیاوازی لەمەڕ فرۆید هەبوو. پاش خوێندنی زانکۆکانی فرانکفۆرت و هایدلبێرگ و مونیخ، لە ناوەندی دەروونشیکاری برلین دا فێری دەروونشیکاری بوو. هانس زاخس ئەوی دەروونشیکاری کرد و فرۆیدیستێکی بەرجەستەی وەک تیۆدۆر رایک پرۆڤەی پێکرد و باری هێنا. خۆی لە ساڵی ١٩٢٦ دا کاری دەروونشیکاری کلینیکی دەست پێکرد، هەرچەند کە وەک زاخس و دەروونشیکارانی سەرەتایی هەرگیز دەورەی پزیشکی نەدیبوو. فرۆم بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە هەڵسوکەوتی پراتیکی ئەو لەگەڵ نەخۆشەکان، هاندەری سەرەکی کاری تیۆریکی ئەو بووە، ئەندامانی دیکەی سەنتەر لەم ئەزموونە بێوەر بوون. نەختێ دواتر یەکەم وتارەکانی فرۆم لە دوو گۆڤاری دەروونشیکاری ئۆرتۆدۆکس (نامەی راهێنانی دەروونشیکاری ج. شتۆرفێر و imago ی خودی فرۆید) بڵاو کرانەوە.

ئەگەرچی بابەتەکانی فرۆم زیاتر پشتخانی دینی ئەویان بەیان دەکرد (بۆ نموونە خوێندنەوەی سەبەت[٥])،بەڵام جگە لە مەش هۆگری ئەویان بۆ دەروونناسی کۆمەڵایەتی دەردەخست. ساڵی ١٩٣١ وتارێکی بە ناوی «دەروونشیکاری و سیاسەت» نووسی کە لە نێو کۆڕ و کۆمەڵی دەروونشیکاری دا بانگ و هەرایەکی زۆری وەرێخست. تۆژینەوەی درێژی فرۆم، ئاڵوگۆڕی بنەماکانی مەسیح، خواستی ئەو دەردەخات کە دەیەوێ بە یارمەتی جیهانبینی مارکسیستی فرۆیدیزم گەشە پێبدات، لێکۆڵینەوەی تیۆدۆر رایک دەربارەی ئەم پرسە هاندەری تۆژینەوەکەی فرۆم بوو. فرۆم دەڵێ رایک لەو شوێنەدا تووشی هەڵە دەبێت کە مەسیحیانی سەرەتایی بە یەکسان پیشان دەدات، گرووپێکی تاقانە کە خاوەن دۆخێکی دەروونی وەک یەکن. رایک بە ئەنجامدانی ئەم کارە بهشێوەی تیۆلۆژیستێک وەک هارناک دەردەکەوێ: «ئەو شتەی کە رایک پشتگوێی دەخات ئەمەیە کە بابەتی دەروونناسانە لێرەدا یەک مرۆڤ نییە، تەنانەت گرووپێکی خاوەن پێکهاتەیەکی تاقانە و نەگۆڕی دەروونی نییە، بەڵکوو چەندین گرووپی جیاوازە کە خواستی دەروونی و کۆمەڵایەتی جیاوازیان هەیە.»

به رای فرۆم گۆڕانی بنەڕەتی لە بنەماکانی مەسیحیەت دا- هەر لە بیری ئاداپتاسیۆنی چەرخی یەکەمەوە کە مرۆڤێک کە دەبێتە خودا تا بۆچوونی هۆمۆسینی سەدەی چوارەم کە خودا دەبێتە مرۆڤ- بەرهەمی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی بوو. تەنیا تیۆری سەرەتایی دوژمنی و سەربزێوی مەسیحیانی سەرەتایی دەردەخات کە لە ئاست دەسەڵات، یانی دەسەڵاتی باوک، ئاخێز دەکەن. گۆڕانی بیر و را [قەبووڵ کردنی تیۆری دووهەم] بە مانای قەبووڵکردنی دەسەڵاتی خودا و گۆڕینی سەرلەنوێی رق و قین بەرەو دەروون، یانی بەرەو خودی مەسیحیانە. فرۆم دەڵێ «هۆکاری ئەم ئاڵوگۆڕە، گۆڕانی دۆخی ئابووری- کۆمەڵایەتی یان پاشەکشەی هێزی ئابووری و ئاکامی کۆمەڵایەتی ئەو بوو. بیرسازانی چینی زاڵ بە پیشاندانی چەند دۆخێکی هێمایی بە خەڵک و رێبەریکردنی رق و قینی خەڵک بە ئاقارێک دا کە لە رووی کۆمەڵایەتییەوە بێ زیان بوو، وزە و خێراییان بەم ئاڵوگۆڕە بەخشی.»

فرۆم بە گرنگیدان بە وردبوونەوە لە جیاوازی نێوان گرووپە کۆلەڵایەتییە تایبەتەکان، لەرووی دەروونناسانەوە لەسەر شتێک پێداگری دەکات کە ئادۆرنۆ و هۆرکهایمێر — پاش دابڕان لە هایدگر- لەمەڕ چەمکی ئابستراکتی «مێژووگەری» (historicity) ئاراستەیان کرد. ئەو شوێنە کە ئەو توخمی تایبەتی ئەندێشەی فرۆید دێنێتە ئاراوە، شوێنێکە کە لە مکانیزمی دەروونشیکارانە وەک چەمکی نێوەنجی تاک و کۆمەڵگە سود وەردەگرێ، بۆ وێنە کاتێ کە دوژمنی لەگەڵ دەسەڵات بە چەمکی رق و قینی ئۆدیپی لەئاست باوک بەیان دەکات. سەنتەر دواتر هەر بەمپێیە زۆر چەمکی فرۆیدی بەکار هێنا. بۆرکنا لە یەکەم ژمارەی zeitschrift[٦] تۆژینەوەیەکی دەربارەی ئاڵوگۆڕی بنەماکانی مەسیح نووسی، ئەو ئەم وتارەی بە یەکەم نمونەی کۆنکرێتی تێکەڵکردنی ئەندێشەی مارکس و فرۆید لە قەڵەم دا.

فرۆم هەر لەم ژمارەیەدا تێکۆشا تا شێوازی سەرەکی دەروونناسی کۆمەڵایەتی راڤە بکات. ئەو تۆژینەوەکەی خۆی بە رەخنەگرتن لەم بۆچوونە دەست پێکرد کە دەروونناسی تەنیا بۆ تاک بەکار دەبرێ و بۆ شرۆڤەی ئەم تیۆرییە بەرهەمە سەرەتاییەکانی ڤیلهێلم رایشی بە نمونە هێنایەوە. فرۆم هەرچەند هێرشی کردە سەر چەمکی رۆحی گرووپی یان جەماوەری، بەڵام بەم ئاکامە گەیشت کە تاک قەت بەتەواوی لە پێگەی کۆمەڵایەتی خۆی جیا نییە. ئەرکی راستین، گەشەپێدان و ساغکردنەوە قاڵبی بنەڕەتی مارکسیستییە کە فرۆم لەو کاتەدا بێ شەرت و مەرج قەبووڵی کردبوو. فرۆم وتی بە هەڵە مارکسیزمیان بەوە تاوانبار کردووە کە باوڕی بە دەروونناسی ساویلکانە هەیە، کە چاوچنۆکی مرۆڤ بناغەی ئەو پێکدێنێ. فرۆم دەیزانی کە مارکس بە دەگمەن تێزی سایکۆلۆژیکی هەیە. بە رای مارکس مرۆڤ چەندین پاڵنەری بنەڕەتی تایبەتی هەیە (برسیەتی و عشق و هتد) کە لە هەوڵی تێربوون دان، چاوچنۆکی تەنیا بەرهەمی دۆخێکی کۆمەڵایەتی تایبەتە. بە هەر حاڵ مارکسیزم پێویستی بە تیۆری و روانگەی سایکۆلۆژیکی هەیە کە کەساکێک وەک کائۆتسکی و بێرنشتاین بە روانگەی سادەی ئایدیالیستی خۆیان لەمەڕ غەریزەی ئەخلاقی زکماکی لە داڕشتنی دا سەرنەکەوتن. دەروونشیکاری دەتوانێ ئاڵقەی ونبووی نێوان سەرخانی ئایدیۆلۆژیک و ژێرخانی ئابووری- کۆمەڵایەتی بدۆزێتەوە. بەکورتی، دەروونشیکاری دەتوانێ بۆچوونی ماتریالیستی لەمەڕ خەسڵەتی زاتی مرۆڤ گەشە پێبدات.

به هەر حاڵ فرۆم بۆچوونێکی ئێجگار رۆشنی لەو شتە هەبوو کە پرسەمەرترین رەهەندەکانی دەروونشیکاری بۆ دەروونناسی کۆمەڵایەتی پێکدێنا. ئەو لە سەرەتای وتارەکەیدا روونی کردەوە کە بەهۆی ئاڵۆزی نائەقڵانی بیۆلۆژی و سایکۆلۆژی، تیۆری دوو غەریزەی ژیان و مەرگی فرۆید رەت دەکاتەوە. فرۆم لەجیاتی ئەم تیۆرییە، دابەشکاری دوالیستی فرۆید، یانی دوو پاڵنەری شەهوانی (ئێرۆتیک) و گیانپارێزی قەبووڵ کرد. دابەشکاری دووهەم توانای ئەوەی هەیە کە لە خەیاڵدا بگۆڕدرێ، sublimation»» و دابین بکرێت (بۆ نموونە، سادیزم دەتوانێ بە چەندین شێوازی شیاوی کۆمەڵایەتی سارێژ بکرێت) بەڵام دابەشکاری یەکەم ناتوانێ (تەنیا نان دەتوانێ برسیەتی دامرکێنێ)، تامەزرۆیی سێکسی (سێکسواڵیتە) پێوەندی بە هەندێ دۆخی کۆلەڵایەتییەوە هەیە. ئەرکی دەروونناسی کۆمەڵایەتی، دەرکی رەفتارێکە کە ناوشیارانە روویداوە، بە سەرنجدان بە کاریگەری ژێرخانی ئابووری — کۆمەڵایەتی لەسەر پاڵنەرە دەروونیەکانی مرۆڤ. فرۆم دەڵێ ئەزموونەکانی سەردەمی مناڵی گرنگی تایبەتی هەیە چونکە بنەماڵە هۆکارێکی کۆمەڵایەتییە.

فرۆم لە درێژەدا دەڵێ هەر جڤاتێک پێکهاتەی لبیدینالی خۆی هەیە، یانی سەنتێزێک لە هاندەرە مرۆڤییاکان و هۆکارە کۆلەڵایەتییەکانە. سایکۆلۆژیستی کۆلەڵایەتی دەبێ لەوە بکۆڵێتەوە کە چۆن ئەم پێکهاتە لبیدیناڵە کۆلەڵگە لێکدەبەستێ و چۆن بەسەر دەسەڵاتی سیاسی دا کاریگەری دەبێ. لێرەدا دەبێ ئەوەش بڵێین کە فرۆم بەپێی ئەزموونی پراتیکی قسە دەکات. پرۆژەی تۆژینەوەی مۆدێلەکانی دەسەڵاتی کرێکاران کە وەک پەیڤی هۆرکهایمێر راگەیاندرابوو، ئەنجام دەدرا و فرۆم زیاتر سەرپەرشتی کارە ئەزموونییەکانی دەکرد. پێشمەرجی ئەم تۆژینەوە رەتکردنەوەی نۆرم و نەریتەکانی بورژوایی بوو کە زۆربەی دەروونناسان بەهەڵە بە نەگۆڕیان زانیبوو. فرۆم دەڵێ رەوتی باو بەپێی گشتاندنی ئەزموونی کۆمەڵگەی ئێستا بە رۆشنترین شێوازی خۆی بۆ پەرەدان بە گرێی ئۆدیپ لە تێکڕای ئاڵوگۆڕی مرۆڤایەتی دا دەبینرێ. بەڵام لە راستیدا ئەم گرێیە تەنیا تایبەت بە جڤاتانی «باوکسالار»ە. دەروونناسی کۆمەڵایەتی خاوەن پرستیژ دەبێ ئەم پرسە راڤە بکات کە کاتێ ژێرخانی ئابووری — کۆمەڵایەتی جڤاتێک دەگۆڕێ، رۆڵی کۆمەڵایەتی پێکهاتەی لبێدیناڵ (شەهوانی)یشی دەگۆڕدرێ. فرۆم لە کۆتایی وتارەکەدا دەڵێ کاتێ رێژەی ئاڵوگۆڕی نێوان ئەم دوانە لە هەڵداچوون دایە، کۆمەڵگە لە دۆخی تەقینەوە دایە. ئەمە هەر ئەو خاڵەیە کە ئەو دەبوو لە بەرهەمی گرنگی خۆی، سڵکردن لە ئازادی دا، زیاتر شرۆڤەی کردبا.

فرۆم هەر لەم وتارەدا بەپێی دیدگای کارڵ ئابراهم و ئێرنێست جۆنز ٣ تیپی کەسێتی زارکی (oral) و قوونی (anal) و زاوزێی (genital) دادەڕێژێ. فرۆم لە نێو ئەم ٣ تیپەدا، کەسێتی جێنیتاڵی بە گرنگتر دەزانێ، کە بە رای ئەو ئەم تیپە دەتوانێ بە مانای ئازادی و سەربەخۆیی و دۆستی بێت. ئەو بەشێوەی ناڕاستەوخۆ لەگەڵ دوو تیپی ئۆراڵی و ئاناڵی دژایەتی دەکات. ئەم روانگەیە، تایبەتمەندی بەرجەستەی دوا بەرهەمەکانی فرۆم بوو کە ئەوی لە مارکوزە جیا دەکردەوە، مارکوزە بۆچوونێکی زۆر جیاوازی لەمەڕ «بێ نۆرمی فرەفۆرمی» (polymorphous perversity) پێش جێنیتاڵ هەبوو. لێرەدا دەبێ بێژین کە فرۆم لە ڤیلهێلم رایش نزیکتر بوو، ئەو هەروەها لەمەڕ رۆڵی ئازادی بەخشی پێوەندی سێکسی جێنیتاڵی ئازادانە لەگەڵ رایش هاودەنگ بوو. هەرچەند ئەم پرسەی پێ تەواو نەبوو. بەڵام ساڵانی دواتر شک و گومانی فرۆم لەمەڕ روانگەی رایش زیاتر بوو، ئاخر ئەو بەم ئاکامە گەیشت کە نازییەکان نیشانیان داوە کە ئازادی سێکسی بەشێوەی حەتمی بە ئازادی سیاسی ناگات.

فرۆم پاش سەلماندنی گرنگی بنەما سەرەکییەکانی لبیدیناڵی ئەم ٣ تیپە کەسێتییە، هەنگاوێک واوەتر چوو و گرنگی بەو هۆکارە کۆمەڵایەتییانە دا کە لە یاسای بنەماڵەوە پەیدا بوون. بۆ نموونە، ئەو باسی کاریگەری ئەو رێسایانە کرد کە بەتوندی خواستی سێکسی سەرکوت دەکەن و ئاراستەی ویستی سالمی سێکسی دەگۆڕن و بەمجۆرە گەشە بە پێکهاتنی ٢ تیپی ئاناڵی و ئۆراڵی دەدەن. فرۆم [لەم وتارەدا] کەم تا زۆر پێڕەوی لە فرۆیدیزمی ئۆرتۆدوکس دەکات:»بۆوەی کە هێماکانی کەسێتی، ریشەیان لە پێکهاتەی لبیدینال دایە، سەقامگیرییەکی ریشەیی پیشان ئەدەن.» فرۆم لە کۆتایی وتارەکەی دا لەسەر پێوەندی نێوان «رۆحی سەرمایەداری» و قۆناغی قوونی (ئانالی) ئێجگار پێدادەگرێت. ئەو بە سودوەرگرتن لەو بەڵگاندنانە کە ئێستا زۆر پەرەیسەندووە بەڵام لەو کاتەدا زۆر تازە بوون، ئەقڵانیەتی ملکخوازانەی بورژوایی لەگەڵ نەزم و سەرکوتی دەورەی ئاناڵی پێوەند دەدات. ئەو دەیوت پانتایی ئەم خەسڵەتانە بەهۆی کەلێنی نێوان ئایدیۆلۆژی (بە مانای بەرینی وشەکە کە هەموو تیپەکانی کەسێتی بگرێتەوە) و ئاڵوگۆڕی ئابووری- کۆمەڵایەتی، لە سەدەی بیستەم دا بە زۆری کۆڕ و کۆمەڵی وردی بورژوایی و تەنانەت کۆڕ و گرووپی تایبەتی پرۆلێتاری گرتۆتەوە. پێوەندی نێوان ئەم دوانە، پێوەندییەک بوو کە فرۆم لە دوا تۆژینەوەی خۆی لەمەڕ رێفۆرمیزمی دینی دا راڤەی کردووە. بەڵام تا ئەم کاتە روانگەی ئەو لەمەڕ ئاناڵی بوون و تیۆری لبیدۆی فرۆید بەگشتی تووشی ئاڵوگۆڕێکی سەیر هاتبوو. هەرچەند باسی ئاناڵی بوون لەم بەرهەمەی فرۆم دا نەگۆڕا بوو، بەڵام روانگەی ئەو بەقووڵی گۆڕابوو.

هەر وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد هۆکاری ئەم ئاڵوگۆڕە زیاتر ئەزموونی کلینیکی فرۆم بوو. بەڵام سەرچاوەیەکی فکریش دەوری هەبوو کە یارمەتی ئەوی دا تا روانگەی خۆی فورموله بکات. فرۆم لە نێوەڕاستی دەیەی ١٩٢٠ دا بۆ یەکەم جار لەگەڵ بەرهەمەکانی تیۆریسازی مرۆڤناسی سویسی سەدەی نۆزدەهەم، یۆهان یاکوب باخوفێن، ئاشنا بوو. تۆژینەوەکانی باخوفێن دەربارەی فەرهەنگی دایکسالاری کە بۆ یەکەم جار ١٨٦٧ بڵاو کرایەوە، ٢٠ ساڵ پاش مەرگی فەرامۆش کرا. بۆ نموونە بۆچوونی دەروونناسانەی فرۆید، لە تۆژینەوەکانی جیمز فریزێر لەمەڕ توتمیزم، سەرچاوە دەگرێ؛ بەڵام باخوفێن و تیۆریسازانی تری دایکسالاری وەک لوئیس مورگان، پێش ئەوەی برەویان کەم بێتەوە، لەنێو کۆڕ و کۆمەڵی سۆسیالیستی ئۆتۆریتەیان زۆر بوو. بۆ نموونە کتێبی ئەنگلس بە ناوی بنەمای بنەماڵە (١٨٨٤) و کتێبی بێبێل بە ناوی ژن و سۆسیالیزم (١٨٨٣) بە زۆر لەژێر کاریگەری ئەواندا بوو.

**درێژەی هەیە**

# توندوتیژیی ئینتێرنێتی ئازارێکی تازەی ژنان

سولماز دوروودی

ئازادی ڕادەربڕین یەکێک لە مافە سەرەکییەکانی مرۆڤە کە لەم ساڵانەی دواییدا بە هۆی پەرەسەندی پەیوەندیی دیجیتاڵ هەم زیاتر باسی دەکرێ و هەم دەرفەت و ئیمکانی دەربڕین بۆ خەڵک زیاتر بووە و ئەو مافە بە شێوەی دەربڕینی سەر سایتە کۆمەڵایەتی و ماڵپەڕەکان تا ڕادەیەک بۆ هەمووان دەستەبەر بووە و کەمتر لە جاران دەسەڵات و حکوومەتەکان دەتوانن ڕادەربڕین و گوێزرانەوەی بۆچوونەکانی خەڵک کۆنترۆڵ بکەن.

لە دنیای ئەمڕۆدا ئینتێرنێت پلاتفۆرمێکی گشتگیر و سەرەکییە کە مرۆڤەکان ئازادانە دەتوانن لەباسە سیاسی و کۆمەڵایەتی و شەخسییەکاندا بەشدار بن و ئازادانە ڕاو بۆچوون بگۆڕنەوە. کە واتە ئاسوودە و بێخەمبوون لە بەکارهێنانی ئینترنێت وەکوو بەشێکی گرینگ لە مافی دەربڕین دەبێ بۆ هەمووان بسەلمێ.

ئینتێرنێت و دنیای مەجازی ئامرازێکی زۆر باشە بۆ بەدەستهێنانی زانیاری، دروستکردنی پەیوەندی، بڵاوکردنەوەی بابەتی و جۆراوجۆر و هتد بەڵام هاوکات چەکێکی بەهێزە کە خەڵکانێک بێبەزەییانە بەرامبەر بە کەس یان گرووپێکی دیکە بەکاری دەێنن و تەنها بە چەند کرتەیەک نامێهرەبانانە ئاسەواری زۆر خراپ لە سەر ژیان و دەروونی بەرانبەرەکەیان دەدەنێن.

بە هۆی پەتای کۆرۆناوە ژیانی سۆسیال و پەیوەندیی نزیک زۆر کەم بووەتەوە و خەلک خۆیان لە پەیوەندی فیزیکی تازە دەپارێزن و ئاسەواری کۆرۆنا بەسەر پەیوەندییە ڕۆژانە و ڕووتینەکانیشەوە دیارە و خەڵک زیاتر لە جاران پەنایان بردووەتە بەر بەکار بردنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندیی ئانلاین و ئەمە گرینگیی بەکارهێنانی دروستی ئەو پلاتفۆرمانەزیاتر زەق دەکاتەوە.

هێرش کردنەسەر خەڵک و بێحورمەتی پێکردن و کردنە ئامانجی ژیانی شەخسیی خەڵک لە سەر ئینتێرنێت خەسارێکی تازەیە کە کاریگەریی خراپی لە سەر مرۆڤەکان هەیە و بووەتە گرفتێکی تازەی کۆمەڵگای بەشەری و لە هەموو شوێنی دنیا قوربانیانی خۆی هەیە کە جاری وایە گوشارەکان تا ئاستی خۆکوشتن پاڵیان پێوەناوەن. دیسانەوە لەم حاڵەتەش ژنان لە قوربانییە سەرەکییەکان نادروست بەکارهێنانی ئینتێرنێتن و لەو ڕێگەیەوە کەسانی خاوەنی تێگەیشتنی پیاوسالارانە و دواکەوتووانە زۆر بە ئاسانی ڕق، کینە و هەڕەشەی خۆیان دژی ژنان دەردەبڕن و بە شێوازی جۆراوجۆر گوشاریان دەخەنەسەر. ئەو گوشارانە دەتوانن دانانی کامەنت و قسەی نەشیاو لە بن وێنە و پۆستەکانی ژنان لە سایتە کۆمەڵایەتییەکان یان هەڵگرتنی وێنە شەخسییەکانیان و بڵاوکردنەوەیان یان بڵاوکردنەوەی چەت و وێنە و گفتووگۆی نێوان ژنان و پارتنێرەکانیان بێ کە زۆر جار پیاوانێک کە لە هاوسەر و کچە ڕەفیقەکانیان جیا دەبنەوە بۆ شکاندن و ئازار گەیاندن بە ژنان بڵاوی دەکەنەوە.



نامەی هەڕەشەئامێز و پڕ لە وشەی ناشیرین بۆ ژنانی چالاک و ئەو کچانەی نایانەوێ تەسلیمی ئەو نەزم و یاسایا بن کە نامرۆڤانە ژنانی یەخسیر کردووە ڕێگایەکی دیکە لە دەربڕین و گەیاندنی نەفرەت و توندوتیژیی دواکەوتووانە دژی ژنانی بوێرە. بەداخەوە لەبەر ئەوەی هێشتا لە زۆر شوێنی دنیا یاسایەک دانەنراوە کە بەر بەم شێوەیە لە توندوتیژی بگرێ یان دەسەڵاتداران ئەو یاسا کەمووکورتانەش کە هەن پێشێل دەکەن، ژنان لەم مەیدانەشدا بێپشتیوان و لەم شەڕەشدا تەنیان.

لەم بوارەشدا جارێکی دیکە دەوری ڕوانین و تێگەیشتنی دواکەوتووی پیاوسالارانە زەق و بەرچاوە. کاتێک بڵاوبوونەوەی وێنەی کچێک بە ڕووتی یان نیوە ڕووتی وەکوو تاوانێک باسە دەکرێ، خەڵکانێک کە هەڵگری ئەو عەقڵییەتەن یەکەم کاردانەوەیان ئەوەیە کە ئەو کچە بۆ وێنەی وای گرتووە؟ بۆ ناردوویەتی بۆ کەسی دیکە؟ ئایا خۆی پێی خۆش نەبووە ئەو وێنەیە بڵاوبکرێتەوە؟ بەڵام پرسیارە ڕاستەکان ئەمانەن. بۆ چی کەسێ ڕێگە بە خۆی دەدا بە بی پرس کردن و ئیجازە وەرگرتن لە کەسی دیکە وێنەکەی بڵاو بکاتەوە؟ وێنەیەک کە لەکاتی پەیوەندییەکی شەخس ی و بگرە خۆشەویستانەدا نێردراوە بۆ دەبێ وەکوو ئامرازی تۆڵە و گوشار پاش تەواوبوونی ئەو پەیوەندییە بەکار ببرێ؟ بۆ چی کەم و زیادبوونی جل و بەرگی مرۆڤێک لە وێنەیەکدا دەبێ ببێتە بنەمای لێکدانەوە و بڕیاردان لەسەر کەسایەتیی ئەو مرۆڤە؟ گەورەترین پرسیاریش ئەوەیە کە: بۆ چی دیسان لە سەر مەسئەلەی ژن، جێگەی تاوانبار و قوربانی دەگۆڕدرێ؟

نا بۆ توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان

# کوشتنی ژنان و بەردەوام بوونی

ئارێز موحەمەدی

پێشێلکردنی مافەکانی ژنان و توندوتیژی کردن بەرانبەریان بەهەموو جۆرەکانیەوە دیاردەیەکە، ئەویش دیاردەیەکی جیهانی و تەنها لە کۆمەڵگایەک بۆ کۆمەڵگایەکی تر ئەگۆڕێت کە ئەویش پێوەندی بە جۆری کولتووری ئەو کۆمەڵگایە هەیە، بەڵام بە گشتی ئایین خاڵی هاوبەشی نێوانیانە. لە کۆمەڵگا دوواکەوتووەکاندا ژنان تێیدا نەک هەر وەک نیوەی کۆمەڵگا سەیریان ناکرێت بەڵکوو لە ڕەدەی چەندەمیشدان بۆ ماف. ژنان لەم کۆمەڵگایانەدا بێ مافترینن و هەمیشە تێیاندا هەوڵ دراوە کە ژنان بێدەنگ و دەنگ کپ بکەن، گەر ژنێکیش هەوڵی بۆ ڕزگاربوون دابێت، ئاکامەکەی کوشتن بووە. یەکێک لەو کۆمەڵگەیانە کە کولتووری ژن کوشتن تێیدا هێشتا تێیدا بنەبڕ نەکراوە، کومەڵگای کوردستانە. کلتووری پیاومەزنی لە دەسەڵات و بنەماڵەو ناوەندە پەروەردەییەکان و هەروەها گرنگترین خاڵ کە ئایینە، هۆکاری ئەم کوشتنی ژنانن.ژنێک کە خاوەنی جەستەی خۆی نەبێت و نەتوانێت بریاردەر بێت بۆ ژیانی خۆی و هەروەها خۆی و فکری و بوونی قەتیس بکرێتەوە لە مشتی پیاودا، ئەوا کوشتن هەرهەمان سێبەری زاڵ و هەمیشەیی دەبێت لە سەریان. بەپێی کات و گوزەری زەمان و لەدایک بوونی نەوەی نوێ، نکۆڵی لەوە ناکرێت کە کۆمەڵگاش گۆڕانکاری بەسەردا هات. ڕاگەیاندنەکان زۆرتر بوون، دەنگ و ڕەنگی ژن زیاتر تێیدا دەرکەوت، ڕێکخراوەکانی ژنان و ڕێکخراوە مەدەنیەکان ژمارەیان زیاتر بوو. بەڵام ئایا بەپێی ئەم گۆڕانەش، گۆڕانکاری بەسەر مەسەلەی ژناندا هات؟ دەتوانم بڵێم نـــە و ئەوچاوەڕوانیەی کە هەمانە نەهاتە دی.

کاتێک سیستمێک بۆ بەڕێوەبەری هەیە و ئەویش لەسەر بنەمای پیاومەزنی و دەسەڵاتی پیاوە، ژن تێیدا ڕۆڵێکی ئەوتۆ ناگێڕێت. پیاو هەر هەمان فەرماندەر و ژنیش فەرانبەر ئەبێت. بۆیە دەست و پەنجە نەرم کردن لەگەڵ مەسەلەی ژنان لە کوردستان ئاسان نییەو کات و کاری بەردەوامی دەوێت بۆ گۆڕانکاری ڕاستەقینە. ئێمە پێویستمان بە بزووتنەوەیەکی سەرتاسەریە بە ژن و پیاوەوە، بزووتنەوەیەک کە بتوانێت ئامارەکانی کوشتن و بڕینەکان، لێدانەکان و سووکایەتیەکان نەک هەر کەم کاتەوە بەڵکوو بیگەیەنێتە سفر. تا ئێستا زۆرمان بیستووە کە ئازادی کۆمەڵگا بەستراوەتەوە بە ئازادی ژن. لێرەدا لە نێوان ٣ وشەی ئازادی و کۆمەڵگا و ژن دەبینین کە چەندین وشەی پڕ مەترسی و بڤە وەک کولتوور، دین و دیسیپلینە توندە کۆمەڵایەتیەکان خۆی حەشار داوە. ئەمڕۆکە کۆمەڵگای کوردستان کە زیاتر مەبەستی منە ڕووبەوێیە، ئەگینا بە گشتی زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە سێبەری ئیسلامی سیاسی بەسەریەوەیە، دەست و پەنجە نەرمەکات لەگەڵ ئەم مەسەلەیەدا، دەبینین ئازادی کە چەمکێکی گرنگە، تێیدا سنوردار کراوە و ئەمەش زیاتر سەرنج ئەخاتە سەر ژن و وای لێ ئەکات لە کونجی ماڵدا بمێنێتەوە. لێرەدا مەسەلەیەکی گرنگ هەیە کە لە کۆمەڵگای کوردی و زۆربەی کۆمەڵگا ئیسلامیەکاندا بەزەقی دیارە، ئەویش «ناموس» و «قەتڵی ناموسیە». کە هۆکاری سەرەکی کوشتنی ژنانن. ناموس و ناموس پەرەستی ، وشەیەکی بێگانە یان مەسەلەیەکی نامۆ نییە لە ناو کۆمەڵگەی کوردستاندا، بەهەرحاڵ ئەمەش هەر وەک پێشتر ئاماژەم پێکرد، هەڵقوڵاوی نێو ئایین و کلتوورە دژە ژنەکانە.

کوشتنی ژنان لە ژێر ناوی پاراستنی ناموس، وەک دیارترین و زەقترین حاڵەتی توندوتیژیەکانە کە بەرانبەر بە ژنان دەکرێت. چاو لێکردنی ژن وەک موڵک و بەکەم سەیر کردنی و ئیزن پێنەدانی لە هەر بڕیارێکدا کە تەنانەت چارەنووسی خۆشی تێیدا لە گۆڕدا بێت، لە کۆمەڵگای کوردی و لە مێشکی زۆربەی پیاوانی کورددا هەیە. ئەم کلتووری پیاومەزنییە ئەوەندە قووڵ و قورسە کە هەڵکەندن و لێی ڕزگاربوون ئاسان نییە و ڕۆژێ لە ڕۆژان لە سووچی وڵاتێکی ئۆرووپی و خاوەن دیموکراسی و وڵاتی مافەکان، دەبینین و دەبیستین کە «ژنێک کوژرا «. جێی ئاماژەیە تەنها لەماوەی ئەمساڵدا چەندین حاڵەتی ژن کوشتن لە شارەکانی کوردستان بەدەستی خۆشەویستەکانیان، باوک و براو هاوسەرەکانیان ڕوویدا. لێرەدا بۆمان دەرەکەوێت کە چەندە بیری پیاومەزنی و ناموس پەرەستی قیزەون و ترسناکە کە هەستی باوکایەتی و برایەتی و خۆشەویستی دەباتە ژێر پرسیار و لێرەدا هەردوو ڕەگەز دەبنە قوربانی. کوشتنی ژنان، بەردباران کردن و سەربڕین و لێدان و سووکایەتی کردن بە ژنان تاوانێکی یەکجار گەورەیە و لە ژێر هەر ناوێکیشدا و بە هەر هۆکارێکیش مەحکوومە. مەسەلەی ژنان یەکێک لەو مەسەلە گرنگانەیە کە بووەتە جێی باسی هەموو کۆمەڵگا جیهانیەکان و پرسێکی سەرەکی هەموو ڕاگەیاندنەکانە. ئەمانە و سەدان ئامار و هەواڵ و ڕوداوی دیکە پێمان دەڵێت کە کۆمەڵگایەکی خەتەر و سێبەرێکی پیاومەزنانەی ترسناک سێبەری کێشاوە بەسەر ژن وکەسایەتی ژندا. لەم ڕۆژەو لە ٢٥ نوامبر کە دیاری کراوە وەک ڕۆژی جیهانی ڕووبەروو بوونەوە لەگەڵ توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان، ئێمە دەبێت زەقتر، بەرزتر، بڵندتر و چاونەترسانەتر، هاوارە کپ کراوەکانی ژنانی کورد بگەیێنینە گوێی هەموو جیهان. بێدەنگیەکان بشکێندرێن، لاوازی و ترس وەلانرێن و هێز و تواناکان گەشەی پێ بدرێت. کەم نین ئەو ژنانەی ئێستاش لە سووچی ماڵێکدا وەک کۆیلەیەکی جنسی و جستەیی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت. کەم نین ئەو ژنانەی ئێستاش لەژێر قورسایی نیگایەک و قسەیەکدا هەر ڕۆژە دەشکێن و دەمرن و لە ترسیشدا هیچ کەس و لایەنێک و شوێنێک دەنگیان نابیستێت. دەبێت ئەو هێز و توانایە تێیاندا گەشە پێبدەین کە بێدەنگی بشکێنن و بدوێن و بزانن کە نابێت قبوڵی ئەو توندوتیژیانە بکەن. ئێمە وەک ڕێکخراوەکانی ژنانی کوردستان ئەرک و هەوڵمان بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی یەکسانە دوور لە هەر هەڵاواردنێکی ڕەگەزیی لە هەموو بوارێکدا. ڕێکخراوەکان دەبێت خەباتێکی یەکسانیخوازانەیان هەبێت و هەوڵ بۆ یەکسانیی ماف بدەن و بە شوێن دۆزینەوەی دەرفەتێک بن بۆ هەرچی زیاتر وشیار کردنەوەی ژنان و پیاوان لە مافە هاوبەشەکانی نێوانیان. هەروەها لەبەر دۆخی تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە هەمووان دەیزانین، دەبێت ئێمە وەک ڕێکخراوەکان ، ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەینە مەکۆی خەبات و بەرەوپێش بردنی ئەرکەکانمان. دەبێت ئێمە لە دووبەشی کوردستان و ئۆرووپا، چالاکانە چالاکیەکانمان بەرەو پێشەوە ببەین. مەبەستی سەرەکیمان بردنەسەرەوەی وشیاری کۆمەڵگا و بەتایبەت ژنان لەسەر مەسەلەی یەکسانیی ڕەگەزی بێت. هەروەها ڕێکخستن و پشتیوانی کردنی بزووتنەوەکانی ژنان و ڕێکخراوی تایبەت بۆ ئەو کارە لە ناوخۆی کوردستان، هەوڵدان بۆ جێبەجێ کردنی شوێنێکی تایبەت بە ژنان لە کاتێکدا لە مەترسیدان و هەروەها ئاگادارکردنەوەی ریکخراوە پێشکەوتووەکانی ژنان لە شوێنەکانی دیکەی دنیا لەو زوڵم و ستەمەی لە ژنانی کوردستان دەکرێ و بە گشتی بەهێزکردنی خەباتی ژنان لە کوردستان، دەبێت ئەری ئێمەی ڕێکخراوەکان بێت.

**ئێمە دەبێت هەموو کات دژی هەموو ئەو ستەم و ناعەداڵەتییە ئابووری و کۆمەڵایەتیانە بوەستینەوە کە جیا لە کاریگەریی خراپیان لە سەر کۆمەڵگا بە گشتی، کاریگەریی خراپیان لەسەر دۆخی ژنان و زەوتی مافەکانیان دەبێ و ئاکامەکەشی زیاتر بوونی هەواڵی کوشتنی ژنانە لە هەر سووچ و شار و شارۆچکەیەکی کوردستان.**

# ماهییەتی ڕێپێوانە ئێعترازییەکانی خەزەڵوەری ٩٨ لە ڕوانگەیەکی چەپەوە چی بوون؟

پەری-سنە

ڕواڵەتی ڕووداوەکانی» ئابان «ی ساڵی پار ئاوا بوون:لە ٢٥ی خەزەڵوەری ١٣٩٨ لە وەڵامی بڕیاری دەوڵەتی حەسەنی ڕوحانی بۆ بردنە سەری نرخی سووتەمەنی تا دوو هێندەی نرخی پێشوو، ناڕەزایەتی لە شارە گەورەکان دەستیان پێ کرد. زۆری پێ نەچوو خۆپیشاندانەکان لە نزیکەی ١٠٠ شار بە تایبەت لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ،لە ماوەی حەوتووی دواتر سەریان هەڵدا، لە هەمان کاتدا خۆپیشاندەران لە پرسی ئابوورییەوە، پرسەکەیان کردە گشتپرسییەک لە بارەی خودی ڕێژیم. ئێستا ئێرانییەکان ناوی ئەو ڕووداوەیان ناوە ناڕەزایەتییەکانی ئابان [خەزەڵوەر]، کە ناوی فارسیی ئەو مانگەیە کە ناڕەزایەتییەکان تێیدا ڕوویان دا.

ڕێژیمی ئیسلامی بە توندی ئەو ناڕەزایەتییانەی سەرکوت کرد، لەنێو هەنگاوەکان بۆ ئەو مەبەستە بڕینی ئینتەرنێت بوو کە بووە هۆی سنووردار کردنی ئاڵوویری زانیاریی لە نێوخۆ و هەروا بۆ دەرەوەی وڵات. لە ژێر پەردەی ئەو کارەدا، هێزە ئەمنییەتییەکانی ئێران بێبەزەییانە و بە چەکی شەڕ هێرشیان کردە سەر خۆپیشاندەران.

لە بارەی ڕێژەی کوژراوان خەبەر و ڕاپۆرتەکان زۆر جیاوازن بەڵام، مانگێک دوای خۆپیشاندانەکان ڕاپۆرتێکی ڕۆیتەرز بڵاو بۆوە کە لەودا لە زمان کاربەدەستانی ئێرانی، کە ناویان نەدرکێندرابوو، ژمارەی کوژراوەکان ١٥٠٠ کەس نرخێنرابوو. لە هەمان ڕاپۆرتدا ئیددیعا کرابوو کە عەلی خامنەیی، لە بارەی خۆپیشاندانەکاندا گوتبووی، "کۆماری ئیسلامی لە مەترسیدایە. هەرچی پێویستە بۆ کۆتاییهێنان بە ناڕەزایەتییەکان بیکەن. ئێوە فەرمانی منتان لە لایە."

وەک لە بەڵگەنامەی ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی دەر دەکەوێ، جگە لە کوشتنەکان، فەرمانی خامنەیی وێدەچێ بووبێتە هۆی تاقمێک تاوانی دیکە. بەشێک لەو تاوانانە ڕەشبگیریی خەڵک تا ٧٠٠٠ ئێرانی (لە نێویاندا ژن و منداڵ) دەگرێتەوە و بە هەمان شیوە ددانپێدانانی زۆرەملی کە لە تەلەفزیۆنی دەوڵەتیدا بڵاو بوونەوە. پسپۆڕانی دامەزراوەکانی داکۆکی لە دێموکڕاسی ددانپێدانانی زۆرەملی کە لەژێر ئەشکەنجە وەدەست دێن و لە تەلەفزیۆندا بڵاو دەکرێنەوە، وەک تاکتیکێکی درێژخایەنی کۆماری ئیسلامیی دەستنیشان دەکەن.

دەسەڵاتی بورژوا ئیسلامی گەندەڵ و سەراپا کۆنەپەرست کە زیاتر لە چل دەیەیە لەسەر سنگی کرێکاران و زەحمەتکێشان خۆی داکوتاوە، لە ڕێگەی دەزگا سەرکوتگەرەکانیەوە کوشتارگەیەکی وەڕێخست کە دەیانی کوشت و سەدانییشی بریندارکرد، وە لەگەڵ ئەوەشدا کە هێشتا هەر بەردەوامە لە ڕشتنی خوێنی خۆپیشاندەران بەڵام نەیتوانیوە تۆمی ئەم ڕاپەڕینانە دابمرکێنێتەوە، بەپێچەوانەوە ئەم خۆپێشاندانانە هەر بەردەوام بووە و ترس و دڵەڕاوکێشی دروستکردوە لە نێو ڕیزەکانی ڕژێمی ئیسلامی.

سەرهەڵدانی ئەم بزووتنەوەیە لەم ساتە مێژووییەدا کە هاوکات بوو لەگەڵ ڕاپەڕینی جەماوەری کرێکاران و زەحمەتکێشان، بێکارکراوان و هەژارکراوان، گەنجان و ژنان لە عێراق و لوبناندا کە ئامانجیان ڕووخاندنی ڕژێمە سیاسیە فەرمانڕەواکانی وڵاتەکانیان بوو، زۆر بە ڕاشکاوی نیشاندەری ئیرادەی سیاسی چینی کرێکاری زەحمەتکێش ، بێبەشکراوان و ئازادیخوازانی ئەم ووڵاتانە و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە بۆ ڕزگار بوون لە دەسەڵاتی ڕەوتە بورژوا – ئیسلامی و ڕژیمە داگیر کەر و کۆنەپرستەکان.

ئەم خەباتەی کە جەماوەری ڕاپەڕیو لە ئێران و کوردستاندا سازدرا و ئەم هەستانە شۆڕشگێڕیەی دژ بە یەکێک لە درندەترین ڕژێمەکانی ئیسلامی سیاسی و گرنگترین پایەکانی لە ناوچەکەدا، هەنگاوێکی مەزن بوو بۆ بەرەو پێشەوە لە ڕێڕەوی ڕووخاندنی هەموو ئەو ڕژێمە خوێنڕێژە دەسەڵاتدارەکان. کۆماری ئیسلامی پاڵپشتی سەرەکی ڕەوتەکانی ئیسلامی سیاسی و میلیشیا ملهوڕەکانیەتی بەسەر سەری خەڵکی سووریا و عێراقەوە و دوژمنی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و ژنان و گەنجانە لەو وڵاتانە و ناوچەکەدا. جا هەر بەرەو پێش چوونێکی ڕاپەڕین لە هەر یەکێک لەو دوو وڵاتەدا، بێگومان بەرەوپێشچونیشە لەوی تریشیاندا.

ئەم دەسەڵاتە سەرکوتگەرانەی ئیسلامی سیاسی ، هەژاری و بێکاری و نەبوونی یان بەسەر دەیان ملیون کەسدا سەپاندوە، کە بەبێ سەپاندنی کولەمەرگی ئابووری و سەرکوت و کوشتوکوشتار توانای بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەیان نیە. ئەم ڕژێمانە پارێزەرانی ئەوانەن کە نوقمی کۆنەپەرستین لە ڕژێمی سەرمایەداریدا، کە وەک سیستمێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی گەیشتوەتە ڕێگەیەکی داخراو و هەر ئێستا کاتی هەڵپێچانیەتی لە ڕێگەی ڕووخاندنی دەسەڵاتی سەرمایەداری ئیسلامی و بەدیهێنانی سۆشیالیزم و دێمۆکراسی لە ناوچەکەدا.

ڕووخاندنی ئەم ڕژێمانە مەحاڵە بەبێ هاتنە مەیدانی چینی کرێکار و خەڵکانی زەحمەتکێش و ئازادیخواز بۆ ناو گۆڕەپانی ئەم جەنگە سیاسیە وەک چینێکی سەربەخۆ دژ بە دەسەڵات، و خستنەڕووی ئاڵتەرناتیڤی ئابووری و سیاسی خۆی بۆ کۆمەڵگە، ئەمەش ڕوونادات ئەگەر بزووتنەوەی چینی زەحمەتکێش ئاسۆی سۆشیالیستی و سیاسەتی دێمۆکراتیک نەگرێتەخۆی.هاتنی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و ئازادیخوازان لە لاوانی کچ و کوڕ بۆ ناو ئەم بزووتنەوە ناڕەزایەتیە شۆڕشگێڕانەیە،حزبە چەپەکان لە کوردستان و ئێران دەخاتە بەردەم ئەرکێکی گەورەوە، ئەرکی بینینی ڕۆڵی مێژوویی خۆیان کە بەهێز کردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی چین و جەماوەری زەحمەتکێشە بۆ هەنگاونان بەرەو ڕووخاندنی ڕژێمی سەرمایەداری و دەسەڵاتە سەرکوتگەرەکانی و ڕزگار بوون لە چنگی ئەم ڕژێمە .

دەبێ بزووتنەوەی چەپ و سووسیالیستی لە ئێران و کوردستان بە هەموو لایەنەکانییەوە ، لە کاتێکدا شانبەشانی چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێش و ژنان و گەنجانی شۆڕشگێڕ و ئازادیخوازی ڕاپەڕیو، خەبات دەکات وە لە هەوڵی بێ ووچاندایە بە هەموو توانایەکیەوە بۆ بەسەرکەوتن گەیاندنی ئەم ڕاپەڕینە و هێنانەدی ئامانجەکانی، لەهەمان کاتیشدا لێبڕاوانە دەستی هاوپشتی نێو نەتەوەیی بۆ کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێش لە ئێران دا ڕابکێشێت.

# کۆڕۆنا و گوشاری ئابووری بۆ سەر هەژاران

کاوان موکری

نەخۆشی کڕۆنا جگە لە سەختی و کوشندە بوونی نەخۆشییێکی گرانیشە. لە سەرەتای بڵاو بوونەوەی نەخۆشی کڕۆنا لە وڵاتی ئێراندا حکوومەت بە چەندین کەڕەت ڕایگەیاندووە کە چارەسەر کردنی نەخۆشەکانی کڕۆنا خۆڕایی دەبێت، بەڵام هەتا چ ڕادەیێک حکوومەت بەو بڕیارەی خۆی پابەند بووە ؟؟

لە حەوتەکانی ڕابردوودا، بە هۆی زۆرتر بوونی قوربانیانی کڕۆنا، حکوومەت لە دەیان شار قەدەغەی هاتووچۆ و هەروەها دەستووری داخستنی بازاڕەکانی ڕاگەیاند بەڵام هیچ یەک لەو بڕیارانە لە لایەن حکوومەتەوە نەهاتنە ئەنجام و بەدوادا چوونی بۆ نەکرا، هەتا ڕادەیێک کە زۆرینە ی ڕخنەگران گەیشتوون بەو بڕوایەی کە حکوومەتی کۆماری ئێسلامی لە ڕاگەیاندنی ئەو چەشنە کەرەنتینانە چەند ئامانجی هەیە :

١- لابردنی ڕخنەی لاوازی حکوومەت لە بەرەنگار بوونەوەی کڕۆنا

٢- تاوانبار کردنی خەڵک بە گرینگی نەدان بەو نەخۆشیە و لابردنی بەرپرسایەتی لەسەر شانی خۆی

٣- سەرقاڵ کردنی خەڵک بەو نەخۆشیەوە و کەم کردنەوەی ناڕەزایەتیە سیاسی و ئابووریەکان

ئەو سیاسەتە لاوازانە لە بەرەنگار بوونەوەی کڕۆنادا بۆتە هۆی زۆرتر بوونی ئەو نەخۆشیە لە وڵاتی ئێراندا تا ڕادەیێک کە ڕۆژانە زۆرتر لە ٣٥٠ کەس گیانی خۆیان بە بۆنەی ئەو نەخۆشیەوە لە دەست دەدەن. تەنیا لە شاری بۆکان لە سەرەتای بڵاو بوونەوەی کرۆنا هەتاکوو ئێستا بە پێی ئامارە فەرمیەکان زۆرتر لە ٣٢٠ کەس بوونەتە قوربانی ئەو نەخۆشیە کە لە ١٠ ڕۆژی ڕابردوودا ڕۆژانە ٧ هەتا ١٥ کەس گیانی خۆیان لە دەست داوە.

زۆرتر بوونی ئەو نەخۆشیە جگە لە قوربانی کردنی دایکان و باوکانی ئەو خەڵکە، بۆتە هۆی گوشارێکی ئابووری زۆر لەسەر خەڵکی هەژاری شاری بۆکان.

بە پێی پرسیار لە بنەماڵەی نەخۆشەکان و هەروەها پەرستار و پزیشکەکانی نەخۆشخانەی بۆکان دەتوانین خەرجی نەخۆشی کڕۆنا لە پێنج بەخشدا بگونجێنین:

١- زۆرینەی نەخۆشەکان تەنیا بە سەرپێوە سەح دەکرێن و پێویستی بە مانەوەیان لە نەخۆشخانە نابێت کە خەرجی ئەو کەسانە ٣٠ هەتا ١٠٠ هەزار تمەن دەبێت.

٢- ئەو کەسانەی کە بە داواکاری خۆیان لە ماڵێدا دەمێننەوە و یان پێویستیان بە مانەوە لە نەخۆشخانە نابێت بۆ چاو پێکەوتنی پزیشک و پەرستار لە ماڵێدا دەبێ ١٠٠ هەزار هەتا ١ ملیۆن ( نرخەکان لە شاری جۆراوجۆر جیاوازن) بۆ هەر سەردانێکی ئەوان خەرج بکەن.

٣- کەسانێک کە پێداویستیان بە خەواندن لە نەخۆشخانە و آی سی یو هەیە ئەگەر بیمەیان هەبێ ١ هەتا ٥ ملیۆن تمەن و کاسانێک کە بیمەیان نەبێت هەتا ٣٠ ملیۆن تمەن لە نەخۆشخانەی دەوڵەتی خەرجیان هەیە.

٤- بە پێی هەواڵەکان ئەو کەسانەی کە لە شارە گەورەکان بە داواکاری خۆیان یان لەبەر چۆڵ نەبوونی تەختی نووستن لە نەخۆشخانە دەوڵەتیەکان دەچنە نەخۆشخانە تاییەتیەکان لە ٣٠ هەتاکوو ١٥٠ ملیۆن تمەنیان خەرج دەبێت.

٥- بەڵام جگە لەو خەرجانە، بە پێی پرسیارەکان ئەو نەخۆشانەی کە حاڵیان زۆر مەترسیدار دەبێت، لە نەخۆشخانە، پزیشکەکان داوای دەرزی رمدسیوییێریان لێ دەکەن کە ئەو دەوایە لە دواخانەکان بە پێی فەرمی دەست ناکەوێ و تەنیا لە بازاڕی ڕەشدا بە خەرجێکی زۆرەوە بنەماڵەی نەخۆشەکان دەتوانن بیکرن. تەنانەت بە پێی ئەو هەواڵانەی کە دەستمان کەوتووە ژومارەی پەیوەندی ئەو کەسانەی کە لە بازاڕی ڕەشدا خەریکی فرۆشتنی ئەو دەوایەن لە لایەن پەرستاروو پزیشکەکانی نەخۆشخانە دەدرێتە بنەماڵەی نەخۆشەکان. نرخی هەر دەرزییێکی رمدسیوییێر لە شاری بۆکان ٩ ملیۆن تمەنە کە هەر نەخۆشێک بە پێی وەزعی نەخۆشیەکەی ١ هەتاکوو ١٠ دەرزی پێویست دەبێت،کە تەنیا ئەو دەوایە بۆ بنەماڵەی نەخۆشە مەترسیدارەکان ٩ هەتا ٩٠ ملیۆن تمەن خەرج ساز دەکات.

ئەو کایە بە گیانی نەخۆشەکان و ساز بوونی بازاڕێکی زۆر پڕ سوود لە دەوای کڕۆنا چەند پرسیارێک ساز دەکات:

ئایا کەسانێک بە بێ ئاگاداری حکوومەت دەتوانن ئەو دەوایە بێننە نێو ئێرانەوە و لە بازاڕەکان بیفرۆشن؟

ئایا ئەو کڕین و فرۆشتنی دەوای پێویستی کڕۆنا لە بازاڕی ڕەشدا بە بێ ئاگاداری حکوومەت ساز بووە ؟

بە وەڵام دانەوە بەو پرسیارانە دەتوانین ئامانجێک بە ئامانجەکانی حکوومەت کە لە سەرێدا ئاماژەیان پێکرا زیاد بکەین: ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە ڕێگەی مافیای نێو وەزارەتی تەندروستی و بهداشتەوە بە کایە کردن بە گیان و ماڵی خەڵک (وەک هەموو بازاڕەکانی تر: بوورس،دولارو...) هەوڵ دەدا لە ڕێگای کۆ کردنەوەی پارەی خەڵکی ناچارو بێ دەسەڵات گوشارە ئابووریەکانی سەر خۆی کەم بکاتەوە.

بەڵام گرینگترین پرسیار ئەوەیە کە بە پێی ئەو خەرجانە ئایا نەخۆشی کڕۆنا لە ئێران تەنیا دەتوانێ نەخۆشی دەوڵەمەندان بێت؟ و ئەوەیکە خەڵکی هەژار چۆن دەتوانێ لە ژێر گوشاری نەخۆشی عازیزەکانی و گوشاری ئابووری، پشت ڕاست بکاتەوە؟؟؟!!!



# دیاردەی جاش و ئاشتەوایی لە داهاتوودا

کاوە حەسەن پوور

***ئەو بابەتەم لە خولی کارناسی شەڕ و ئاشتی دا لە ئۆسلۆ بە زمانی نۆروێژی نووسیوە و ئێستا بە هێندێک وردەکاری بە زمانی کوردی بڵاوی دەکەمەوە.**

«بەکرێگیراو» یان «جاش» کە لە زمانی خەڵکی عاممەی کورد دا زیاتر بەکارهێنراوە، بە کەسێک دەگووترێ کە دەستی دەگەڵ حکومەتی ناوەندی لە یەکێک لە بەشەکانی کوردستانی بندەست تێکەڵ کردووە و لە بڕی پارە یان ئیمکانات بە شێوەی نیزامی بە دژی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد، هەڵس و کەوت دەکا و دەگەڵ ڕۆڵەکانی گەلی خۆی، بە شەڕ دێ. جاش لە بواری مانابییەوە هەڵگری دوو واتایە جاشکی کەر و مارە بەجاش (هەمبانە بۆرینە). یەکەمیان ئەولادی کەرە و بۆ سووکایەتی کردن بەو کەسانەی بەکرێگیراوی حکومەتن بەکارهاتووە. بەڵام مانای دووهەم کە زیاتر سەرچاوەی دینی و ئایینی هەیە مەبەست لەو کەسەیە کە لە کاتی سێ بە سێ تەڵاق خواردن دا مارەیی پێ دێننەوە (×با×بایی). جاشێتی وەکوو کاسبی یان کردار تایبەت بە گەلی کورد نییە و بە باوەڕی خاوەن ڕایان ئەو شوغڵە یەکێک لە کۆنترین سەرچاوەکانی بژیوی مرۆڤ بووە و بە درێژایی مێژوو لە نێو زۆر میللەت دا سەری هەڵداوە. وەک لقی یۆنانییەکان کە لە شەڕەکانی نێوان ئێران و یۆنان دا (٥٠٠ ساڵ بەر لە دایک بوونی مەسیح) لە نێو ئەرتەشی ئەو کاتی ئێران (هەخامەنیشییەکان) دا سازمان درابوون و بە دژی گەلی خۆیان بە شەڕ دەهاتن و یارمەتی سوپای ئێرانیان دەدا.

ئەوەی لەو بابەتە دا دەمهەوێ جەختی لە سەر بکەم، شیکردنەوە یان خەسارناسی دیاردەی جاش نییە، بەڵکوو ڕوانینە لە ئاسۆی دوای ڕۆژی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لێدانی چەخماخەی باسێکە لەو پێوەندییە دا. دەسەڵاتی دوارۆژی کوردی لە ڕۆژهەڵات دەبێ چۆن دەگەڵ جاش هەڵس و کەوت بکا؟ ئایا لێبوردەیی و بەخشینی جاش هەڵبژاردەیەکی باشە؟ دەکرێ جاش لە پرۆسەیەکی عادڵانە دا دادگایی بکرێ؟ مەسڵەت کردن و ئاشتەوایی دەگەڵ جاش لە چ پێناوێک دا؟ ئایا تەنیا دەبێ جاش بە سزای تاوانەکانی خۆی بگا؟ تەکلیفی هەواڵگر، موخبیر و بەسیجییە کوردەکان چییە و لەو معادلەیە دا لە کوێ ڕاوەستاون؟ ئەوانە و چەندین پرسیاری دیکە هەوێن مایەی نووسینی ئەو بابەتەن. لە ڕاستیدا لەو بابەتە دا دەمهەوێ ئەزموونی ٣ وڵاتی ژاپۆن، ئاڵمان و ئەفریقای باشوور بخەمە ڕوو کە لە هەر سێکیان دا چۆنییەتی ڕووبەڕوو بوونەوە دەگەڵ ڕابردوو جیاوازە، تەنیا خاڵی هاوبەشی ئەو٣ وڵاتە ئەوەیە کە لە هەر سێکیان دا تاوانبارمان هەیە. هێچ وێکچوونێک لە نێوان ئەزموونی ئەو سێ وڵاتە دەگەڵ دیاردەی جاش دە ئارادانییە بەڵام دەکرێ وەکوو مۆدێل چاویان لێبکەین و دەرسیان لێوەرگرین و ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین، بەڕاست لە داهاتوو دا و بۆ یەکلاکردنەوەی دیاردەی جاش دا کێهە مۆدێل هەڵدەبژێرین؟

ئەوەی ڕاستی بێ مێژووی بەکرێگیراو یان جاش لە سەردەمی مۆدێڕن دا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگەڕێتەوە سەردەمی بزووتنەوەی سمایل ئاغای سمکۆ، ئەو کاتەی حکومەتی پاشایەتی لە ئێران بۆ ئەوەی بتوانێ دەنگ و باسی ناوچەی ژێر دەستی سمایل ئاغا بزانێ، کەسانی خۆجێیی وەکوو بەکرێگیراو سازمان دابوون و لە ڕێگەی ئەوانەوە دەستی بە هەواڵەکانی کوردستان دەگەیشت. (سمکۆ، ئیسماعیل ئاغای شوکاک: محمد رسول هاوار). لە دوای شەهیدبوونی سمایل ئاغا و لە دوای هاتنە سەر کاری حکومەتی حەمە ڕەزا شای پەهلەوی، چالاکی بەکرێگیراوەکان چڕ و پڕتر دەبێتەوە، مەلا محەممەد خزری لە کتێبی بزووتنەوە چەکدارییەکانی ٤٦ و ٤٧ دا بە وردی باس لەوە دەکا کە لەو سەردەمان دا حکومەتی شا ڕێژەی بەکرێگیراوەکانی زۆر زیاتر کردبوون و تەنانەت بەوەش ڕانەوەستاوە و بەکرێگیراوی ئاودیوی سنووری باشووری کوردستانیش کردوون هەتا شوێن پێی چالاکانی ئەوان سەردەمان بدۆزێتەوە. دیاردەی بەکرێگیراو خەساری گەورە و زیانی قەرەبوونەکراوەی لە ڕەوتی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان داوە، جاشەکان لە پێناو بەرژەوەندی تاکەکەسی و بنەماڵەیی خۆیان دا بە هاوکاری حکومەت دەستیان بە خوێنی هاونیشتمانانی خۆیان سوور کردووە، شەیتانی و شۆڤارییان لە خەڵک کردووە ، منداڵی خەڵکیان بێ دایک و باب کردووە، هێرشیان کردۆتە سەر کاسب کاران و کۆڵ بەران و بەم شێوەیە بژیوی ژیان و قووت ڕۆژانەی خەڵکیان بڕیوە و ... کاتێک باسی مەسڵەت کردن و ئاشتەوایی دەکەین، ڕێک مەبەستمان چارەسەری کێشەکانە. ئەو پرۆسەیە ئامانجی سەرەکی پێشگرتن لە ڕووداوی نەخوازراو وەک تۆڵە ئەستاندنەوە ، تەسفییە حیسابی تاکەکەسی، هەڕەج و مەڕەجە. یانی کار کردن لە سەر داهاتوویەکە کە لەوێ دا ژیان هاسانتر دەبێتەوە، بەم پێیە مەسڵەت کردن مەرحەمێکە بۆ ئەو کەسانەی زیانیان بەرکەوتووە و ئا لەم قۆناغە دا هەر دووک لا (چ ئەو لایەنەی زیانی بەرکەوتووە و چ ئەو لایەنەی زیانی بە خەڵک گەیاندووە) بە شێوەیەکی سەردەمیانە و بە دوور لە توند و تیژی بژین، تەنانەت بە ڕوانگە و بۆ چوونی جیاوازەوە. ئاشتەوایی دەکرێ وەکوو ساغ کردنەوە یان چاک کردنەوەی پێوەندییەکانیش لێک بدرێتەوە. ئاشتەوایی و مەسڵەت کردن زیاتر وەکوو باڵانس ڕاگرتن لە نێوان دوو لایەن دا دێتە ئەژمار. کەوایە ئەساس و بنەمای ئاشتەوایی لە سەر وەدیهاتنی عەداڵەتە. ئایا تاقم و گرووپ یان کەسانێک کە زیانیان بە خەڵک گەیاندووە، توند و تیژی و زۆر جار ناعەداڵەتیان دەرحەق بە خەڵک بە کار هێناوە، دەبێ سزا بدرێن؟ ئەو سزادانە چۆن چۆنی جێ بە جێ دەکرێ؟ سنووری نێوان تاوان و بێگوناهی لە کوێیە؟ ئایا تەنیا ئەو کەسانە دەبێ سزا بدرێن کە دەستیان بە خوێنی خەڵک سوورە یان ئەو کەسانەی سیخوڕی و موخبیرییان بۆ دەسەڵات کردووە، ئەوانیش دەگرێتەوە؟ ئایا دەکرێ لێبوردەیی وەکوو بژاردەیەک سەیر بکرێ؟ بیر و ڕای گشتی خەڵک لە سەر ئەو لێبوردەیی چۆن دەبێ؟ خودی دەستەواژەی ئاشتەوایی (مەسڵەت کردن) خۆی لە خۆیدا جێگای بەحس و موناقشەیە بەو واتایە کە زۆر جار لێبوردەیی شوێندانەری هەبووە.

ئەو بابەتە لە سەر بنەمای ئاشتەوایی یان مەسڵەت کردن «lihevhatinê» یان بە ئینگلیسی « reconciliation » دارێژراوە، کە لە زانستی سیاسەت و پێوەندی نێودەوڵەتییەکان دا گرینگی تایبەتی خۆی هەیە. مەسڵەت کردن هەر لە پێوەندییە کۆمەڵاتییەکانیش دا بەم شێوەیە پێناسە دەکرێ، مەسڵەت کردن لە کولتووری کۆنی کورد دا وەکوو دەستە واژە لە کاتی ژن هەڵگرتن یان کچ ڕەدوو کەوتن دا کاری پێدەکرا، یانی کاتێک عەمەلی ژن هەڵگرتن ڕوویدەدا، بنەماڵەی پیاوەکە دەستەیەکیان کەیخودا دەناردە ماڵی ژن یا کچەکە بۆ مەسڵەت کردن و دوای جارێک یان چەندین جار گفتگۆ و ئاخافتنێ دوو لایەنە، لە سەر هێندێک خاڵ وەکوو مەرج پێکدەهاتن و مەسڵەت دەکرا. ئیدی لە دوای ئەو مەسڵەتە دوژمنایەتی لە نێوان بنەماڵە، تایفە و عەشیرەتەکان دا نەدەما و پێوەندییەکان ئاسایی دەبوونەوە. مەسڵەت کردن هەر بەو پێ و دانگە بە قۆناغی بەر لە سوڵح یان ئاشتی لە زانستی سیاسەت و پێوەندییە نێو دەوڵەتییەکان دا دێتە ئەژمار، بەو مانایە کە مەسڵەت کردن بنەمای ئەسڵی و بنچینەیی ئاشتییە. reconciliation لە ئەساس دا دەستەواژەیەکی ئایینییە و لە دینی مەسیحییەتەوە وەرگیراوە. ئەو دەستەواژەیە شی دەکاتەوە چۆن چۆنی ئاشتەوایی لە نێوان خوا و مرۆڤ دا ئیمکانی هەیە؟ *دیکشێنێری.

ئاتڵە سۆممێرفێلت (Atle Sommerfeldt) گەورە ئەسقەفی نۆروێژی پێی وایە ئەو دەستەواژەیە لە دەیەی نەوەد دا لە باری مانابییەوە گۆڕانی گەورەی بە سەر داهاتووە، یانی لەو کۆمەڵگایانە دا کە کێشەی سیاسیی و کۆمەڵایەتی بەڕۆکی پێگرتبوون، بە مەبەستی هێور کردنەوەی کۆمەڵگاکان و ڕوانین لە دوارۆژێکی ڕوون بەکار هاتووە (Sommerfeldt , ٢٠٠٥:١٣٣). بەم پێیە ئاشتەوایی دەستەواژەیەکی مۆدێڕنە لە دونیای سیاسەت دا . ئاشتەوایی دەکرێ بەم شێوەیەش تاریف بکرێ: دژمنانی پێشوو ڕێگاچارەیەک بۆ کۆتایی هێنان بە کێشەکانیان دەبیننەوە و تەبایی و پێکەوە ژیان هەڵدەبژێرن (Sommerfeldt , ٢٠٠٥:١٣٥). بە شێوەیەکی گشتی ئاشتەوایی پرۆسەیەکە کە لەو دا لایەنەکانی ناتەبا کێشە و ململانییەکان وەلا دەنێن و پێوەندییەکانیان ئاسایی دەکەنەوە و توند و تیژی بەرامبەر یەکدی بەکار ناهێنن (Ramsbotham, Woodhouse & Miall , ٢٠١٦: ٢٨٦).بەڵام ئاشتەوایی چۆن دێتە دی؟ ئایا جیاوازی فەرهەنگی دەتوانی کاریگەری هەبێ بە سەر پرۆسەی ئاشتەوایی دا؟ کاتێک لە نێوان زاڵم و مەزلووم دا عەداڵەت مسۆگەر دەبێ، ئەوە ئاشتەوایی هاتۆتە دی یان کاتێک تاوانبارانی شەڕ بە سزای کردەوەکانی خۆیان دەگەن؟ دەکرێ ئاشتەوایی بە «قووت دانی حەبێکی تاڵ» تەعبیر بکەین؟ خاوەن ڕایان لە سەر هەر یەک لەو پرسیارانە بابەتگەلێکی زۆریان نووسیوە بەڵام ئەوەی بەگشتی لە پێوەندی دەگەڵ پرۆسەی ئاشتەوایی دا دەبێ وەبەر چاو بگیرێن، بریتییە لە چوار قۆناغ. بۆ ئەوەی بە ئاشتی ڕاستەقینە بگەین دەبێ سەرەتا مەسڵەت بکەین و ئەو گرینگەش پێویستی بە جێ بە جێ کردنی یەک لە دوای یەکی ئەو قۆناغانەیە:

١. قەبوڵ کردنی وەزعییەتی مەوجوود (status quo)
٢. دانیشتن و تێکگەیشتنی نێوان لایەنەکان ـ
٣. سازان لە سەر ئەو خاڵانەی ماکەی دژایەتییان لێ ساز بووە یان درووست کردنی پردێک لە نێوان تێبینییە جۆراوجۆرەکان.
٤. ئاشتی لە نێوان دژمنانی پێشوو دا. (Ramsbotham et al. , ٢٠١٦:٢٨٨)

خاڵی یەکەم قەبووڵ کردنی وەزعییەتی مەوجوودە، زیاتر وەک بژاردەیەکی نیگاتو دەچێ، هەر دەڵێی مرۆڤ هیچ بژاردەیەکی دیکەی لە بەر دەم نییە و قەبووڵ کردنی ئەو وەزعییەتە بە بەخت و ئیقباڵییەوە گرێدراوە، بەڵام ئەوە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە و ئەو کەسانەی خوازیاری ئاشتی ڕاستەقینە و نەمانی شەڕن، دەبێ سەرەتا وەزعییەتی مەوجوود قەبووڵ بکەن. دەبێ دان بەوە دابنێن کە کە لە شەڕ و کێشە دان و درێژەدانی ئەو وەزعییەتە غەیری زیان هیچی دیکەی لێناکەوێتەوە. ئەگەر بمانهەوێ ئەو بەشە دەگەڵ دیاردەی بەکرێگیراو دا هەڵسەنگێنین، ئاساییە دەبێ قەبوڵی کەین ئێمە دیاردەی بەکرێگیراومان هەبووە و خەڵکێک زیانیان بەرکەوتووە و دەبێ چارەسەری بۆ بدۆزینەوە.

قۆناغی دووهەم باسی ئەوەیە هەتا دانیشتن و لێک تێگەیشتن لە نێوان لایەنەکان ڕوونەدا، ئەوا ئاشتی ڕاستەقینە مەحاڵە دەستبەر بکرێ. دەبێ لایەنەکان داخوازی و دعایەکانیان بێننە بەر باس و گفتگۆیان لە سەر بکرێ. ئەو داخوازییانە دەبێ بەراورد بکرێن، خاڵی هاوبەشیان بۆ پێکەوە سازان تێدا بدیترێتەوە ، ئەگینا بە ڕەخنە لێکگرتن و دیتنەوەی جیاوازییەکان کێشەکان حەل نابن. دە قۆناغی سێهەم دا کە باسمان کرد درووست کردنی پردێک دەتوانێ جیاوازییەکان لێک گرێ بدا و لێک نزیک بوونەوەیەکی واقیعی بیتە ئاراوە. لێرە دا ئێمە دەرگایەک بە ڕووی یەکتر دەکەینەوە، مەجال و ئیمکان دەدەین بە یەکتر . لە قۆناغی چوارەم دا ئیدی دوژمنایەتی پێشوو وەلا دەنرێ و کەشێکی عاتیفی و دەلاقەیەکی نوێ بەرەو داهاتوو دەخولقێ. (Pankhurst ,١٩٩٨)

بەکارهێنانی ئامێری حکوومی لە دوای شەڕ:

بۆ گەیشتن بە قۆناغی چوارەم واتە ئاشتی ڕاستەقینە دەکرێ حکوومەتەکان کەڵک لە کەرەستەی جۆراوجۆر وەرگرن. پێکهێنانی کۆمیسیۆن بۆ دۆزینەوەی حەقیقەت یەکێک لەو کەرەستانەیە کە دەتوانێ دەوری بەرچاو بگێڕێ. لەو پرۆسەیە دا گێڕانەوە و شایەتی دان بنەمای ئەو ڕەوتە پێکدێنێ. لە ڕاستی دا کومیسیۆن لە پێوەندی دەگەڵ ئاکاری جاشەکان لە دەورانی حکومەتی پێشوو دا، داوا لە خەڵک دەکا بێن و شکایەتەکانیان تۆمار بکەن، بەم شێوەیە ئەو کەسانەی زەرەرمەند بوون و زیان بەرکەوتووە دێن و شایەتی دەدەن و بەسەرهاتی خۆیان دەگێڕنەوە ، ئەو ڕەوتە دەبێ لەوپەڕی سەداقەت، ئاوەڵایی وشەفافییەت دا بگیرڕێتەوە. بە سەداقەتەوە یانی ڕووداوەکان چۆن بوون بە بێ کەم و زیاد کردن وەک خۆی باس بکرێن. بە ئاوەڵایی مەبەست ئەوەیە ڕەگەز، کولتووری نەشیاو، کۆمەڵگا نەبن بە بەربەست بۆ ئەوەی بۆ وێنە ژنێک نەتوانێ باس لە دەسرێژی جیسنی بکا کە لە لایان تاوانبارێک کراوەتە سەری و بەم شێوەیە سەرپۆش لە سەر ڕاستییەکان دابندرێ و دیزە بەدەر خوونە بکرێن. (Barash & Webel , ٢٠١٨: ٦٠٣).

ئافریقای باشوور:

ئافریقای باشوور یەکێک لەو وڵاتانەیە کە لە دوای ڕژیمی ئاپارتاید و هاتنە سەر کاری نێلسۆن ماندێللا وەک سەرۆک کۆمار، کۆمیسیۆنی دۆزینەوەی حەقیقەتی درووست کرد. لە ڕاستی بە کارهێنانی ئەو کۆمیسیۆنە لە لایان حکومەتی ماندێللاوە لە نەوعی خۆی دا بێ وێنەیە.

ئاپارتاید بە مانای جیاکردنەوە و هەڵاواردنە و کاتێک لە حکومەت و سیاسەت دا بە کاردێ، بە هەڵاواردن و جیاوازی ڕەگەزی وێنا دەکرێ. ئاپارتاید لە ئەفریقای باشوور یەکێک لە وەحشیانەترین شێوەکانی ڕاسیزم بوو کە لە لایان کەمینەی سپی پێستەوە بە سەر زۆرینەی ڕەش پێستی ئەو وڵاتە دا سپا. بۆ ماوەی نزیک بە نیو سەدە خەڵکی ڕەش پێستەکان لە لایان سپی پێستەکانەوە لە شوێنی ژیانیان دەگوزێرانەوە و کۆچیان پێدەکرا. حەقی خوێندن، نووسین و کار کردنیان لێ زەوت کرابوو. نێلسۆن ماندێللا کە دژبەری نیزامی ئاپارتاید بوو بە هۆی چالاکییەکانی لەوبوارە دا بۆ ماوەی ٢٨ ساڵ زیندانی کرا، بەڵام دوای ئازادبوونیشی دیسان دەستی کردەوە بە خەبات و دوای یەکساڵ بوو بە سەرۆک کۆماری ئەو وڵاتە. هەر لە دوای هاتنە سەر کاری دەستی کرد بە ساز کردنی کۆمیسیۆنی دۆزینەوەی حەقیقەت بە مەبەستی مەسڵەت کردن و ئاشتەوایی لەو وڵاتە لە نێوان ڕەش پێستەکان و سپی پێستەکان دا. (Barash & Webel , ٢٠١٨: ٦٠٤)

ئامانجی ئەو کۆمیسیۆنە چەند ڕەهەندی بووە لە پلەی یەکەم دا کۆکردنەوەی بەڵگە لە سەر ئەو بەسەرهاتانەی کە ڕوویان داوە، لە پلەی دووهەم دا کەلک وەرگرتن لە ئەزموونی ئەو کەسانە کە وەک قورربانی لە ڕووداوەکان دابوون، هەتا ئەو ڕووداوانە لە زەینی جەمعی خەڵک دا بمێنێتەوە و ببنە دەرس و سەرمەشق بۆ داهاتوو. لە لایەکی دیکەوە کومیسیۆن پێی وابوو گێڕانەوەی ڕووداوەکان، باری خەم و ئازارەکان لە سەر قوربانییەکان سووک و دەکا و بەم شێوەیە ئازارەکان لە نێو هەموو کۆمەڵگا دا بەشکراون. کومیسیۆنی لەم شێوەیە لە زۆر وڵاتی دونیا دا پێکهاتوون و لە زۆربەی ئەو وڵاتانەش نیشانی داوە ئەنجامەکانی باش بوون و دەشێ کاریان پێ بکرێ.

کاری ئەو کۆمیسیۆنە بەم جۆرە بوو کە قوربانی دەهات و بەسەرهاتێکی ڕاستەقینەی دەگێڕایەوە، لەم پێوەندییە دا تاوانباری ڕووداوەکەش ئەگەر لە ژیان دامابا بانگهێشت دەکرا . ئەو دوو لایەنە بەرامبەر یەکدی دادەنران و وت و وێژیان دەکرد، قوربانی باسی لە تاوانەکە دەکرد و تاوانبارەکەش دانی بە گوناهی خۆی دەنا. ئەو دیمانانە تۆمار دەکران و لە نیهایەت دا تاوانبار و قوربانی وێکڕا ئاشت دەبوونەوە و ڕابردوویان لە بیر دەبردەوە.

...بۆ ل١٣

## درێژەی لاپەرەی ١٢

به بێ ئەوەی تاوانبار به سزای تاوانی خۆی بگا یان قەرەبووی بکاتەوە. کۆمیسیۆن توانی زیاتر له ١٦٠٠٠ دیمانه تۆمار بکا
که لەوان دا بۆ وێنه جیرانی سپی پێست، بێ حورمەتی به جیرانی رەش پێشتی خۆی کردووە ، مندالّی رەش پێست نراوەته بەر کاری زۆرەملی، ژن دەسرێژی سێکسی کراوەته سەر ، له مەکتەب و قووتابخانەکان دا هەڵاواردنی سیستماتیک ئەنجام دراوە و رەش پێستەکان له زێدی دایی و بابی خۆیان دوور خراونەتەوە و ...
گومان لەوە دانییه که ئافریقای باشوور بەم شێوەیه رێگای خۆی بۆ رووبەروو بوونەوە دەگەڵ رابردووی خۆی هەموار کرد، بەڵام ئەو کۆمیسیۆنه بەر له هەموو شت جەختی له سەر بیستنی حەقیقەت بوو هەتا گەیشتن به عەداڵەت. دوا به دوای ئەوەی کۆمیسیۆن کارەکانی خۆی تەواو کرد بەرەورووی رەخنەی زۆر توند بۆوە، ئێستاشی دەگەڵ بێ رەخنەی زۆر هاتۆتەوە سەر شێوەی کاری کۆمیسیۆنەکە. دەوڵەتی ماندێلا و هاوکارانیان له کۆمیسیۆن پێیان وابوو زانینی راستییەکان و کەشفی حەقیقەت، ئاشتی به دووی خوی دادێنێ. بەڵام وەک گۆڵپن دەڵێ: تۆ بزانی ئەو هەموو کارەساته روویداوە و کەسانێک تێیدا تاوانبارن و کەسانێک قوربانی بەڵام به بێ ئەوەی تاوانبار باجێک بۆ کردەوەی خۆی بدا هەروا عەفوو ی بکەی، دەتوانێ زۆر به هاسانی تورەیی و دژکردەوەی وەک تۆڵەی له نێو کۆمەڵگا دا لێبکەوێتەوە. دەرد و ئازاری ئاپارتاید بیسترا و دەبیسترێ، زۆر کەس ئێستاش له ئافریقا چاوەڕوانن تاوانباران له پرۆسەیەکی عادڵانه دا به سزای تاوانەکانیان بگەن. (Gloppen , ٢٠٠٩:٩-١٠)
Vergangenheitsbew□ltigung له ئاڵمان:
له نێوان هەموو ئەو ئەزموونانەی له سەر مەسڵەت کردن لەدونیای سیاسەت و بەتایبەت شەڕ دا له بەر دەست هەیه، ئەزموونی وڵاتی ئاڵمان له دوای شەڕی دووهەمی جیهانی زۆر جیاوزە.
Vergangenheitsbew□ltigung
که وشەیەکی ئاڵمانییه به مانای رووبەڕوونەوە دەگەڵ رابردوویە. ئەو دەستەواژەیه له ئەساس دا دووبەش پێکهاتووە له «رابردوو» و «خۆ دیتنەوە تێیدا». ئەگەر بمانهەوێ کارکردی ئەو وشەیه له باری مانایيەوە له پرۆسەی ئاشتەوایی دا وێنا بکەین دەتوانین بڵێین، فێر بوونی چۆنییەتی ژیان دەگەڵ ئەو کارەساتانەی له رابردوو دا روویان داوە.
سانتایانا فیلسووفی ئیسپانیایی دەڵێ: ئەو کەسانەی دەرس له مێژوو وەرناگرن، محکوومن بەوەی دیسان هەڵەکانیان دووپات کەنەوە. به ئیلهام وەرگرتن لەو وتەیه ئاڵمان مەجبوور بوو دەگەڵ هۆلۆکاست و راستییەکانی شەڕی دووهەمی جیهانی رووبەڕووبێت. له دوای شەڕی دووهەمی جیهانی ئاڵمان حەشیمەتێکی له سەر دەست ماوە که بەشی زۆریان تاوانبار بوون یانی به پێچەوانەی ئافریقای باشوور که دوو لایەنی تاوانبار و قوربانی تێدابوو و مەجبور بوون دەگەڵ یەک بژین، ئەوا له ئاڵمان یەک لایەن هەبوو که بەشی زۆری تاوانبار بوون و مەجبوور بوون دەگەڵ رابردووی خۆیان ئاشت بنەوە. ئەو تاوانبارانه بەشێکیان خەڵکی مەدەنی بوون، بۆ ئەوەی ئەو خەڵکه پێ له هەڵەکانی خۆی بنێ و بزانێ چیکردووە هەم کلیسای کاتۆلیک و هەم پرۆتێستان لەو وڵاته رۆڵێکی بەرچاویان گێڕا. ئەو پرۆسەیه هەر به دانپێدانان و ناسینی هەڵە تەواو نەبوو، بەڵکوو له دوای شەڕی دووهەمی جیهانی هەتا ئێستا بەردەوام بووە. له رێگای راهێنان، خوێندنەوە، شەفافییەت و راستوێژی، سەردانی ئوردوگاکانی کاری ئیجباری و ئەو کوورانەی له لایان حکومەتی نازییەوە بۆ سووتاندنی مرۆڤ کەلکیان لێوەرگیرابوو. ئەوانه هەر یەکە و بەشێکن لەو پرۆسەیە و ئامانجیان ئەوەیه به تایبەتی جیلی نوێی ئاڵمان و به گشتی خەڵکی وڵاتەکە دەرس له رابردوو وەرگرن و بزانن که له رابردوو دا چۆنیان ناحەقی به دژی دیتران کردووە. یەکێک له کارە گرینگەکانی دیکەی وڵاتی ئاڵمان بۆ مەسڵەت کردن دەگەڵ قوربانیان دانی غەرامەت به جوولەکەکان و وڵاتی ئیسرائیل بوو.
له ٧ی دێسامبەری ساڵی ١٩٧٠ دا، بیست و پێنج ساڵ دوای شەڕی دووهەمی جیهانی، ویلی برانت (راوێژکاری گشتی) یان سەدری ئەعزەمی وڵاتی ئاڵمان بۆ نوێ کردنەوەی دۆستایەتی سەردانی وەرسای وڵاتی لەهێستانی کرد. لەهێستان له شەڕی دووهەمی جیهانی دا زیانی بەرچاوی بەرکەوتبوو، برانت لەو سەفەره دا زۆر خاکەڕایانه له بەر دەم ئێلێمانی قارەمانانی گیتوو چۆکی دادا و چەند خولەک لەم حاڵەتەدا مایەوە.

هەرچەند ئەو خۆی یەکێک له دژبەرانی هیتلێر بوو بەڵام ئەو کردەوەیەی برانت وەکوو کەسی یەکەمی وڵاتی ئاڵمان لەو سەردەمه دا زۆر جێی بایەخ بوو و وەکوو رووداوێکی مێژوویی سەیر دەکرێ. کردەوەی برانت له هەر دووک وڵاتی لەهێستان و ئاڵمان له لایان بەشێک له خەڵکەوە رەخنەی هاتەوە سەر. زۆر کەسیش پێیان باش بوو و به گرینگیان دەزانی برانت وەکوو نوێنەری خەڵکی ئاڵمان نیشانی دا ئەو وڵاته ئاشتی راستەقینەی دەوێ و به شەهامەتەوە دەتوانێ دان به هەڵە و تاواکانی خۆی بنێ. برانت ساڵێک دوایه له ئۆسلۆ خەڵات نۆبێلی ئاشتی وەرگرت. له داهاتووی کوردستانیش دا رووبەرووبوونەوە دەگەڵ جاش دو دەستەیی ساز دەکا، کەسانێک هەن به دڵنیاییەوە لایەنگری سزای سەخت و تەنانەت مەرگن بۆ جاش. (Barash & Webel , ٢٠١٨: ٦٠٦)
ژاپۆن- کوشتاری نانجینگ
ژاپۆن له مەسڵەت کردن و رووبەروو بوونەوە دەگەڵ رابردووی خۆی دا سیاسەتی حاشا کردنی هەڵبژاردووە. له شەڕی نێوان ژاپۆن و چین دا شیمانه دەکرێ ٣٠٠٠٠٠ هەزار کەس له خەڵکی سیڤیلی چینی به دەستی ژاپۆنییەکان کووژراون و بیست هەزار بۆ هەشتا هەزار ژنیش دەسرێژی سێکسیان کراوەته سەر. ئەو رووداوانه له نانجینگی وڵاتی چین و له دوای ١٣ دێسامبەری ١٩٣٧ له نێوان ٦ حەوتوو دا روویان داوە. وڵاتی ژاپۆن ئێستاشی دەگەڵ بێ ئەو تاوانانەی وەئەستۆ نەگرتووە و بەردەوام له دیفاعی مەشروع بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو ئیدعایانه کەلک وەردەگرێ. بەڵگە و سەنەدی زۆر ئاشکرا له بەر دەستن که نیشان دەدەن ژاپۆن جینایاتی شەڕی ئەنجام داوە لەوانه ئەو منداڵانەی له دوای دەسرێژی سێکسی بۆ سەر ژنه چینییەکان هاتوونەته دونیا، له تێستی دی ئێن ئای دای رەگەزی ژاپۆنیان هەیە، ئینجا گەوایی دان و دانپێدانانی سەربازانی ژاپۆنی که دیمانەیان دەگەڵ کراوە، هەم دیمانەی قوربانییەکانیش ئەو راستییانه دەسەلمێنن. بەڵام ژاپۆن یەکەم ئەو رێژەیەی بۆ قوربانییەکان قەبووڵ نییه و ئیدعا دەکا قوربانییەکان له مابەینی سەد و دووسەت هەزار کەس دان و ئینجا دەسرێژی سێکسیش ئەنجام نەدراوە و هەرچی هەبووە لەو شەڕە دا دیفاعی مەشرووع له سەروەری ژاپۆن بووە.


(Barash & Webel , ٢٠١٨: ٦٠٧)
ئاکامی بابەت
مێژووی بەکرێگیراو یان جاش له سەردەمی مۆدێرن دا له رۆژهەڵاتی کوردستان دەگەڕێتەوە سەردەمی بزووتنەوەی سمایل ئاغای سمکۆ. دیاردەی بەکرێگیراو خەساری گەورە و زیانی قەرەبوونەکراوەی له رەوتی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلی کورد له رۆژهەڵاتی کوردستان داوە. له داهاتووی کوردستانێکی ئازاد دا جاش دەبێ چۆنی مامەڵه دەگەڵ بکرێ؟ ئایا دەبێ سزابدرێن؟ چۆن کورد لەو قۆناغه به ئاشتەوایی و مەسڵەت کردن دەگەڵ بەشێک له رۆڵەکانی دەگا که رۆژگارێک ببوونه کۆسپ له سەر ئازادی و سەربەستی میللەتی خۆیان دا؟ جاشەکان له پێناو بەرژەوەندی تاکەکەسی و بنەماڵەیی خۆیان دا به هاوکاری حکومەت دەستیان به خوێنی هاونیشتمانانی خۆیان سوور کردووە، شەیتانی و شۆڤارییان له خەڵک کردووە ، منداڵی خەڵکیان بێ دایک و باب کردووە، هێرشیان کردۆته سەر کاسب کاران و کۆڵ بەران و بەم شێوەیه بژێوی ژیان و قووت رۆژانەی خەڵکیان بریوە و ... کاتێک باسی مەسڵەت کردن و ئاشتەوایی دەکەین، رێک مەبەستمان چارەسەری کێشەکانه. ئەو پرۆسەیه ئامانجی سەرەکی پێشگرتن له رووداوی نەخوازراو، تۆڵە ئەستاندنەوە ، تەسفییە حیسابی تاکەکەسی، هەرەج و مەرەج و کار کردن له سەر داهاتوویەکە که لەوێ دا ژیان هاسانتر دەبێتەوە.
وەک باسمان کرد بۆ ئەوەی به ئاشتی راستەقینه بگەین دەبێ سەرەتا مەسڵەت بکەین و ئەو گرینگەش پێویستی به جێ به جێ کردنی یەک له دوای یەکی ئەو قۆناغانەیە:
١. قەبوڵ کردنی وەزعییەتی مەوجوود (status quo)
٢. دانیشتن و تێگەیشتنی نێوان لایەنەکان .
٣. سازان له سەر ئەو خاڵانەی ماکەی دژایەتییان لێ ساز بووە یان درووست کردنی پردێک له نێوان تێبینییه جۆراوجۆرەکان.
٤. ئاشتی له نێوان دژمنانی پێشوو دا.
لەم بابەته دا سێ نموونەم له سێ وڵاتی جیاواز، له سێ بەشی دوونیا هێنایەوە ( ئەفریقای باشوور، ئاڵمان و ژاپۆن) ئەو سێ وڵاته سێ رەهەندی جیاوازیان دەگەڵ رووبەروو بوونەوە دەگەڵ رابردووی خۆیان و له پێوەندی دەگەڵ مەسڵەت کردن و ئاشتەوایی گرتۆته بەر. ئافریقای باشوور له دوای رژیمی ئاپارتاید له دەورانی حکومەتی نێلسۆن ماندێلا دا کەلکی له کۆمیسیۆنی دۆزینەوە حەقیقەت وەرگرت، بۆ جێ به جێ کردنی ئەو کارە، هەر دووک لایەنی تاوانبار (سپی پێستەکان) و قوربانی (رەش پێستەکان) له بەرامبەر یەکتر دادەندران، کاری ئەو کۆمیسیۆنه بەم جۆرە بوو که قوربانی دەهات و بەسەرهاتێکی راستەقینەی دەگێڕایەوە، تاوانبارەکەش دانی به گوناهی خۆی دەنا ودواتر بێ ئەوەی کەسەکه به سزا بگا دەبەخشرا. کومیسیۆن پێی وابوو گێرانەوەی رووداوەکان، باری خەم و ئازارەکان له سەر قوربانییەکان سووک و دەکا و بەم شێوەیه ئازارەکان له نێو کۆمەڵگا دا بەشکراون. ئەو دیمانانه تۆمار دەکران و له نیهایەت دا تاوانبار و قوربانی وێکرا ئاشت دەبوونەوە. له رژیمی ئاپارتاید دا سپی پێستەکان زۆر مافی رەش پێشتەکانیان خسته ژێر پێ و پێشێلیان کرد بۆ وێنه منداڵی رەش پێست نراوەته بەر کاری زۆرەملی، ژن دەسرێژی سێکسی کراوەته سەر ، له مەکتەب و قووتابخانەکان دا هەڵاواردنی سیستماتیک ئەنجام دراوە و ...
گومان لەوە دانییه که ئافریقای باشوور بەم شێوەیه رێگای خۆی بۆ رووبەروو بوونەوە دەگەڵ رابردوو دۆزییەوە، بەڵام ئەو کۆمیسیۆنه بەر له هەموو شت کار و تێکۆشانی، گوێگرتن له حەقیقەت بوو هەتا گەیشتن به عەداڵەت، دەرد و ئازاری ئاپارتاید بیسترا و دەبیسترێ، بەڵام زۆر کەس ئێستاش له ئافریقا چاوەڕوانن تاوانباران له پرۆسەیەکی عادڵانه دا به سزای تاوانەکانیان بگەن.
Vergangenheitsbew□ltigung
که وشەیەکی ئاڵمانییه به مانای رووبەڕوونەوە دەگەڵ رابردوویە. له دوای شەڕی دووهەمی جیهانی، ئاڵمان حەشیمەتێکی له سەر دەست ماوە که بەشی زۆریان تاوانبار بوون یانی به پێچەوانەی ئافریقای باشوور که دوو لایەنی تاوانبار و قوربانی تێدابوو و مەجبور بوون دەگەڵ یەک بژین، ئەوا له ئاڵمان یەک لایەن هەبوو که بەشی زۆری تاوانبار بوون و مەجبوور بوون دەگەڵ رابردووی خۆیان ئاشت بنەوە. ئەو تاوانبارانه بەشێکیان خەڵکی مەدەنی بوون، بۆ ئەوەی ئەو خەڵکه پێ له هەڵەکانی خۆی بنێ و بزانێ چیکردووە هەم کلیسای کاتۆلیک و هەم پرۆتێستان لەو وڵاته رۆڵێکی بەرچاویان گێڕا. ئەو پرۆسەیه هەر به دانپێدانان و ناسینی هەڵە تەواو نەبوو، بەڵکوو له دوای شەڕی دووهەمی جیهانی هەتا ئێستا بەردەوام بووە. له رێگای راهێنان، خوێندنەوە، شەفافییەت و راستوێژی، سەردانی ئوردوگاکانی کاری ئیجباری و ئەو کوورانەی بۆ سووتاندنی مرۆڤ کەلکیان لێوەرگیرابوو. یەکێک له کارە گرینگەکانی دیکەی وڵاتی ئاڵمان بۆ مەسڵەت کردن دەگەڵ قوربانیان دانی غەرامەت به جوولەکەکان و وڵاتی ئیسرائیل بوو. له ٧ی دێسامبەری ساڵی ١٩٧٠ دا، بیست و پێنج ساڵ دوای شەڕی دووهەمی جیهانی دا ویلی برانت (راوێژکاری گشتی) یان سەدری ئەعزەمی وڵاتی ئاڵمان بۆ نوێ کردنەوەی دۆستایەتی سەردانی وەرسای وڵاتی لەهێستانی کرد، برانت لەو سەفەره دا زۆر خاکەڕایانه له بەر دەم ئێلێمانی قارەمانانی گیتوو چۆکی دادا و چەند خولەک لەم حاڵەتەدا مایەوە. برانت وەکوو نوێنەری خەڵکی ئاڵمان نیشانی دا ئەو وڵاته ئاشتی راستەقینەی دەوێ و به شەهامەتەوە دەتوانێ دان به هەڵە و تاواکانی خۆی بنێ.
ژاپۆن له مەسڵەت کردن و رووبەروو بوونەوە دەگەڵ رابردووی خۆی دا سیاسەتی حاشا کردنی هەڵبژاردووە. له شەڕی نێوان ژاپۆن و چین دا شیمانه دەکرێ ٣٠٠٠٠٠ هەزار کەس له خەڵکی سیڤیلی چینی به دەستی ژاپۆنییەکان کووژراون و بیست هەزار بۆ هەشتا هەزار ژنیش دەسرێژی سێکسیان کراوەته سەر. هەم دیمانەی سەربازانی تاوانبار و هەم قوربانییەکانیش ئەو راستییانه دەسەلمێنن. بەڵام ژاپۆن یەکەم ئەو رێژەیەی بۆ قوربانییەکان قەبووڵ نییه و ئیدعا دەکا قوربانییەکان له مابەینی سەد و دووسەت هەزار کەس دان و ئینجا دەسرێژی سێکسیش ئەنجام نەدراوە و هەرچی هەبووە لەو شەڕە دا دیفاعی مەشرووع له سەروەری ژاپۆن بووە.
ئەزموونی ئافریقا تەنیا بیستن و به راپۆرت کردنی تاوانەکان بوون، ئەزموونی ئاڵمان دەرس وەرگرتن له رابردوو و ئاشت بوونەوە دەگەڵ مێژوو بوو. بەڵام ژاپۆن حاشا لێکردن و وەپشت گوێ خستن بوو. به بروای من کورد بۆ رووبەڕوو بوونەوە دەگەڵ جاش له داهاتوو دا دەتوانێ سوود له سەر سێک مۆدێل وەرگرێ.

## بانگەوازەکانی جەلال مەلەکشا

# هاواری زولاڵ، بە هەیبەت و شۆڕشگێرانە دژی زوڵم و زۆرداری و زیندان

**بێهروز مەلەکشا**

مامۆستا جەلال مەلەکشا ، گەورە شاعیرو نووسەرو ڕۆژنامەوان و بیرمەندی کوورد ، لە سالی ١٣٣٠ هەتاوی (١٩٥١ی زایینی ) لە بنەماڵەیەکی شۆڕشگێرو کوردپەروەر ، لەگوندی مەلەکشای سەر بە شاری سنە لەدایک بووە و هەر لەو شارە خوێندوویەتی و گەشەی کردووەو بڕوانامەی دیپلۆمی ئەدەبی وەرگرتوە .
کاک جەلال هەر لە منداڵی و مێرمنداڵی یەوە هۆگری شێعرو نووسین بووە و لە سۆنگەی مام (عبدالر×ا)یەوە کە کەسایەتێکی خۆێندەوارو شارەزای زمان و ئەدەب و مێژوو بووە ، ئاشنا دەبێ لەگەڵ بەرهەمی زۆربەی گەورە شاعیرانی کوردو فارس و.. هەر لە سەردەمی مێرمنداڵییەوە دەس دەکات بە نووسین .
زۆربەی شێعرو چیرۆک و ڕەخنەو دەق و نووسێنە ئەدەبییەکانی جەلال هەر لە تەمەنی لاویەتی یەوە لە دەییەکانی چل و پەنجای هەتاوی یەوە لەزۆربەی گۆڤارو بڵاوکراوە بە هێزو پڕ خوێنەرەکانی ئەو سەردەم چاپ و بڵاو دەکرێەتەوە و جەلالی لاو بەبی ئەوەی بەرهەمێکی چاپکراوی وەکوو کتێبی هەبێ ، بە هۆی بەهێزوپێزی نووسینەکانییەوە دەبێ بە ئەندامی «کانوونی نووسەرانی ئێران» و ئەمە لە کاتێکدا بوو کە زۆربەی شاعیران و نووسەرانی گەورەی ئێران و لەوانە : ئەحمەدی شاملوو ، ئەخەوان سالیس، جەلال ئال ئەحمەد ، هووشەنگ گوڵشیری، مەحموود ئێعتمادزادە و..لەم کانوونەدا بەشدار بوون و لە ڕاستیدا ئەمانە بۆ خوێان لە پێکهێنەرانی کانوون بوون و بەشدارو ئەندام بوون و جەلال لە کۆبوونەوەکانی ئەم کانوونەدا سەیرو سەمەرە دەینواند و لەم سۆنگەوە لەبەر نەبوونی هێچ کتێبێکی چاپکراو ، پێیان دەگووت ، « جەلالی لا کیتاب « واتا جەلالی بی کتێب .
ڕوانگەی سیاسی و بە گشتی نووسین و چالاکییە ئەدەبی و ڕەخنەگرانەکانی جەلال لە ژێر کاریگەری ڕەوتی چەپی زاڵ بەسەر کۆرو کۆمەڵە ڕۆشنبیریەکانی ئەو سەردەم شکڵ دەگرێت و گەشەدەکات .
مامۆستا جەلال لەم سەردەمەو دواتریش ئاشنایەتی و نیزیکایەتی لەگەڵ ئەخەوان سالیس و شاملوو هەبووەو زۆر شتی کە دەینووسی بۆیانی دەناردو وەڵامیان دەدایەوە و گوایە شاملووی مەزن هۆگری و عەلاقەیەکی تایبەتی بەجەلال و کارەکانی هەبووە . هەربۆیە زۆرێک لە شێعرو چیرۆک و بابەتە ئەدەبییەکانی لە دونیای سوخەن و دواتریش گۆڤاری جومعە لە لایەن شاملووەوە چاپ و بڵاودەکرایەوەو ئەگەریش لە ژمارەیەکدا بەرهەمی جەلال نەبوایە ، دەینووسی کە بەداخەوە ئەمجارەو لەبەشی ئەدەبیدا بەرهەمێکمان لە مەلەکشا نێە .
ئەحمەد شاملوو لە دانیشتنێکدا و لە هەڵسەنگاندنی نووسینەکانی مامۆستا جەلالداوەکوو پێداهڵگوتنی لەسەری، لەیەک دوو ڕستەدا دەڵێ : « مەلەکشا شاعیرێکی سادق و ڕاستبێژەو نووسین و شێعرەکانیشی هەر بەوشێوەیە سادقانەیەو هیوام وایە کە ببێت بە شاعیرێکی باش...» .
ئەوەی لە پێوەندی کاک جەلال و مامۆستا شاملوو دا گرینگ بوو ، وەڕگێرانی شێعرو بەرهەم و دەقە کوردییەکان بوو کە مامۆستا جەلال لەو سەردەمەدا هەوڵی بۆ دەدا و دەیکردو هەروەها ورگێڕدراوی بەرهەمی شاعیرانێک وەکوو « مامۆستا شیرکۆ بێکەس ، عبدوڵا پەشێو ، لەتیف هەڵمەت ، جەوهەر کرمان و ... لە گۆڤاری کتێبی جومعەی شاملوودا ، چاپ و بڵاودەکرانەوە .
هەر لەوسەردەمەدا بە هۆی چاڵاکی سیاسی دژ بە ڕژیمی پاشایەتی و بە هۆی نووسین و بەرهەمە ڕەخنەگرانەکانییەوە لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە دەکەویتە ژێر ئەشکەنجەو لێپرسینەوەو زیندان و دواتر و پاش شۆڕشی گەلانی ئێرانیش بە هۆی بیرو باوەری سیاسی و بۆچوونی جیاوازو ڕەخنەگرانەوەبۆ چەندین جار لە لایەن کۆماری پەت وسێدارەشەوە زیندان کراوەو بەشێکی زۆر لە ژیانی لەدەردو ڕەنج و دژواریدا و لەبەر نووکە شەقی چارەنووسدا بووەو وەک خۆی دەڵێ « بەشێک لە شێعرە بەهێزەکانی زادەی کونجی زیندان و کاتی کەلەمچەو گیرانن .
جەلال مەلەکشا هاوکات لە گەڵ ڕاپەرینی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا ، لەعاوی قەڵەمی دەگێرێتەوە بۆ نێو زمانی کوردی و بە پێی ئەزموونی سەرکەوتوانەی لە زمانی فارسیدا ، سەرکەوتنێکی بەرچاوی لە زمانی کوردیشدا دەبێ .
سێ کوچکەی نوێخوازی شێعری کوردی دوای گۆران لە کوردوستانی ڕۆژهەڵات ، سوارەی ئیلخانی، چاوەی شێخ الا ئیسلامی و عەلی حەسەنیانی بوون کە لە دەیەی چلی هەتاویدا ڕچەیان شکاندو ڕێگەیان کردەوەو بە دوای ئەواندا نەوەیەکی نوێ لەشاعیرانی کوردی بێژ لە سەردەمی ڕاپەرینی گەلانی ئێران و ساڵانی دواتردا پێگەیشتن و گەشەیان کردوو ڕەچەیان کرد بە شاڕێ . جەلال مەلەکشا یەک لەوان و بە بڕوای زۆر کەس ، ئەستێرەی پرشەنگداری ناویان بوو.



جەلال لە سەردەمێکی تایبەتیدا ڕسکاو پێگەیشت و وەکوو هەموو هونەرمەندانی ڕاستەقینە ، ڕۆڵەی سەردەمی خۆی و نوێنەری ئاوات و هیواو خەونەکانی سەردەمی خۆی و هەروەها نوێنەری هەڵە و خەسارو خەمەکانی ئەو سەردەمە بووە .
ئەو دەنگێکی زادەو هەڵقوڵاوی ناو ناخی مێژووی ڕاپەرین و شکست ، تێکۆشان و قوربانی ، ستەمکاری و نامرۆڤایەتی داگیرکەرو ژیانە .... کوردو بە تایبەت بارودۆخی فەرهەنگی و سیاسی ئەوسەردەمەیی ئێران و کوردوستان و بە تایبەت شاری سنە بوو.
بانگەوازی شێعری جەلال دەرەنجامی چەشنی ڕاستەو خۆی زوڵم و زۆرداریی و زیندانە تاریکەکانی سەردەمی شای گۆر بەگۆرو کۆماری پەت و سێداریەو بەروون و ئاشکرایی سیما و مۆرکی بێ نیشتمانی بێ ئازادیی و بێ دەوڵەتی کوردیان پێوە دیارە .
کاک جەلال کە لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی بەملاوە بە شێوەی جیدی دەست دەکا بە نووسین بە زمانی کوردی ، پاش دامەزراندنی گۆڤاری سروە لە شاری ورمێ لە لایەن مامۆستا هێمنەوە بانگهێشت دەکرێت و بۆ ماوەی ١٤ ساڵ وەکوو نووسەر و ڕۆژنامەوان دەبێتە ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری سروەو بەر پرسیارەتی بەشەکانی شێعرو چیرۆک و وەڵامی نامەی نووسەانی وەئەستۆ دەبێت و هاوڕێ لە گەڵ ئەحمەدی قازی و مارف ئاغایی ، ڕەحیم لوقمانی ، سوارە ......، ساڵەح سووزەنی و دەیان نووسەری دیکە خزمەتیکی بەرچاو بە زمان و ئەدەب و فەرهەنگی هاوچەرخی کوردی دەکەن . بە بڕوای زۆر کەس گۆڤاری سروە لە کاتی بەشداری جەلال و قازی و ئەو کەسانەی ئاماژەی پێدرا ، لە ئاستێکی بەرزدا کاری دەکردو لە ڕاستیدا ببوو بە هەوێنی خزمەت لە زۆربواردا وخزمەتێکی باش و زۆری بە زمان و ئەدەبی کوردی کرد .
مامۆستا جەلال دوای واز هێنانی لە گۆڤاری سروە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ واز لە چالاکی و کاری ڕۆژنامەوانی دەهینێ و چەند ساڵێکیش ئاوارەی هەرێمی کوردوستان دەبێ وە لەوێ سەرنووسەری گۆڤاری پرشنگ بووە کە پێنج ژمارەی لێ چاپ کراوە و دواتریش بۆماوەی چەند ساڵ لەدامەزراوەی فەرهەنگی و ئەندێشەی ئەحمەدی خانی لە شاری ورمێ چالاک و سەرقالی ڕاهێنان و پەروەردەی نوسەران و ئەدەبیاتی گەنجی کورد بووە و دوای ئەوەش تا دوا ساڵەکانی ژیانی ئەگەرچی واز لە کاری ڕۆژنامەوانی دێنێ ، بەڵام بە بەردەوامی سەرقاڵی ڕاهێنان و پەروەردەی نووسەران و ئەدیبانی گەنج بووە . ئەگەرچی کۆی بەرهەم و دەس نووسەکانی مامۆستا جەلال لەکاتی داگیرکردنی شاری سنە لە لایەن داگیرکەرانی پەت و سێدارەوە ئاگریان تیبەردراو سوتێندران ، بەڵام لەبواری شێعرو چیرۆکی کوردی و فارسیدا خاوەن گەلێک بەرهەمەو هاوکات لەبواری وەرگێرانیشدا دەستێکی باڵای هەبووەو خاوەن گەلێک بەرهەمی وەرگێردراوی گرینگە ، کە بە هۆی بێ دەرەتانی و هاوکات سانسۆری دامودەزگا فەرهەنگیەکانی ئێران ، تەنیا دوو کۆمەڵە شێعرو کۆمەڵە چیرۆکێکی بە شێوەی کتێب لێ چاپ و بڵاوکراونەتەوە .
شێعرەکانی مامۆستا جەلال تا ئێستا بە زمانەکانی فارسی ، عەرەبی ، ئینگلیزی ، لیبیایی ، سۆئیدی و ... وەرگێردراون .
شێعری جەلال مەلەکشا، یەکیک لە شێعرە بەهێزەکانی ئەدەبی هاو چەرخی کوردە . شێعری جەلال ، سادە ، بێ گرێ و گۆڵ ، و هاوکات ڕەسەن و تەژییە لەماناو لێوانلێو لە خەم و بڕک وژان . ژیانی ئەستەم و دژواری خۆی کاریگەرێکی یەکجار مەزنی لەسەر شێعرو نووسینەکانی داناوە.
ئەو مرۆڤە هەست ناسک و بە بیروباوەرو خاوەن هەڵوێستە کە هەتا سەرو هەتا دواهەناسەی لە پێناو ئازادی و یەکسانی مرۆڤ مرۆڤ و بە خەونی سەربەستی نیشتمانەوە ژیا ، زۆر باش توانی بە خۆ دوورگرتن لە دروشم و بە ناسینی جەوهەری شێعر و مێژووی کوردی ، زۆر زۆر لە نێو دلی جەماوەری کوردوستاندا ، جێگای تایبەت بە خۆی پەیدا بکات . بۆیە خۆی و شێعرەکانی بوون بە بشێکی دانەبراو لە کۆمەلگای کوردوستان بە تایبەت خەڵکانی شۆڕشگێرو نیشتماندۆست و لایەنگری ئەدەبی بەرگری و بەهۆی بەردەوام بوونی لە کوردایەتی و ئازادیخوازی سەرەرای ڕەنج و ئازارو ئەشکەنجەو زیندان و ئاوارەیی و مانەوەی لە بەرەی خەڵک و تەرجیح دانی کونجی قەناعەت بە سەر چڵکاوخۆریدا ، بوو بە نموونەیەکی زۆر دەگمەن لەو هونەرمەندانە کە هەموویان بەدەر لە جیاوازی بیروڕاو ، خۆشیان دەویست و ڕێزیان لێدەگرت و بە ئی خۆیان دەزانی و لاواقیعدا جەلال بە شێعرو نووسینەکانی هیندە لەگەڵ ویست و خواستەکانی کۆملْگە تێکەڵ ببوو کە تاک بە تاکی خەڵکی کورد خۆی و ئاواتەکانی لە شێعرەکانی ئەودا وێنا دەکردو هەستی بە سوکنایی ڕۆحی دەکرد و لەم سۆنگەوە ببوو بە موڵکی سەرجەم خەڵکی کوردوستان و ئەوەی جەلالی بەوئاستە لەخۆشەویستی و ناسراوی گەیاند ، خەڵکی بوون و دەردەستی و بە هەڵوێست بوونی ئەو شاعیرە مەزنە بوو کە هەرچەندە خۆی وتەنی کەوتبووە بەر نوکی شەقی چارەنووس . بەڵام هیچ کات قەڵەمی نەبردە قوربانگای دەسەڵات و نان و ئاو !
شێعری جەلال لە لایەک لەرەهەندەکانی ژان و ئازارە ئینسانیەکان و کەم وکوڕی و نایەکسانییە کۆمەڵایەتییەکان دەدوێت و لە لایەکی دیکەشەوە باسکردن لە ڕەوش گوزەرانی تاکەکەسیی خۆی ، ژانە ڕۆحیەکان و زەخت و گوشاری ژیانی لە خۆگرتووە .
بەرهەمەکانی مامۆستا جەلال هاواری سەردەمێکی تەواو سامناک و پڕلە ستەمکارییە ، دەنگێکە کە لە قەیرانی بیروبۆچوونەکان و قاتوو قری ئینسانیەت و کورد بووندا نەعرەتەی خۆی هەڵبڕیوە. هاوکات شێعری جەلال شێعرێکی قووڵ، هەرمان و هەڵگری توخم و موتیڤە ئوستوورەیی و مێژووییەکانە . ڕوانگە فەلسەفییەکانی و شارەزایی لە بواری چەمکە ئەفسانەییەکان ، یەکێک لە تایبەتمەندییە بەهێزەکانی مامۆستا جەلالن کە لە شاعیرانی دیکەی جیا دەکاتەوە.
جەلال مەلەکشا بە کۆمەلێ بەرهەمی شێواز تایبەت و زیندووی بارگاوی بەرەگەزەکانی کوردبوون و بانگی ئازادی و بیرو هزری مرۆڤایەتی ، جوانی نیشتمان و ڕۆحی بەربەرەکانێ و بەگژداچوونەوەو دەسەڵاتی بێگانە، قارەمانێتی ژێر ئەشکەنجەو ژووری تاریکی زیندانەکان ، هەر زوو ناسنامەی تایبەتی و کەسی و شێعری خۆی بەدەستهێناوەو بە پێناسەو ڕێچکەو سەبکی تایبەت بە خۆیەوە چۆتە نێو کایەی ڕۆشنبیریی و سیاسی کوردییەوە. مەلەکشا لەکات و ڕۆژگارێکدا ئەم هونەرو جوانییە تۆمار دەکات کە ژیان دەرەتانی زۆر شتی لێبری بوو وە لە ڕووبەڕووی مەملەکەتێکدا ئەم هەڵوێستەی تۆمار دەکرد کە دەسەڵاتێکی خۆیناوی و ستەمکارو دواکەوتووی داگیرکەر حاکمی زاڵە بەسەریەوە ، ئەم دیاردەو سیفەتەش بۆتە نهینی و ڕازی گەورەیی و سەرکەوتنی ئەم شاعیرەو جوانی و پیرۆزی و نرخی بەرزی بەخشیوە بە جیهانی شێعرو بەرهەمەکانی .
بێ گومان کاریگەری و ڕۆڵی بەرچاوی بەرهەمەکان ڕێبەرو ڕێچکە ئەدەبێ یەکانی مامۆستا مەلەکشا لەسەر ڕەوتی شێعرو ئەدەبی کوردیی و بە تایبەت ئەدەبیی بەرگری لە ڕۆژهەڵاتی کوردوستان دیارو حاشا هەڵنەگرەو تا شێعرو وشەو زمانی کوردی بمێنێ ، جەلال و شێعری جەلالیش دەمینێت و وشە یاخییەکانی بۆهەتا هەتایە لە سەنگەری شاخ و شاری کوردوستاندا ، بۆئازادی و سەربەستی هاوار دەکەن و هیوای دوارۆژی هەژاران و چەوساوەکانەو لە دڵی سەرجەم ئەویندارانی ئازادی و یەکسانیدا خورپەی دێت.

........................

**شێعری جەلال سنورە دەسکردەکانی دەشێواندو ئاواتەخوازە کە کاوەی کوری بە بێ بەریەستی سنوورە دەسکردەکان ، لە سنەوە سەفەرکات بۆ سلێمانی ، قامیشلی و دیاریکرو ... بکاتوو لە زاری دارە پیرەی نیشتمانەوە بە گوێی دەشتی کۆمەڵگاوە هاوار ئەکات « وەرن بە هێلانە شێواوەکەمان بکەینەوە بە نیشتمان، نەبینە پوازی بێگانەو وڵاتە دابەش کراوەکەمان بدۆزینەوە .**

**جەلال بە هۆی تێکۆشان بۆ بەدیهاتنی ئامانجە بەرزە ئینسانیەکان زیاتر لە سێزدەساڵی ژیانی لە زیندانەکانی ئێرانی سەردەمی پاشایەتی و ڕژیمی ئێستادا تێپەرکردوو زۆربەی شێعرە شۆرشگێرەکانی بەرهەمی زیندانن و ئەگەرچی شێوەیەک لە نهێلیسم لە سەرەتای شێعرەکانیدا بەرچاو ئەکەوێت و سەرەرای دەردو چەرمەسەرێکی زۆر بەڵام جەلال کەرامەت و خۆراگری و سەربەستی و پێداگری خۆی دەپارێزێت و هیچ کات لە ئاست ڕۆژ مەرگی و سوننەتەکاندا سەر نەوی ناکات و ئامانج و ئاواتەکانی ناکات بەقوربانی نان و ئاو . جەلال مەلەکشا کە لە هەر بارودۆخ و هەلومەرجێکدا و تا دوا هەناسە وەک ڕۆڵەی بە ئەمەگ و تێکۆشەرو وەفاداری نیشتمان ، لەگەڵ خەڵکەکەی مایەوەو لە پێناو سەربەرزی و زمان و شکۆی شێعردا چەرمەسەری و ئازاری زۆری دیت ، بەلام لە هیچکاتدا ڕەنج بەخەسار نەبوو.**

# پیرۆزن ئەو رۆژانەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیان تا لێواری مەرگ برد...!

عـزیز ئاجیکەند



ئەم رۆژانە لە سەروبەندی ئاخێزی کۆمەڵانی وەگیان هاتووی ئێران لە مانگی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٩٨ی هەتاوی داین . رۆژانێک کە خەباتی بێبەشانی شار و لاوانی بێکار و پەراوێزخراوی لە شارە گەورە و چکۆلەکانی ئێرانی وە جموو جۆڵ خستوو گلۆڵەی دەسەڵاتی نەحسی کۆماری ئیسلامی خستە لێژی و تا لێواری مەرگ پاڵی پێوەنا و هاوسەنگی هێزی لە گۆرپانی سیاسی کۆمەڵگای ئێران گۆری و بەستێنێکی گونجاوی بۆگەشەی خەباتی بەشمەینەتان بە پانتایی هەموو ئێران خولّقاند .

رۆژی هەینی ٢٤ی مانگی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٩٨ی هەتاوی ، ئەو رۆژە پرشنگدارە لە خەباتی کۆمەلانی رەنجدیتوی ئێران بوو کە بەرزبوونەوەی سێ بەرابەری نرخی بێنزین وەک چەخماخەیەک ئاگری نارەزایەتی و تووڕەیی پەنگ خواردووی خەڵکی لە تەواوی ئێراندا گەشاندەوە و بەرەو خەباتێکی یەگرتوانە بەدژی دڵرەشەکانی تاران ، پاڵپێوەنا . لە ماوەی ٤٢ ساڵی رابردودا ئێمە گەلێک شاهیدی رودواوی لە چەشنی مانگی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٩٨ی هەتاوین ، بەڵام روداوەکانی مانگی خەزەڵوەر ، خەباتی رەوای کۆمەڵانی بێبەشی ئێرانی خستە قۆناغێکی تایبەت و دیاریکراو . روداوەکانی مانگی خەزەڵوەر رووداوگەلێکی لەناکاو نەبوون، بەڵکوو لەڕاستیدا، درێژەی خۆڕسکی ئاخێزی مانگی بەفرانباری ساڵی ١٣٩٦ی هەتاویدا بوون .

مانگی خەزەڵوەر کە دەکرێ بە مانگی شۆرشی خەڵکی برسی لە ئێران ناوزەد بکرێ ، هاوسەنگی هێز بە قازانچی بەرەی شۆرش لە ناو دلی شەقامەکانی ئێراندا گۆری و کۆمەلێک دەرس و ئەزموونی بە نرخی لە گەڵ خۆی هێنا کە زۆرمان وەبیر شۆرشی کۆمەڵانی وەگیان هاتووی گەلانی ئێران، لە رێبەندانی ساڵی ١٣٥٧ دەخاتەوە .

ئەوەی راستی بێ خاڵی بەهێزی ئەم ئاخێزە ، گەشانەوەی بزوتنەوەیەکی سیاسی بەرین بە پانتایی هەموو ئێران بوو کە لە کورت ماوەدا توانی بێبەشانی شارو لاوانی بێکارو لەبیرکراو ، لە ناخی خۆێدا سازمان بدات و دەنگی پەنگ خواردوی ئەوان بکاتە دروشمی شۆرشگێرانەی بزوتنەوەکەی و جەستەی دەسەلات بکاتە ئامانج. لە لایەکی تریشەوە کەش و هەوای زاڵ بەسەر کۆمەڵگای ئێران ، چ لە ناوبەرەی خەڵک و چ لە ناو بەرەی کۆماری ئیسلامی دەرخەری ئەو ڕاستییە بوو کە بۆ جارێکی دیکە کۆمەڵگا پاش ئاخێزی مانگی بەفرانباری ٩٦ خرۆشاوەتەوە و لە وەستان نەکەوتوە .

روداوەکانی مانگی بەفرانباری ساڵی ١٣٩٦ هەروەک بۆ هەموان رون و ئاشکرا بوو ، بە توندترین شێوە سەرکوت کرا . بەڵام ئەو سەرکوت کردنە نەیتوانی خەباتی کۆمەڵانی خەڵک دامرکینێتەوەو لە ناوی بەرێ . ئاگری بلێسەی خەباتی جەماوەری لە کۆمالگای ئێراندا ، هەر سات و کاتێک دەتوانێ لەرزە بخاتە جەستەی کاربەدەستانی دلّرەشی کۆماری ئیسلامی . ئەو خەبات و ئاخێزانە ریشەی لەناو دلّی جەماوەری وەگیان هاتوودا داکوتاوە لە گەڵ روداوێکدا گەشە دەکا . خەڵکی ئێران لەماوەی دەسلاتی کۆماری ئیسلامیدا بۆیان دەرکەوتوە کە ڕژیم بە بیانووی جۆراوجۆر هێرش دەباتە سەر سفرەکانیان .خەڵک بە ڕوونی بویان دەرکەوتوە کە هەر کات ڕژیم دەکەوێتەوە قەیرانەوە، هێرش بردنەسەر سفرەی خالّی خەڵک، دەخاتە ناو دەستووری کاری خۆیەوە .هەر بۆیە خەڵک ئەمرۆ بەئەزموونن و باش ئەم ڕژیمەیان ناسیوە .

* ریزبەستنە جەماوەرییەکان و گۆرینی هاوسەنگی هێز

ئاخێزی جەماوەری لە مانگی خەزەلوەردا بەبێ گوێدان بە هەرەشەکان و کوشت کوشتاری جەنایەتکارانەی ڕژیم ، روژ لەگەڵ رۆژ گەشەی کردوو شەقامی ١٠٠ شاری گەورەی ئێرانی لە ئامێز گرت . جەماوەری ناڕازی بە وتنەوەی درووشمی سیاسی وەک « مەرگ و نەمان بۆ دیکتاتۆر، نان کار ئازادی، ئیتحاد ئیتحاد، هەمووومان پێکەوەین»، بە ئیبتکاری عەمەل و شێوەی جۆراوجۆر، لە ڕاگرتنی ماشێنەکان لە سەر شەقام و بەستنی ڕێگاکانەوە بگرە تا دابین کردنی ئیمکانات و داخستنی ناوەندەکانی کار و مانگرتن، درێژەیان بە خەباتی خۆیاندا. بەردەوام هەواڵی تازە سەبارەت بە پەیوەست بوونی توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵک لەوانە خوێندکاران و بازاریەکان بە ناڕەزایەتیەکان لەهەموو گۆشەوکەناری ئێرانەوە بە گوی دەگەیشت.

لە بەرامبەریشدا کاربەدەستانی ورد و درشتی ڕژیم لە خامنەییەوە بگرە تا ڕووحانی و نوێنەرانی مەجلیسی ڕژیم لە بەرامبەر ناڕەزایەتیەکانی خەڵکدا بێدەنگ نەبوون و هەڵوێستی دوژمنانەیان دەگرتەبەر.خامنەیی وەک دیکتاتۆرێکی لەبەرچاوکەوتوو و هەر وەک جاران هەزاران کەس لە جەماوەری خەڵکی ناڕازی ئێرانی بە شەڕەنگێز و کینەیی و کەسانی نالەبار پێناسە کرد و فەرمانی بە کاربەدەستانی نیزامدا تا بۆ پاراستنی ئەمنیەت، ئەرکی خۆیان واتە سەرکوت ئەنجام دەن. دوای ئەم قسانە مەئموورانی گوێ لە مستی خامنەیی بە شێوەیەکی وەحشیانەتر هێرشیان کردە سەر خۆپیشاندانەکانی خەڵک و بە سەدان کەسیان کوشت و بریندار کرد و زیاتر لە هەزار کەسیشیان دەستبەسەر کرد. خامنەیی و باقی مۆرە ئەمنیەتیەکانی ڕژیم، بزووتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری خەڵک دژبە هەژاری و بێکاری، بە هۆکار و دەست و پێوەندەکانی دەوڵەتانی بێگانە ناوزەند کرد. بەدوای وتەکانی خامنەیی، باقی کاربەدەستانی ڕژیم لە ئاخوندەکانەوە بگرە تا مۆرەکانی مەجلیس کە لەو ماوەیەدا بە ڕواڵەت هەڵوێستێکی میانەڕەویان گرتبوو، یان داماوانە بێدەنگیان گرتە بەر و یان هاتنە سەر نەزەری خامنەیی و ملکەچی فەرمانی ئەو بوون.

بەمجۆرەو لە درێژەدا شارە جۆراوجۆرەکانی ئێران بوون بە مەیدانی کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی لەدژی ڕژیم. لە شارەکانی ئەهواز، ماهشەهر، بێهبەهان، ئۆمیدیە، ئیسفەهان، گەچساران، سیرجان، مەشهەد، تاران، قۆم، شیراز، خۆرەمشار، مەرەند، زاهدان، بابۆل، برۆجێن،ئەراک، نەجەف ئاباد، کەرەج، بیرجەند، تەورێز، شەهریار، شووش، کرماشان، کامیاران، سنە، سەقز، مەریوان، ورمێ و سەرپۆلی زەهاب و دەیان شاری تر خەڵک دەستیان دایە خۆپیشاندان و بە وتنەوەی درووشم لە دژی ئەم بڕیارەی دەوڵەت ناڕەزایەتیان دەربڕی. حەسەن ڕووحانی لە دیفاع لە سیاسەتی بەرزکردنەوەی نرخی بێنزین ڕیاکارانە وتی کە ئەم بڕیارە بە قازانجی توێژە لاوازەکانی کۆمەڵگایە . ئەم هەلوێستەی روحانی بلێسەی تووڕەیی و نەفرەتی خەڵکی لە هەموو شارەکان گەشاندەوە و ترس و دڵەڕاوکێی خستە جەستەی ڕژیم و دەسەڵاتەکەی و یەکریزی و هاودەنگی رۆڵەکانی خەڵکی بەهێزتر کرد

. *جینایەتی کاربەدەستانی ڕژیم لە مانگی خەزەڵوەردا ...

ئەمرۆ پتر لە یەکساڵ لە کوشتاری خوێناویی خەڵک لە لایەن کۆماری ئیسلامی لە جەرەیانی ئاخێزی مانگی خەزەڵوەردا تێپەڕ دەبێ. سەرانی کۆماری ئیسلامی بە پاس دانی بەرپرسایەتیی ڕاگەیاندنی ئاماری قوربانیان لە دەوڵەتەوە بۆ دەزگای قەزایی و بە پێچەوانەکەی، هەتا ئێستا ڕاپۆرتێکی واقعییان سەبارەت بە ژمارەی گیانبەختکردووانی ئەم کوشتارە ڕانەگەیاندووە.

لەو ماوەیەدا کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی، جار جارەیەک، بە ئامانجی سێناریۆ، ئاماری درۆیان بڵاوکردووەتەوە. بەڵام، هەرگیز نەیانتوانیوە بیروڕای گشتی ناوخۆ و دەرەوەی ئێران لە ڕاستیەکانی ئەم جەنایەتە بەلاڕێدا بەرن و خەڵک لە خواستی ڕاگەیاندنی ئاماری واقعی و قەبووڵ کردنی بەرپرسایەتیی ئەم جەنایەتە، پەشیمان بکەنەوە.

ڕێکخراوی لێبۆردنی نێونەتەوەیی لە دوایین ڕاپۆرتی خۆیدا لە ٣١ی گوڵانی ئەمساڵ ڕایگەیاند کە توانیویەتی لە ڕێگەی پەیوەندی گرتن لەگەڵ هێندێک لە بنەماڵە و نزیکانی گیانبەختکردووانی ئاخێزی مانگی خەزەڵوەر، شوناسی ٣٢٤ کەس لە قوربانیان بەدەست بێنێت و ڕایگەیاند کە لە ناویاندا ٢٣ منداڵ و تازەلاویشی تێدایە. ئەم ڕێکخراوە، لە بارووذۆخێکدا ئەم ئامارەی بەدەست هێناوە کە کۆماری ئیسلامی نە تەنیا لە هیچ لێکۆڵینەوەیەکدا لەگەڵ ناوەندە نێونەتەوەییەکان هاوکاری ناکات، بەڵکوو بنەماڵەی گیانبەخت کردووانیشی بە توندی خستووەتە ژێر گوشارەوە و هەڕەشەیان لێدەکات کە لەگەڵ کەس پەیوەندی نەگرن. لێبۆردنی نێونەتەوەیی ڕایگەیاندبوو کە خامنەیی بە ئاژاوەگێر ناولێنانی خۆپیشاندەران، چرای سەوزی بۆ سەرکوتی خوێناویی خەڵک بە هێزە ئەمنیەکان نیشان دا. هەڵبەت سەرچاوەکانی دیکەش لەوانە هەواڵنێریی ڕوویتێرز ژمارەی گیانبەختکردووانی ئەم کوشتارەی ڕژیمیان، هەزار و ٥٠٠ کەس ڕاگەیاندبوو. بەڵام ئاماری چوار هەزار و ٨٠٠ گیان بەخت کردوو و پتر لە ١٠ تا ١٥ هەزار برینداریش لە لایەن سەرچاوەکانی دیکەوە بڵاوکرایەوە. هەر بە پێی ڕاپۆرتەکان، لەم ئاخێزە سەرتاسەریەدا، پتر لە ٨ هەزار و ٦٠٠ کەسیش لە لایەن هێزە ئەمنیەکانەوە دەستبەسەر و زیندانی کران و خراونەتە بەر ئەشکەنجە و ئازار و ئەزیەت. هەمووی ئەوانە، پانتایی خۆفناکی ئەم جەنایەتە دژە مرۆییەمان پێ نیشان دەدات.

بەشێک لەو گیانبەختکردوانە ( ٤٣ ) کەس لە ژنانی ئازار چێشتوو لایەنگری ئازادی و مافەکانی مرۆڤن کە بەدەستی پیاو کووژانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی زۆر درندانە خەڵتانی خوێن دەکرێن و پاشانیش تەرمی زۆربەی ئەو گیانبەخت کردوانە ڕادەستی بنەماڵەیان ناکرێتەوە و بە نهێنی و دور لە چاوی خەڵکەوە دەنێژرێن.ئەو ژن و کچانەی کە ئاوا لە لایەن پیاوکووژانی کۆماری ئیسلامیەوە بێبەزەیانە خەڵتانی خوێن و پاشان دەکوژرێن و دواتر لە لایەن گوێ لەمستانی دەسەڵاتەکەی روحانی بە ئاژاوە گێر ناو دەبرێن بریتین لە:

زەهرا خانی قوبادلوو خەڵکی شاری تەورێز ، ئامینە شەهبازی فەرد خەڵکی کەرەج ، ئازەر میرزاپوور زەهایی خەڵکی کەرەج ، بیتا خودادادی خەڵکی کەرەج ، مەهناز مێهدیزادە خەڵکی کەرەج ، نیکنا خەزایی خەللی کەرەج – مێهشەر ، شەهلا رەزایی پوور خەڵکی کەرەج ، عیسمەت حێدەری خەڵکی کرماشان ، ویدا شەکیبایی موقەدەم خەڵکی کرماشان ، وێنا هوشەنگی خەڵکی کرماشان ، کچێکی منداڵ بە ناوی چنعانی خەڵکی ماهشەر ، فاتمە حەق وەردی خەڵکی ئەهواز ، فەریبا ئال خەمیز خەڵکی ئەهواز ، فەریحە کەریم زادە خەڵکی ئەهواز ، حەلیمە سەمیری خەڵکی ئابادان ، حۆسنیە عەسیقی خەڵکی ماهشەر ، حۆسنا بامیری خەڵکی ماهشەر ، کەوسەر بەغلانی خەڵکی ئەهواز ، مەریەم عیسماعیلی خەڵکی ئەهواز ، مەریەم عیدانی خەڵکی ئەهواز ، ،مەعسومە داراب پوور خەڵکی ئەهواز ، مەحدەسە موقەدەم خەڵکی ئەهواز ، نەسرین بەخلانی خەڵکی ئەهواز ، ریحانە مەلەکی خەڵکی ئەهواز ، سۆهیلا فەلاحزادە خەڵکی ئەهواز ، ، شەهلا بالێدی خەڵکی ئەهواز ، شەبنەم دیانی خەڵکی بێهبەهان ، وەلید خەڵکی ماهشەر ، زەهرا ساجیدی خەڵکی ئابادان ، زێنەب عەساکەرە خەڵکی ئابادان ، زێنەب نیسان پوور خەڵکی ئەهواز ، ، زیبا خۆش گوار خەڵکی سنە ، ئازادە زەربی خەڵکی شەهریار ، فاتمە حەبیبی خەڵکی بەهارستان ، گوڵنار سەمسامی خەڵکی شەهریار ، مەریەم نووری خەڵکی روبات کەریم ، مەرزیە عەباسزادە خەڵکی روبات کەریم ، مینا شیخی خەڵکی تاران ، نیکتا ئیسفەندانی خەڵکی تاران ، پەروانە سەیفی خەڵکی روبات کەریم ، سمانە زولقەدر خەڵکی تاران ، سپیدە حەسەنی خەڵکی تاران .

ئاخێزی مانگی خەزەڵوەر بە درووشمەکانی وەک مەرگ و نەمان بۆ کۆماری ئیسلامی، مەرگ بۆ خامنەیی، لەسەر زەروورەتی ڕووخاندنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی پێداگریی کرد. ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی لە کۆتایی تەمەنی نزیکتر بووەتەوە. بێ گومان بۆ گەیشتن بەم زەرووڕەتە، کرێکاران و جەماوەری خەڵکی زەحمەتکێش پێویستیان بە پێداویستییەکانی ڕووخاندن هەیە کە ئەوەش لەڕاستیدا شتێک نییە بێجگە لە پێکهێنانی ڕێکخراوە و ڕێکخستنی چینایەتی و هەوڵدان بۆ دابین کردنی ڕێبەرێکی پێویست کە بتوانێ ڕێچکەی خەباتەکە بەرەو سەرکەوتنی یەکجاری بەرێ ...

روداوەکانی تا بەئێستا نیشانیان داوە کە ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی بەرهەمی یەک نەبەرد نییە، بەڵکوو لە سەرکەوتنێکەوە بۆ سەرکەوتنێکی دیکە ڕۆیشتن، پتەو کردنی دەستکەوتەکانی هەر نەبەردێک و سەرەنجام گەیشتن بە سەرکەوتنی نیهاییە. کۆماری ئیسلامی پێویستە لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی موقاومەت و خەباتدا ناچار بە پاشەکشە بکرێت و بە نەبەردی پەیتا پەیتا، لە بەرە جۆراوجۆرەکاندا، بە تاکتیکی جۆراوجۆرەوە، هێزەکانی ماندوو و سواو بکرێت و سەرەنجام ئەم ڕژیمە بەچۆک دابێت. ئەو ئاخێزە جەماوەریانەی کە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا شایەدیان بووین، گەلێک دەستکەوتی گەورەیان لەبوار گۆڕینی هاوسەنگیی هێز بە قازانجی بەرەی شۆڕش لەپێناو ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی خۆڵقاندووە. ئەم ئاخێزانە کەش و هەوای کۆمەڵگایان سیاسیتر کردووە و دەسەڵاتی ئیسلامییان بردووەتە ژێر پرسیار. لێرەدا پێویستە یادێک بکەین لە تەواوی گیانبەخت کردوانی ئەم روداوانە و ئەوئاخێزانە

دڵنیان ئەو رۆژەدێت کە هەموومان یەکگرتوانە لەسەر گۆری دوژمنانی ئازادی و یەکسانی سرودی رزگاری بڵێینەوە و تاجەگوولێنەی خۆشەویستی بنێنە سەر گلکۆی ئەو ئازیزانەی کە لە پێناوی ژیانێکی ئازاد دا گیانیان بەخت کرد ..

Dwaroj@komala.com

سەرنووسەر:
ڕەزا کەعبی
بەڕێوەبەری نووسین و دیزاین:
هێمن بایەزیدپوور
ئێدیت و پێداچوونەوە:
محەممەد فەرهادزادە

بۆ خوێندنەوەی دواڕۆژ لەسەر تۆڕی ئینتێرنێت
سەردانی www.komala.com بکەن
پەیوەندی dwaroj@komala.com

# یادێک لە ٢٥نۆڤامبێر

## ڕۆژی بەرەنگاربوونەوە دژی توندووتیژی بۆ سەر ژنان

٢٥ی نوامبری هەموو ساڵێ ر ۆ ژ یجیهانی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان ناسراوە. لە راستیدا ئەو رۆژە پێش ئەوەیکە لە لایەن رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە وەکوو رۆژی جیهانی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان بناسرێ، لە زۆربەی وڵاتانی ئامریکای لاتین رێز لەو رۆژە گیراوە. رەنگە لای زۆربەمان ئەوە پرسیار بێ کە بۆ ٢٥ی نوامبر وەک رۆژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان دیاری کراوە لە حاڵێکدا هەر رۆژە و لە هەر گۆشەیەکی جیهان ئێمە شاهدی جۆرەها توندوتیژین کە دژ بە ژنان دەکرێ. هەڵبژاردنی ئەو رۆژە، لە سەرەتادا لە لایەن «یەکەمین کۆبوونەوە کە لە لایەن ژنانی ئامریکای لاتین و کارابین» (لە ١٨ تا ٢١ی جوولای ١٩٨١) لە وڵاتی کۆلۆمبیا پێک هاتبوو، هاتە بەر باس. بەشدارانی ئەو کۆبوونەوەیە هەموو جۆرە کردەوەیەکی دژ بە ژن وەک لێدان و ئازاری جەستەیی و دیسکۆرسی و دەستدرێژی سێکسی، ئازار و ئەشکەنجە لە زیندان و...یان مەحکووم کرد و رۆژی ٢٥ی نوامبریان وەک «میرابال» (پاتریا، مینروا، ماریا) دیاری کرد و رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش لە ساڵی ١٩٩٩دا ئەو رۆژە (ساڵیادی کۆچی ئەو سێ خووشکە)ی وەک رۆژی «بەرەنگاری توندوتیژی دژ بە ژنان» راگەیاند.

### کورتەباسێک لە خووشکانی «میرابال»

خووشکانی میرابال دژ بە دیکتاتۆری وڵاتی خۆیان «ترۆهیلۆ» بوون، بە جۆرێک کە دیکتاتۆری ئەو وڵاتە (دۆمینیکێن) پێش لە کووشتنی ئەو خووشکانە رایگەیاندبوو کە بۆ راگرتنی دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەکەی دوو کێشەی سەرەکی لە بەر دەمی دایە کە یەکێک لەو کێشانە خووشکانی میرابال بوون، هەر بۆیە بڕیاری کوشتنی ئەو سێ خووشکەی دەرکرد. لە رۆژی ٢٥ی نوامبری ١٩٦٠ لە کاتێک دا کە خووشکانی میرابال بۆ سەردانی هاوسەرەکانیان کە لە زیندانی دیکتاتۆر ترۆهیلۆدا بوون، دەچوون، لە رێگای زیندان گیانیان لێ ئەستێندرا. بە باوەڕی ترۆهیلۆ بە کوشتنی ئەو خووشکانە یەکێک لە کێشەکانی بەر دەمی






دیکتاتۆرە دەربڕین دەسەڵاتداریتی

بووە هۆکارێک بۆ ئەوەی خەڵک رق و بێزاری خۆیان لەو حکوومەتە

ترۆهیلۆ ساڵێک دوای ئەو رووداوە (کوشتنی خووشکانی میرابال) کۆتایی پێ بێ.
خووشکانی میرابال کە نێوی «پەپوولەکانی لە بیرنرکراو»یان لە سەر داندرا، لە پاش مەرگیان بوونە رەمزی خەبات بۆ نەهێشتنی توندوتیژی دژ بە ژنان، و ژنانی دۆمینیکن رۆژی مردنی ئەو خووشکانەیان رۆژی خەبات بۆ نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان دیاری کرد. توندوتیژی دژی ژنان ئیستلاحێکی تایبەتە کە بۆ

باسێکی گشتی لە هەر کردەوەیەک کە توندوتیژی بە دواوە بێ بە

کار دەهێندرێ، وەکوو (Hate crime)، ئەو جۆرە لە توندوتیژی بە دژی دەستە یان گرووپێکی تایبەت لە خەڵک بە کار دەهێندرێ. رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان هەر کردەوەیەک کە ببێتە هۆی ئازاری جەستەیی و سایکۆلۆژی وەک توندوتیژی دژی ژنان پێناسە دەکا.
رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لە ساڵی ١٩٩٩ی زایینی رۆژی ٢٥ی نوامبری وەکوو رۆژی جیهانی (نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان) دیاری کرد و داوای لە دەوڵەتان و NGOکان کرد تا لەو رۆژەدا بە پێکهێنانی کۆڕ و کۆبوونەوە و بەرنامەگەلی تایبەت بەو باسە ئاستی زانیاری ژنان لەو پێوەندییەدا بەرنە سەرێ و بۆ خەبات دژی دیاردەی توندوتیژی هانیان بدەن. توندوتیژی دژی ژنان یەکێک لە سەرەکیترین کێشەکانە کە کۆمەڵگە بەرەو وێرانی دەبا و یەکێک لە گەورەترین مەسەلەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ دێتە ئەژمار.






ڕێزگرتنێک لە یادی خووشکانی

لە نێو دەچن بەڵام هەر ئەو کارە

---

## دواستوون

### هەڵبژاردن چارەسەر نییە!

**بێهنام فەتحی**

سەرەڕای ئەوەیکە هەڵبژاردنەکانی ئامریکا بەشێکی بەرچاوی هەواڵ و لێکدانەوەی میدیا و تۆرە کۆمەڵایەتییەکانی گرتە خۆی، تەوژمی کاریگەرییەکانی ئەم ڕووداوە، ڕاگەیاندنەکانی ڕژیمی سەرکوتگەری ئێرانیشی گرتەوە.
بەرپرسان و کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە تریبوونی ڕاگەیاندنە چەقبەستووە گوێ لەمستەکانیانەوە، هەوڵیان دا وا بنوێنن کە ئەم ڕووداوەو هاتنەسەرکاری سەرۆک کۆماری نوێی ئامریکایان بۆ گرینگ نیە.
بەڵام لە لایەکترەوە بە ئاشکرا سیگناڵی دانیشتن و گفتگۆیان بۆ لایەنی ئامریکایی دەهەنارد!

بەلەبەرچاوگرتنی پێچەڵپێچبوونی پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری لە ئامریکا، غافڵ لەوەیکە سیاسەتی گشتی ئەو وڵاتە، بەتایبەت لە هەمبەر وڵاتانی دژبەری لە جیهاندا نەک لە لایەن تاکێک یان بەتەنیا دەوڵەتەوە، بەڵکو لە ژوورەکانی بیرکردنەوەی ستراتێژیک و لەژێر کاریگەریی لۆبییە بەهێزەکان بە سەر کۆشکی سپی دا دیاری دەکرێت، ڕژیمی ئێران پێیوایە بەسەرکەوتنی باڵە دڵخوازەکەی لە هەڵبژاردنەکانی ئامریکادا، دەتوانێت لەوەبەدوا هەناسەیەک بە ئارامی هەڵمژێت!

جیا لەوەش ئەگەرچی شەڕ درێژەی سیاسەتەو زۆربەی ئاڵوگۆڕە سیاسیەکانی جیهان لە ئاکامی شەڕدا ڕوویان دابێت؛ ئەگەرچی وەهم و دڵەڕاوکێی هێرشی دەرەکی سەرتاپای ئەو ڕژیمەی داگرتبێتو بیر لە ساتوسەوداو فرت و فێڵ بکاتەوە، لەڕاستیدا ناکۆکییە ناوەکیەکان و ناڕەزایەتی و تووڕەیی جەماوەری وەزاڵەهاتووی گیرۆدەی ئەو دەسەڵاتە نگریسە، یەخەی پێدەگرێت و تەنگی پێ هەڵدەچنێ.

هەر لەم ڕۆژانەی ئێستامان، ساڵێک بەسەر لە خوێندا گەوزاندنی سەدان کەس و بریندارو بێسەروشوێنکردنی هەزاران کەس لە جەماوەری ناڕازیی "ئابانی ٩٨" تێدەپەڕێ.

جەنایەتەکانی حکومەتی کۆنەپەرەستی ئێران بەسەر گەلانی ئەو وڵاتە کە بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی بەرانبەر بە گرانی و برسیەتی و نالەباربوونی ژیانیان ڕژابوونە سەر شەقام، گەیشتە باڵاترین ئاستی خۆی و ئەو ڕژیمە دەستی لە هیچ چەشنە دڕندایەتیەک بەرانبەر بە خەڵکی بێ تاوان نەپاراست.

یادکردنەوەی قوربانیانی ئەو خرۆشە جەماوەرییەو بەنەفرەتکردنی سەرکوتگەری و جەنایەتەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی، پێویست و بەجێگەیە.
لە هەمانکاتدا خرۆشی ساڵی ڕابردووی جەماوەری خەڵک لە شەقامەکانی ئێران، وەبیرهێنەرەوەی وشیاری و ئازایەتی و لەخۆبوردوویی خەڵکی ناڕازی لە خۆپیشاندانەکاندایەو گرینگ و جێگەی ئاماژەیە.
بەرەی خەڵک و گەلانی ئازادیخواز بەوپەڕی وشیارییەوە، بەگشتی بنەماکانی دەسەڵاتی سیاسی لە ئێرانیان خستوەتە ژێر پێ و لە سەرجەم پێکهاتەی دەسەڵات–بە هەموو باڵەکانیەوە– بێزارن.

لە بیرمان نەچێت کە چەند مانگێکی دیکە، دەوڵەتی بەناو ڕیفۆرمخوازەکانی کۆماری ئیسلامی کاتیان بەسەردەچێت و پێدەچێ دەسەڵات یەکدەست ببێتەوە.
لەلایەکیشەوە ئەم دەورەیە، مەجلیسی کۆماری ئیسلامی تەژی بووە لە بنئاژۆخوازەکان...

خەڵک خەباتێکی گەورەی لە بەردەمدایە.
با لە بەرەی خەڵکدا بمێنینەوە.